گۆڤاری

ئەیووبـــA وB ـــی

- پاراستنی ژیان و بەردەوام بوون لە سەر خودا پەرستی لە سورەتی فاتیحە دا.
- یوسف (علیه السلام) و چاکسازی ئابووری و سیاسی لە میسر.
- عمر(رضي الله عنه) هۆکارەکانی سەرکەوتن لە کاری بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا.
- پێغەمبەرمان (صلی الله علیه وسلم) هەڵبژاردنی کەسی شیاو بۆ کاری شیاو.
- لەگەڵ صدام حسین و دووبارە نووسینەوەی مێژوو.
- گەندەڵی بە ناوی ئاین، لە ژێر درۆشمی نوێخوازیدا.
- بیری خەوارج و بە داعش بوونی گە نجان.

شەوال ١٤٣٧ ژمارە (٢) هاوینی ٢٠١٦

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

گۆڤاری

ئەیووب A و B ی

ژمارە (٢)

شەوال١٤٣٧ هاوینی ٢٠١٦

گۆڤاری

ئەیووب A و B ی

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری ئایینی وەرزی یە بۆ ئاشناکردنی مرۆڤ لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام

خاوەن ئیمتیاز

شێروان صادق علی

سەرنووسەر

سامی مصطفی حسن

دەستەی بەڕێوەبردن و دەرهێنان

بێوار فهمی شکری

ئیسماعیل کریم قادر

هێژا صباح حسن

ناونیشان:

هەولێر/ بەختیاری

هەولێر/ بەحرکە

موبایل

٠٧٥٠٣٠٣٠٢٠٢

https://www.facebook.com/ayobipage

Gmail: ayobigovar@gmail.com

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَخُونُواْ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ وَتَخُونُوٓاْ

أَمَـٰنَـٰتِكُمۡ وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ﴾

الأنفال: ٢٧

خطبة الحاجة:

إن الحمد لله، نحمده، ونستعينه، و نستغفره، و نعوذ بالله من شرور أنفسنا، و من سيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضل له، ومن يضلل فلا هادي له، و أشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، و أشهد أن محمداً عبده و رسوله.

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ﴾[1].

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٍ وَٰحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَآءً ۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِى تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبًا ﴾[2].

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلًا سَدِيدًا ۝٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَـٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡ ۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ﴾[3].

أما بعد:

فإن خير الحديث كتاب الله، و خير الهدي هدي محمد صلى الله عليه وسلم، و شر الأمور محدثاتها، و كل محدثةٍ بدعة، و كل بدعةٍ ضلالة، و كل ضلالةٍ في النار.

---

(١) (آل عمران: ١٠٢).

(٢) (النساء:٢).

(٣) (الأحزاب: ٧٠ ـ ٧١).

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردسان

تۆماری یاسایی

ژمارە	ڕێکەوت
825	25/5/2016

بەپێی بڕگەکانی (1، 2، 3، 4، 5، 6) لە ماددەی (3)ی یاسای رۆژنامەگەریی لەکوردستان ژمارە (35)ی ساڵی 2007 کە لە 2008/9/22 بڕیاری لەسەر درا، پاش ئەوەی کە دەرکەوت گۆڤاری (ئەیووبی) وەرزییەو خاوەن ئیمتیازی (شێروان صادق علی) و سەرنووسەرەکەی (سامی مصطفی حسن)، مەرجە یاساییەکانی تێدا بەدیهاتووە، لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارە متمانەی (825) تۆمارکرا.

ئازاد حەمەدەمین

نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان

پێرست

نزای دەست پێك ١٢

دەست پێك ١٣

سەر وتار..... ١٤

چەند وێستگەیەکی هزراندن لە سەر لا پەڕەی یەکەمی قورئانی پیرۆز..... ١٦

پاراستنی پێنج زەروریاتی ژیان، بە ڕەچاوکردنی ناو و سیفەتەکانی خودا، لە دوو ئایەتی یەکەمی فاتیحەدا. ١٧

یەکەم و دووەم : پاراستنی (ئایین و عەقل)، بە پەنابردن بۆ خودا بە ناوی (اللّٰه ـ پەرستراو ـ) ـ التعوذ باسم اللّٰه ـ ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ﴾ ١٨

سێیەم و چوارەم : پاراستنی (سەر و ماڵ)، بە پەنابردن بۆ خودا بەناوی: (الرب ـ پەروەردگار ـ) ـ التعوذ باسم الرب ـ ﴿رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ ٢٢

پێنجەم: پاراستنی (شەرەف)، بە پەنابردن بۆ خودا بەناوی: (الرحمن) ـ التعوذ باسم الرحمن ـ ﴿ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ ٢٤

ماناکانی بەردەوام بوون لە سەر بەندایەتی بۆ خودا لە فاتیحەدا ٢٦

یەکەم: ڕەهای ماناکانی (الحمد) لە فاتیحەدا، ئاماژەن بۆ بەردەوام بوون لەسەر بەندایەتی بۆ خودا. ٢٦

دووەم : فراوانی ماناکانی فاتیحە بۆ گشت ڕووەکانی ژیان، ئاماژەن بۆ بەردەوامبوون لە سەر بەندایەتی خودا لە گشت ڕووەکانی ژیان.....٢٨

سێیەم : دووبارەبوونەوەی ماناکانی بەندایەتی بۆ خودا لە فاتیحەدا ئاماژەن بۆ بەردەوام بوون لەسەر ئەم بەندایەتییە(الإستقامە).....٣٢

چوارەم : بنەماکانی خاوێنکردنەوەی دڵ و دەروون لە فاتیحەدا، هێزی بەردوامبوونن لەسەر بەندایەتی. ٣٦

پێنجەم : دووبارەبونەووەی فاتیحە ڕۆژانە حەڤدەجار لە نوێژە فەرزەکاندا، گەورەترین هێزی بەردەوامییە لەسەر بەندایەتی بۆ پەروەردگار (الإستقامە). ٣٧

چاکسازی ئابووری و سیاسی لە خەوی پاشای میسر وەکو چۆن لە ئایەتەکانی سورەتی (یوسف)دا هاتووە ٣٨

چاکسازی ئابووری و دەرچوون لە قەیرانی دارایی ٤٢

خاڵی یەکەم: چاوپێخشاندنێك لە چین و کەسایەتییەکانی بەسەرهاتەکە ٤٢

خاڵی دووەم: دۆزینەوەی هۆکارەکانی سەرکەوتن بە بیرکردنەوە و بەدواداچوون لە چین و کەسایەتییەکانی بەسەرهاتەکە. ٥٠

سێ زاراوە ترسناکەکەی قورئانی پیرۆز ٥٤

یەکەم: بەکارهێنانی زاراوەی ﴿أَنَا﴾ بۆ چاکە ٥٦

دووەم: بەکارهێنانی زاراوەی ﴿عِندِی﴾ بۆ چاکە ٥٩

سێ یەم: بەکارهێنانی زاراوەی ﴿لِی﴾ بۆ چاکە ٦٠

چاکسازی سیاسی (وەرگرتنی دەسەڵات بەبێ ئاشوب) ٦٤

پوختەی جیاوازی لە نێوان سیاسەتی شەرعی ئیسلام و بیری سیاسی خەوارج!.....٦٥

هۆکارەکانی سەرکەوتنی خەلیفەی دووەم (عمر بن الخطاب ـ رضي الله عنه ـ) لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا ٦٦

یەکەم: گەورەیی عومەر(رضي الله عنه) دڵۆپێکی گەورەیی پێغەمبەرمانە(صلى الله عليه وسلم) ٦٧

دووەم: پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) ئاماژەی بەوە کردووە کە نمونەی سەرکەوتووی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی موسڵمانان عومەرە(رضي الله عنه). ٦٧

سێ یەم: وەڵامێك بۆ دوژمنانی ئیسلام! ٦٩

یەکەم: پێشەوا عومەر(رضي الله عنه) و ڕەچاوکردنی ماناکانی (ڕەحمەت) لە بڕیاری ئیداری و حوکمی دادگاییدا ٧١

دووەم: پێشەوا عومەر (رضي الله عنه) و چەسپاندنی یاسا بەبێ جیاوازی لە نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگا.....٩١

سێ یەم: پێشەوا عومەر(رضي الله عنه) و دانانی کەسی شیاو لە جێگای شیاو بە پێی کەفائەت.....٩٨

خوێندنەوەی چەند لایەنێکی شاراوەی کەسایەتی پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) ١٠٤

یەکەم: پوختەی ژیاننامەی (مصعب بن عمير ـ رضي الله عنه ـ) ١٠٥

دووەم: وتەکانی مصعب (رضي الله عنه) لە دواهەناسەی ژیانیدا نهێنییەکانی گەورەیی کەسایەتییەکەی دەخەنە بەرچاومان. ١٠٧

تێهەڵکێشێك.....١١١

دوو پاشکۆ :.....١١٤

یەکەمیان: ئیسلام و شمشێر !.....١١٤

دووەمیان: ڕۆژگاری ئەمڕۆ و بکوژانی (مصعب ـ رضي الله عنه ـ)! ١١٤

پرسیار و وەڵامی A و B ١١٦

پرسیار و وەڵام لە ئەحکامی فیقهی ١١٦

دوا بابەتەکان ١٤٥

لە گەڵ (صدام حسین) و دووبارە نووسینەوەی مێژوو! ١٤٥

گەندەڵی بەناوی ئایین.....! ١٥٢

لە گەڵ هزری داعش و بەداعش بوونی گەنجان! ١٧٢

چەند رێنماییەك لە دەستەی بەرێوەبردن و دەرهێنانی گۆڤاری ئەیووبی بۆ خوێنەران و نووسەران ١٨٤

نزای دەست پێك

خودایە بە تۆ خۆم دەپارێزم لە هەژاری ، تەنها بەرامبەر تۆ هەژاربم .

و بە تۆ خۆم دەپارێزم لە دەوڵەمەندی، تەنها بە تۆ دەوڵەمەند بم.

(المجالسه وجواهرالعلم لدینوری ٧\٣١٨)(١)

(١) عن الإصمعي قال: رأيتُ أعرابياً في موقف عرفة و هو يقول: اللهم! إني أعوذ بك من الفقر إلا إليك، و أعوذ بك من الغنى إلا بك . قلتُ: يا هذا! أما لك إلى ربك حاجة تسأله في هذا الموقف غير هذا ؟ فقال لي: و أيُّ شيءٍ بقي من الحوائج؟! وينظر: البيان و التبيين (٣\٢٧١) و ربيع الأبرار (٢\٢٨٠).

دەست پێك

ئێمە دەستەی کاراى دەرکردنی گۆڤاری (ئەیووبی)، شمشێری (صەلاحەدینی ئەیووبی) مان هەڵنەگرتووە، بەڵکو بە خامەی (قاضي الفاضل) دەنووسین!

چونکە بڕوامان وایە (صەلاحەدینی ئەیووبی) بەخامەی (قاضي الفاضل) وڵاتانی فەتح کردووە، نەک بە شمشێرەکەی.

ئەمەش ئیسلامی ڕاستەقینەیە، کە هەمووکات زانست و هزر، بناغەی سەرکەوتنی میللەتانن، نەک هێز و خۆسەپاندن.

سەروتار

وشەی چاکسازی زۆر دەبیستین، بەڵام بە بێ پێناسە! لەوانەیە لە بەر ئەوەبێت، کە لە وڵاتێکی پێناسەنەکراودا دەژین، نە سنوورمان هەیە، نە سۆزی سیاسەتمەداران!، یان لە بەرئەوەبێت، کە لەگەڵ خەڵکێکی پێناسەنەکراودا دەژین، چونکە ماندوون، لە وەدەست خستنی زەروراتی ڕۆژانەی ژیانیان، کات نەماوە بۆ خوێندنەوە یان بیرکردن، دەوڵەمەندەکانیان خەریکی خۆ دەوڵەمەندکردنن، نەك وڵات دەوڵەمەندکردن! با لەگەڵ خەڵك و وڵاتمان زۆر دڵ ڕەق نەبین، چونکە سەرەڕای هەموو شتێك، کەسانێکی چاکسازیشمان هەیە، دار گوێز و دار قەزوانیشمان هەیە، چەم و ڕووباریشمان هەیە، هاوین و زستانیشمان هەیە، بەڵام دەبێ ڕاستگۆبین، زۆربەی چاکسازەکانمان یان پێناسەی چاکسازی نازانن، یان بە هەڵە لە پێناسەی چاکسازی تێدەگەن، بۆیە لەزستانی سارد و سڕی پارو پێراردا، نەفتیان ئەفرۆشت و دارگوێزیان دەسووتاند!، لە هاوینی گەرم و گوڕی پارو پێرار، دەیان فەرموو خوێنی شەهید بە فیڕۆ ناڕوات، لەکاتێکدا چەم و ڕووبارمان بە فیڕۆ دەڕۆیشتن، ماڵی شەهیدیش لە بەرگەرمای هاوین فرمێسکیان ئەباراند، بەبێ کارەبا، بەبێ بینینی ترۆسکەیەکی هیوا! بەڵام ئەمڕۆ وەکو پارو پێرار نییە، ئەمڕۆ گەورە چاکسازانمان بۆ چاکسازی لاسایی خۆرئاوا دەکەن، وەکو ئەوان پێناسەی چاکسازی دەکەن، کە بریتییە لە بەڕێوەبردنی گەندەڵی (إدارة الفساد)، نەك نەهێشتنی گەندەڵی! چونکە لەگەڵ خوێن تێکەڵە، تەنها ڕێکخستنی مافی گەلە، پاساویشیان هەیە، پاساوەکەش واقعییە نەك مەتەڵە، واقعی ئەوروپا و ئەمریکایە، ئەم وڵاتانە بەم پرۆژەیە (بەڕێوەبردنی گەندەڵی) توانیان زۆر شت بکەن، بن بە خاوەن وڵات و خاوەن سنوور، خاوەن هاوڵاتییەکی زۆر، کە لە هەموو لایەك کۆچبەران بۆ ئەوێ کۆچ

دەکەن، ئەگەر نەخنکێن لەدەریا، نەفەوتێن لە ڕێگا، لە وێ شارستانیەت دەبینن، کار دەبیننەوە! بەڵام هەرگیز مرۆڤایەتی نابینن، و خۆشی نابیننەوە! چونکە چاکسازی ئەوێ، کە زۆربەی چاکسازانمان خەونی پێوە دەبینن، چاکسازی ئامێرە نەك ئینسان! چاکسازی ڕاستەقینەش چاکسازی ئینسانە، کە لەناخەوە دەستپێدەکات، وەکو خودا دەیەوێت، ئەمەش هەرگیز لە خۆرئاوا دەست ناکەوێت، بەڵکو لێرە هەیە کە ئیسلامە! ئەمە ڕاستییەکە کە گەندەڵکاران لێی تێدەگەن، بۆیە دژایەتی دەکەن، هەوڵ دەدەن لەناوی بەن، خەبات دەکەن بیشێوێنن، ئەوەی تاوانە پێوەی بلکێنن، بەڵام ڕووناکی خودا بەفووی ئەوان ناکوژێتەوە، ئیسلام بۆ چاکسازی ئێمە و ئەوان وەکو تاکە چارەسەر دەمێنێتەوە، چونکە تاکە پرۆژەی نەهێشتنی گەندەڵییە کە ئینسان لە ناخەوە ئاوەدان بکات، بۆ فیترەت بگەڕێنێتەوە! کاتێ ئەم ڕاستییە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، چاکسازانمان ئەوانەی کە دەیانەوێت لاسایی خۆرئاوا بکەن، نەك بۆ خەڵك! بەڵکو بۆ ئەوەی خەڵکەکەیان لە دەست نەچێت، کۆچبەرانمان ئەوانەی ڕوو لە خۆرئاوا دەکەن، نەك بۆ وڵات! بەڵکو بۆئەوەی خۆری ژیانیان ئاوانەبێت، وەکو کەسێك دێنە بەر چاوان، کە کاژێرەکەی لە ناو ژوورەکەی بزرکردبێ، لێی بگەڕێت لە سەر شەقام! ئەگەر پێی بگوترێت ئەی تۆ کاژێرەکەت لەناو ژوورەکەتدا بزرنەکردووە؟ بڵێت: بەڵێ لە ناو ژوورەکەمدا بزرم کردووە، بەڵام ژوورەکەم تاریکە، هاتوومە سەرشەقام، بەڵکو بیبینمەوە لە بەر چرای دارتێلەکان!! ئەمە هەرگیز کاژێرەکەی نابینێتەوە، تاوەکو بۆ ژوورەکەی نەگەڕێتەوە، بە ڕۆشنایی ئسلام ڕۆشەنی نەکات، وەکو باسکرا، کە پوختەی باسەکە ئەم ئایەتەیە: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوۡمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِهِمۡ﴾. وەرگێڕانی ئایەتەکەش بۆ گشت زمانێك لە گشت زەمانێك تەنها کردەوەیە....

چەند وێستگەیەکی هزراندن لە سەر لا پەڕەی یەکەمی قورئانی پیرۆز

گەشتێك بە ناو واتا بەرزەکانی سورەتی فاتیحە (٢٦ ـ ٢٧)

ـ بەشی دووەم ـ

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ١

ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٢ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ٣
مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ٤ إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ
٥ ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ٦ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ
أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا
ٱلضَّآلِّينَ ٧

ئەمە بەشی دووەمی هزراندنی سورەتی فاتیحەیە لە چەند وێستگەیەکدا، کە پێویستە یەکەم بابەتی ئەم ژمارەیەبێ لە بەر پیرۆزی فاتیحە، هەروەها وەکو ئەدەبێك لەگەڵ زانستی تەفسیری قورئان کە لە هەموو زانستێك پیرۆزترە، چونکە قورئان پیرۆزترینە لە هەموو ڕوویەکەوە، هەروەها خاڵی بەرەو باشترینە لە هەموو ڕوویەکەوە، هەموو قورئانیش لە فاتیحەدایە کەواتە پێویستە تێگەیشتنی فاتیحە هەموو کات خاڵی دەستپێکردن بێ، چونکە خاڵێکی دیکەمان نییە لەوێوە هەنگاوبنێین بۆ کاروانی هەنگاونان بەرەو باشترین....

بیست و شەش:

پاراستنی پێنج زەروریاتی ژیان، بە ڕەچاوکردنی ناو و سیفەتەکانی خودا، لە دوو ئایەتی یەکەمی فاتیحەدا.

لەم وێستگەیەی هزراندنی ئایەتەکانی فاتیحەدا، لەسەر دوو ئایەتی یەکەمی دەوەستین: ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ و ﴿ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ کە ئاماژەن بۆ سێ بابەتی یەك خوداپەرستی:

یەکەمیان: خوداپەرستی بە یەکخستنی مەبەستی مرۆڤ لە ژیان کەتەنها ڕازیبوونی خودایە لە گشت کردەوەیەکدا (توحید الألوهية). ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ﴾ واتە : سوپاسگوزاری بەهەموو مانا بەرزەکانی لەگشت ڕووەکانی ژیان تەنها بۆ خودا.

دووەمیان: خوداپەرستی بە داننان بە پەروەردگاری پەروەردگار، کە هەموو هەبوون و نەبوون و جووڵە و وەستان و تەڕ و وشکی ئەم گەردوونە لە ژێر ویست و ئیرادەی ئەوە (توحید الربوبية)، لەم دان پێدانانەدا گاوران و موسڵمانان و گشت مرۆڤایەتی هاوڕان.﴿رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾. واتە: پەروەردگاری هەموو بوونەوە.

سێیەمیان: خوداپەرستی بە هەستکردن بەگەورەیی ناو و سیفەتەکانی خودا لە (دڵ)دا (توحید الأسماء والصفات). ﴿ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ واتە: خاوەن گشت ماناکانی ڕەحمەت و ڕەحمەت کردنە بە بوونەوەر.

قورئانی پیرۆز ئاماژە دەکات، کە ئەم سێ بابەتەی یەك خوداپەرستی پارێزگارین بۆ هەر پێنج زەروریاتی ژیانی مرۆڤ (ئایین، عەقل، سەر، ماڵ، شەرەف)[1]، چونکە پەنابردنی مرۆڤ بۆ خودا ـ لە قورئاندا ـ لە پێناو پاراستنی ئەم پێنج زەروریاتە بەم سێ ناوە (الله ، الرب ، الرحمن)کراوە، وەك لەم خاڵانەدا دەبینیت:

---

(١) ئەمانەش: (ئایین، شەرەف، سەر، عەقل، ماڵ) ئیمامی شاطبي دەفەرمێت: زانایانی ئیسلام ـ بەڵکو گشت ئاینەکانی تریش ـ یەك ڕان لەسەر ئەوەی کە شەریعەت بۆ پاراستنی ئەم پێنج زەروراتە دابەزیوە. ینظر: (الموافقات١\٣١ ط مشهور حسن). یەکەم کەسیش باسی لە پێنج زەروریاتەکە کردبێ، ئیمامی غەزالییە. ینظر: المستصفى (١\٤١٧)

یەکەم و دووەم : پاراستنی (ئایین و عەقل) بە پەنابردن بۆ خودا بە ناوی (الله ـ پەرستراو ـ) ـ التعوذ باسم الله ـ ﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ﴾

هەموو کات عەقلی ساغلەم هاوڕایە لەگەڵ دەقە ئایینییەکانی قورئانی پیرۆز و فەرمودەی صەحیح، هیچ دژایەتییەك لە نێوانیاندا نییە[١]، چونکە بناغەی ئایین بۆ (توحید الألوهیة) دەگەڕێتەوە، بۆیە قورئانی پیرۆز ئاماژە دەکات بۆ نەفامی ئەوانەی شیرك ئەنجام دەدەن و بە عەقل سووك(سفیه)، یان نەفام(جاهل) دەیانژمێرێت. دەفەرمێت : ﴿وَمَن يَرْغَبُ عَن مِّلَّةِ إِبْرَٰهِـۧمَ إِلَّا مَن سَفِهَ نَفْسَهُۥ ۚ﴾[٢] واتە: چ **نەفامێکە** پشت لە ئاینی إبراهیم (علیه السلام) دەکات !.

لەباسی نەوەی ئیسرائیلیشدا دەفەرمێت: ﴿وَجَٰوَزْنَا بِبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ٱلْبَحْرَ فَأَتَوْا۟ عَلَىٰ قَوْمٍ يَعْكُفُونَ عَلَىٰٓ أَصْنَامٍ لَّهُمْ ۚ قَالُوا۟ يَٰمُوسَى ٱجْعَل لَّنَآ إِلَٰهًا كَمَا لَهُمْ ءَالِهَةٌ ۚ قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ﴾[٣] واتە: (کاتێ نەوەی ئیسرائیلمان لە دەریاکە پەڕاندەوە، بەلای خەڵکێکی بت پەرستدا تێپەڕین، ئیتر هەندێکیان تووشی لاساییکردنەوەی بت پەرستان بوون، بە موسایان فەرموو : شتێکمان بۆ بکە بە خودا، با بیپەرستین! موسی ـ علیه السلام لە وەڵامیاندا فەرمووی **ئێوە قەومێکی نەزانن!**).

---

(١) ألف بهذا الصدد شيخ الإسلام كتابه المشهور: (درء تعارض العقل والنقل) مطبوع، و لإبن رشد الحفيد بهذا الصدد كتاب بعنوان: (فصل المقال و تقرير ما بين الشريعة و الحكمة من إتصال)مطبوع. بڕوانە خاڵی سێزدەهەمی بابەتەکە لە لاپەرەی ٣٦ـ٣٧ ژمارەی یەکەمی ئەیووبی.

(٢) البقرة: ١٣٠

(٣) الأعراف: ١٣٨

کەواتە پشت لە یەك خوداپەرستی کردن نەزانین و کەم وکورتییە لە عەقل، بە پێچەوانەشەوە یەك خوداپەرستی ژیرییە و جوانی عەقلە، لێرەوە هەست دەکرێت بە پەیوەندی نێوان (عەقل)ی مرۆڤ و (دیندار)ی مرۆڤـ، و دەزانرێت مرۆڤی ژیر ئەوەیە کە دینداربێت!.

قورئانی پیرۆز ئاماژە بۆ ئەم مانایانە دەکات بە دوو شێوە:

یەکەمیان :

پەیوەندی بە پاراستنی (عەقلەوە) هەیە وەك لە بە سەرهاتی بکوژەکەی بەنی ئیسرائیل کە داوا لە موسی ـ علیه السلام دەکەن بۆیان دیاربخات :

﴿وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦٓ إِنَّ ٱللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تَذْبَحُوا۟ بَقَرَةً ۖ قَالُوٓا۟ أَتَتَّخِذُنَا هُزُوًا ۖ قَالَ أَعُوذُ بِٱللَّهِ أَنْ أَكُونَ مِنَ ٱلْجَٰهِلِينَ﴾[1] واتە: کاتێ موسی بۆ دیارخستنی کەسی بکوژ فەرمان بە بەنی ئیسرائیل دەکات کە چێلێك سەر ببڕن، لەوەلامدا بەنی ئیسرائیلییەکان پێی دەڵێن: تۆ گاڵتەمان پێ دەکەی! ـ گاڵتەکردنیش لەم جۆرە بابەتانە نیشانەی نەفامییە ـ بۆیە موسی علیه السلام لە وەلامیاندا دەفەرمێت : خۆم بە (اللّٰه) دەپارێزم لە نەفامی و نەزانین.

بە هەمان شێوە پێغەمبەرمان (صلی اللّٰه علیه وسلم) لە پارانەوەکەیدا پەنای بە(اللّٰه) دەگرت لە (جنون) کە نەمانی عەقلە و دەی فەرموو : (اللهم إني أعوذُ بك مِن الجنون)[2] واتە: خودایە پەنات پێدەگرم لە شێتوون.

---

(١) البقرة: ٦٧.

(٢) جامع معمر بن راشد (١٩٦٣٤) (١٠\٤٣٩).

دووەمیان:

پەیوەندی بە پاراستنی ڕێگاکانی خودا پەرستییەوە هەیە، کە شەیتان و شەڕانگێزانی (ئینس) و (جن) ڕێگری لێدەکەن، قورئانی پیرۆز ئاماژە بە لادانی ئەم ڕێگرییە دەکات بە پەنابردن بۆ خودا بەناوی (اللّٰه) لە چەند ئایەتێکدا لەوانە :

*﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يُجَٰدِلُونَ فِيٓ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ بِغَيۡرِ سُلۡطَٰنٍ أَتَىٰهُمۡ ۙ إِن فِي صُدُورِهِمۡ إِلَّا كِبۡرٞ مَّا هُم بِبَٰلِغِيهِۚ فَٱسۡتَعِذۡ بِٱللَّهِۖ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ﴾[١]. واتە : پەنا بۆ خودا ببە ـ بەناوی(اللّٰه) ـ بۆ دژایەتی ئەوانەی بەبێ زانست موجادەلە دەکەن، بۆ خۆ بە گەورەدانان شوبوهات بلاودەکەنەوە.

*﴿وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ نَزۡغٞ فَٱسۡتَعِذۡ بِٱللَّهِۚ إِنَّهُۥ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾[٢]. واتە: کاتێ وەسوەسەیەکت لە شەیتانەوە بۆ هات، یان شوبهەیەك دڵی تۆی داپۆشی، ئەوا پەنا بۆ خودا ببە ـ بە ناوی (اللّٰه) ـ بۆ لادانی ئەم شوبهە و وەسوەسەیە.

*﴿فَإِذَا قَرَأۡتَ ٱلۡقُرۡءَانَ فَٱسۡتَعِذۡ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ﴾[٣].

واتە: کاتێ هیمەت دەکەی بۆ پیرۆزترین کاری بەندایەتی کە قورئان خوێندنە، پەنا بۆ خودا ببە ـ بەناوی(اللّٰه) ـ ، تاوەکو شەیتان ڕێگریت لێنەکات.

جێی شاهێد : لەم دوو شێوەیەی پەناگری بە خودا ـ بەناوی (اللّٰه) ـ کە لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەیان بۆ کراوە، ئەوەیە کە پاراستنی (عەقل)، بە پاڕانەوەیەك دەکرێت، کە

---

(١) الغافر: ٥٦.

(٢) الأعراف ٢٠٠و فصلت ٣٦.

(٣) النحل: ٩٨.

پەناگرتنە بە (اللّٰه) و ماناکانی یەك خودا پەرستی لەم ناوە پیرۆزەدا، ئەمەش لە دوو ڕوویەوە بە جوانی خۆی دیاردەخات:

١ ـ زاهیری دەقەکان وا دەردەخات کە چارەسەری ئافاتەکانی (عەقل) وەکو: (نەزانین ـ جهل ـ، یان موجادەلە بەناحەق، یان شێوان و ترازان بەهوی وەسوەسە.....هتد)، پەناگرتنە بە خودا، بەماناکانی یەك خودا پەرستی لە ناوی (اللّٰه)دا. وەك لە ئایەتەکاندا هاتە بەرچاومان.

٢ ـ هەمووکات عەقلی ساغلەم ڕێگای بەندایەتی ساغلەمە، و بنەماکانی بەندایەتی بۆ ماناکانی ناوی ـ اللّٰه ـ دەگەڕێنەوە، ئەمەش وا پیشاندەدات کە پاراستنی ساغلەمی عەقل، بە جوان تێگەیشتنی ماناکانی پەرستراوییە لە ناوی (اللّٰه)دا، کەواتە هەر لادانێکی عەقل لە ڕێگای ڕاست ـ کە تەنها یەك خودا پەرستییە ـ چارەسەرییەکەی تەنها پەناگرتنە بە خودا بە ماناکانی یەك خودا پەرستی لە ناوی (اللّٰه)دا.

ئەم پەناگرتنەش ، ئەوەی لەزاهیری دەقەکانەوە دیارە، عەقلی ساغلەمیش شاهێدی بۆی دەات بریتییە لە پاراستنی ئایین، چونکە بنەمای یەك خوداپەرستی کە ناوەڕۆکی ئایینە، بۆ پاڕانەوە دەگەڕێتەوە.

سێیەم و چوارەم : پاراستنی (سەر و ماڵ)، بە پەنابردن بۆ خودا بەناوی (الرب ـ پەروەردگار ـ) ـ التعوذ باسم الرب ـ ﴿رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾

لەبەر ئەوەی ئەو ژیانەی کە بەسەری دەبەین و ئەو پۆشاکەی کە لەم ژیانەدا هەمانە، گشتی چاکەی پەروەردگارە لەگەڵ ئێمەی مرۆڤ، بۆیە ڕاستترین ڕێگا بۆ پاراستنی ژیان و تەندروستی و سەر و سامان لە دەست گشت دەست درێژکارێك لە حەسوود، سیحرباز، ستەمکار... هتد، بە پەنابردن بۆ خودا دەبێت بەناوی (الرب) پەروەردگار.

قورئانی پیرۆز ئاماژە بۆ ئەمە دەکات لە چەندین ئایەت و سورەتدا لەوانە:

سورەتی: (الفلق): ﴿قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلۡفَلَقِ ۝١ مِن شَرِّ مَا خَلَقَ ۝٢ وَمِن شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ ۝٣ وَمِن شَرِّ ٱلنَّفَّٰثَٰتِ فِي ٱلۡعُقَدِ ۝٤ وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ ۝٥﴾.

سورەتی (الناس): ﴿قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ۝١ مَلِكِ ٱلنَّاسِ ۝٢ إِلَٰهِ ٱلنَّاسِ ۝٣ مِن شَرِّ ٱلۡوَسۡوَاسِ ٱلۡخَنَّاسِ ۝٤ ٱلَّذِي يُوَسۡوِسُ فِي صُدُورِ ٱلنَّاسِ ۝٥ مِنَ ٱلۡجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ ۝٦﴾.

ئەم دوو سورەتە پارێزگارین بۆ مرۆڤ لە گشت شەڕانگێزێك ـ مرۆڤ بێت یان جنۆکە ـ بە تایبەت حەسوود و سیحر باز[1].

بە هەمان مانا ئایەتی: (٩٧ ـ ٩٨)ی سورەتی (المؤمنون): ﴿وَقُل رَّبِّ أَعُوذُ بِكَ مِنۡ هَمَزَٰتِ ٱلشَّيَٰطِينِ ۝٩٧ وَأَعُوذُ بِكَ رَبِّ أَن يَحۡضُرُونِ﴾. واتە: (بڵێ پەروەردگارم خۆم بە تۆ دەپارێزم، لە شەڕانگێزی شەیتانەکان، بۆ تۆ پەنا دەبەم ئەی پەروەردگارم لەوەی کە لە دەورم کۆببنەوە).

---

(١) بڕوانە: ص٤٨ ژمارەی یەکەمی ئەیووبی

هەروەها لە ئایەتی (٢٧) سورەتی (الغافر) کاتێك شەڕانگێزەکە دەسەڵاتدارێکی ستەمکاربێت، قورئانی پیرۆز بە هەمان شێوە ئاماژە بۆ موسڵمان دەکات، کە پەنابردنی بۆ خودا بەناوی (الرب) ماناکانی پەروەردگاری بێت: ﴿ وَقَالَ مُوسَىٰٓ إِنِّي عُذۡتُ بِرَبِّي وَرَبِّكُم مِّن كُلِّ مُتَكَبِّرٖ لَّا يُؤۡمِنُ بِيَوۡمِ ٱلۡحِسَابِ ﴾ واتە : (موسی علیه السلام بە فیرعەون و دارودەستە ستەمکارەکەی فەرمووی: من پەنام بۆ پەروەردگارم بردووە، کە پەروەردگاری ئێوەشە، لە هەموو شەڕانگێزێکی لووت بەرز و خۆ بە زل زان کە بڕوای بە ڕۆژی لێپرسینەوە نەبێت).

جێی شاهێد: لە گشت ئەم دەقە پیرۆزانەدا ئاماژە کراوە کە پەنابردن بۆ خودا بەناوی: (الرب ـ پەروەردگار و ماناکانی پەروەردگاری ـ) بکرێت، کاتی تەنگانە و ترس لە شەڕانگێزی شەڕانگێزان بۆ سەر سەر و ماڵی مرۆڤ، چونکە جڵەوی گشت شەڕانگێزێکی (حەسوود یان سیحرباز یان ستەمکار..) لە دەست خودا دایە، و تەنها پەروردگار مرۆڤ لەو شەڕانگێزانە دەپارێزێت، لە هەمان کاتدا سەر و ماڵمان ، مردن و ژیانمان لە ژێر ماناکانی پەروەردگاری خودا دان تەنها ئەو لێیان بە ئاگایە.

پێنجەم: پاراستنی (شەرەف)، بە پەنابردن بۆ خودا بەناوی (الرحمن) ـ التعوذ باسم الرحمن ـ ﴿ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾.

جێگای گومان نییە لای کەسی موسڵمان، کە پارێزراوی (شەرەف) و پارێزگاری لێکردنی لە هەرە گەورەترین چاکەکانی پەروەردگارە بە مرۆڤی موسڵمان. بەڵکو جێی گومان نییە کە پایەی پارێزگاری ئەم زەرورەتە، زۆر لە زەرورەتەکانی (ماڵ) و (سەر) و (عەقل) گەورەترە و بەشێکە لە پاراستنی زەرورەتی ئایین!.

لەبەر ئەم گەورەییە، قورئانی پیرۆز ئاماژەدەکات لە کاتی هەبوونی ترسناکیدا بۆ سەر ئەم زەرورەتەی ژیان (الشرف)، پەنا بۆ خودا ببرێت بە ناوی (الرحمن)، وەك لە باسی (مریم ـ علیها السلام ـ)دا دەفەرمێت: ﴿قَالَتۡ إِنِّيٓ أَعُوذُ بِٱلرَّحۡمَٰنِ مِنكَ إِن كُنتَ تَقِيّٗا﴾[1] واتە: کاتێ (مریم ـ علیها السلام ـ) ترسا لەوەی کەسی نەناسراو مەرامی خراپی هەبێ و نەیزانی فریشتەیە، پەنای بۆ خودا برد بەناوی(الرحمن) کە لەو کەسە پارێزراوبێت، کەسە نەناسراوەکەشی هاندا بۆ لە خوداترسی و تەقواداری[2] .

---

(١) مریم: ١٨.

(٢) ئەمە بەنسبەت ئافرەت، بەڵام پیاو واباشترە کاتی مترسی تووشبوون بە تاوانی داوێن پیسی، پەنا بۆ خودا ببات بەناوی(الله). بەڵگەی ئەمەش: (یوسف ـ علیه السلام ـ) لە کاتی خۆ ڕزگارکردنی لە خێزانی عەزیزی میسر دەفەرمێت: ﴿ قَالَ مَعَاذَ ٱللَّهِۖ إِنَّهُۥ رَبِّيٓ أَحۡسَنَ مَثۡوَايَۖ ﴾ واتە: پەنا بەخودا(الله) دەگرم لەو داوایەی تۆ دەکەی، پیاوەکەت گەورەمە، و چاکەی پێکردووم!.

دەتوانین بڵێین یەکێ لە حیکمەتەکانی جیاوازی کردن نێوان ژن و پیاو لەم ڕووەوە، ئەوەیە کە: (ڕەحمەت)پەنایە بۆ ئافرەت کاتێك لە کەسی نەناسراو دەترسێت، چونکە لاوازە و تەنها هیوای بە ڕەحمەتی خودایە بۆ ڕزگاربوون، هەروەها(أُلوهیەت) پەنایە بۆ پیاو کاتێ لە شەهەواتی خۆی دەترسێت، چونکە خاوەن توانایە، و تەنها بە ملکەچبوون بو خودا دوور دەکەوێتەوە لە تاوان.

ئەوەی لەم وێستگەیەدا باسکرا دەتوانی بە بیرکردن لەم خشتەیە زیاتر تێبگەیت و سودی لێوەرگریت:

پێنج زەروریاتی ژیان	دوو ئایەتی یەکەمی فاتیحە	ناو و سیفەتی زاتی پیرۆزخودا	ئایەتەکانی پەنا بۆ خودا بردن
ئایین & عەقل	﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ﴾	(الله) پەرستراو (توحید الألوهیة)	*﴿وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦٓ إِنَّ ٱللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تَذْبَحُوا۟ بَقَرَةً قَالُوٓا۟ أَتَتَّخِذُنَا هُزُوًا قَالَ أَعُوذُ بِٱللَّهِ أَنْ أَكُونَ مِنَ ٱلْجَٰهِلِينَ﴾ *﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يُجَٰدِلُونَ فِىٓ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ بِغَيْرِ سُلْطَٰنٍ أَتَىٰهُمْ إِن فِى صُدُورِهِمْ إِلَّا كِبْرٌ مَّا هُم بِبَٰلِغِيهِ فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ﴾ *﴿وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ نَزْغٌ فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ إِنَّهُۥ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ *﴿فَإِذَا قَرَأْتَ ٱلْقُرْءَانَ فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ﴾
سەر & ماڵ	﴿رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾	(الرَّب) پەروەردگار (توحید الربوبیة)	*﴿وَقُل رَّبِّ أَعُوذُ بِكَ مِنْ هَمَزَٰتِ ٱلشَّيَٰطِينِ ﴿٩٧﴾ وَأَعُوذُ بِكَ رَبِّ أَن يَحْضُرُونِ﴾ *﴿وَقَالَ مُوسَىٰٓ إِنِّى عُذْتُ بِرَبِّى وَرَبِّكُم مِّن كُلِّ مُتَكَبِّرٍ لَّا يُؤْمِنُ بِيَوْمِ ٱلْحِسَابِ﴾ *(المعوذتین).
شەرف	﴿ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾	(الرحمن) (توحید الأسماء و الصفات)	*﴿قَالَتْ إِنِّىٓ أَعُوذُ بِٱلرَّحْمَٰنِ مِنكَ إِن كُنتَ تَقِيًّا﴾

بیست وحەوت

ماناکانی بەردەوام بوون لە سەر بەندایەتی بۆ خودا لە فاتیحەدا

سورەتی فاتیحە، ماناکانی بەردەوامبوون لە سەر بەندایەتی بۆ خودا(الإستقامة)، بە چەندین شێوە دەخاتە ڕوو، لەوانە :

یەکەم: ڕەهایی ماناکانی (الحمد) لە فاتیحەدا، ئاماژەن بۆ بەردەوام بوون لەسەر بەندایەتی بۆ خودا.

﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ﴾ بە ڕەهایی هاتووە، تاوەکو گشت کات و شوێنێك بگرێتەوە[١]، وەکو ڕێ نیشاندانێك بۆ مرۆڤ، تۆ لە هەر شوێنێك بی، یان لە هەر کاتێکدا بی، بەردەوام بە لەسەر سوپاسگوزاری خودا. قورئانی پیرۆز ئاماژە بۆ ئەمەدەکات لە چەند ئایەتێکدا لەوانە:

١ ـ ﴿لَهُ ٱلۡحَمۡدُ فِي ٱلۡأُولَىٰ وَٱلۡأٓخِرَةِۖ﴾[٢] واتە: خودا شایستەی سوپاسگوزارییە لە سەرەتا و کۆتایی لە دونیاو قیامەت ـ لە هەموو کاتێك ـ (البُعْدُ الزماني). ئەمەش مانای فەرمودەی پێغەمبەرە (صلى الله عليه وسلم) ـ کاتێك هەڤالێکی داوای ئامۆژگاری لێی دەکات ـ پێی دەفەرمێت : (قُلْ آمنتُ باللهِ ثمَّ اسْتَقِمْ)[٣] واتە: (بڵێ بڕوادارم بە خودا، پاشان لەسەر ئەم بڕوادارییە بەردەوام بە). بڕواداریش بە تێگەیشتنی ماناکانی (الحمد) دەکرێت لە بیروباوەڕدا.

---

(١) ينظر: أضواء البيان (١\٤٧).

(٢) القصص: ٧٠ .

(٣) أخرجه مسلم(٣٨) و أحمد (٢٤\١٤١ـ١٤٥ ط: المؤسسة).

٢ ـ ﴿وَلَهُ ٱلۡحَمۡدُ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ﴾[١] واتە: خودا شایستەی سوپاسگوزارییە، لە زەوی و لە ئاسمانان، ـ لە هەموو شوێنێك ـ (البُعْدُ المكاني). ئەمەش مانای فەرمودەی پێغەمبەرە (صلى الله عليه وسلم): (اتقِ اللهَ حَيْثُ مَا كُنت)[٢] واتە: (لە هەر شوێنێك بیت تەقوای خودا بكە). تەقواداری بە كارخستنی ماناكانی (الحمد) دەكرێت لە كردەوەدا. ئەمەی باسمان كرد ـ لە پایە بەرزەكانی بەردەوامبوونە لەسەر بەندایەتی، بە هەردوو دووری:

١ ـ لە (زەمان) ـ هەركاتێك بێت ـ .

٢ ـ لە (مەكان) ـ هەر شوێنێك بێت ـ .

لە زاراوەی شەرعیدا پێی دەگوترێت: (الإستقامة). جێی سەرنج لێرەدا ئەوەیە كە هەروەك چۆن گشت ماناكانی (إستقامە) لە ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ﴾ هەڵدەقووڵێن، چونكە مانای بەندایەتی بەندەیە بۆ خودا، بە هەمان شێوە گشت ئایەتەكانی فاتیحە ئەم مانایە دووبارەدەكەنەوە، چونكە كاتێك بیر لە ماناكانی : ﴿رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ یان ﴿ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ یان ﴿ مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ﴾ دەكەیتەوە گشت مانایەك لەم مانایانە پێویست دەكات لە سەر مرۆڤ كە بەردەوام بێ لە بەندایەتی بۆ خودا:

* بەكردەوە: ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ﴾.

* بە دڵ: ﴿وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ﴾.

* بە زوبان: ﴿ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ۝٦ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ﴾.

---

(١) الروم:٣٠.

(٢) أخرجه الترمذي (١٩٧٨) أحمد (٢١٣٥٤) و الدارمي(٢٧٩١) و الحاكم(١\٥٤).

دووەم: فراوانی ماناکانی فاتیحە بۆ گشت ڕووەکانی ژیان، ئاماژەن بۆ بەردەوامبوون لە سەر بەندایەتی خودا، لە گشت ڕووەکانی ژیان.

فراوانی ماناکانی فاتیحە بۆ گشت ڕووەکانی ژیان، ئاماژەیە بۆ بەردەوامبوون لەسەر بەندایەتی لە گشت ڕووەکانی ژیان، نەك بەندایەتی بۆ خودا تەنها ڕۆژووی ڕەمەزان یان کاتی نۆێژەکان بگرێتەوە! .

زانایان بەزۆر شێوە باس لەم فراوانییە دەکەن لەماناکانی فاتیحەدا[١] . مەبەست لێرەدا پوختەی مانا گشتیگرەکانی فاتیحەیە، کە مرۆڤ ئاگادار دەکەنەوە لە سێ خاڵ کە گشت ژیان و گشت زانستەکانی ئیسلام دەگرنە خۆیان :

* یەکەمیان (في العقائد و عدم التطرف في الفكر): هیچ مانایەکی بڕواداری نییە، کە خودا باسی نەکردبێ و سنوری بۆ نەدانابێ. پێویستە ئەم سنورانە لە دڵدا ڕەچاوبکرێن. ئەگەرنا، ئەوا مرۆڤ لە (إستقامة) دەردێت و تووشی وەسوەسەو موتەشابە[٢] دەبێت.

---

(١) ينظر: التسهيل لعلوم التنزيل لإبن جزي الغرناطي ص٣٤ و حاشية الطيبي على الكشاف (١\٦٧٨) و مدارج السالكين لإبن القيم (١\٧).

(٢) موتەشابیە: وەکو تەصەورکردنی چۆنیەتی دیمەنەکانی غەیب بە پێوەری دونیا، بە دواداچوونی ئەمەش وادەکات ، لە ڕێگای پێشینان دەرچێت لە بیروباوەڕ، کە لەسەر تەسلیم بوون دامەزراوە بۆ دەقی شەرعی بە بێ تەشبیە کردن یان نەفی کردن. لە ڕۆژگاری ئیمامی ئەهلی مەدینە (مالك): کەسێك دێتە مەجلیسەکەی لێی دە پرسێت: یا إمام: ﴿ٱلرَّحۡمَٰنُ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ ٱسۡتَوَىٰ ﴾ كيف استوى؟ واتە: ئەی پێشەوای موسڵمانان خودا لە قورئاندا دەفەرمێت ﴿ٱلرَّحۡمَٰنُ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ ٱسۡتَوَىٰ ﴾ ئەمە چۆنە؟ ئیمام (مالك) لە وەڵامیدا دەفەرمێت:(الإستواء معلوم، و الكيف مجهول، و الإيمان به واجب، و السؤآل عنه بدعة!) واتە: بەرزبوونی خودا لە سەر عەرشەکەی زانراوە، بەڵام چۆنیەتییەکەی بەزرە و بڕوابوون بەمە واجبە، پرسیارکردن لەمە داهێنانە لە دیندا ـ بیدعەیە ـ . ينظر: تخريج الأثر بنحوه في كتاب العرش لذهبي (٢\١٤١٩ـ١٤٢٠، ١٤٤٥ أو تحت أرقام ٣٢٢،١٧٩،٣٤٤).

بۆ نمونە: لە بیرو باوەڕدا، قووڵبوونەوە لە ماناکانی (قەدەر) یان باسکردن لە چۆنیەتی ناو وسیفەتەکانی خودا (کیفیة الأسماء و الصفات)، ڕێگای دەرچوونە لە جوان تێگەیشتنی پەیامی ئیسلام لە بیروباوەڕدا، کە پەیامێکی گونجاوە لەگەڵ فیترەتی مرۆڤ. هەروەها کردنەوەی دەرگای فەلسەفەیەکە، کە جیهانی خەم و وەسوەسەو موتەشابیهاتە، مرۆڤ چەند لێی قووڵ ببیتەوە، ئەوەندە لە خودا و مانا جوانەکانی ژیان دووردەکەوێتەوە.

پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) لە باسی ئەم جۆرە کەسانەدا، سێ جار لە سەرێك دەفەرمێت: (هَلَكَ الْمُتَنَطِّعُونَ)[1] . واتە : زیادەڕەوەکان ـ لە هزر و کردەوەدا ـ لە ناو چوون.

* دووەمیان (في الأحكام و الوقوف في حدود الحلال و الحرام): هیچ کردەوەیەکی بەندایەتی نییە فەرمانی خودای لەسەرنەبێ، بە بکە یان مەکە. لە هەردوو حاڵەتەکە دا پابەندبوون بەم فەرمانانە پێویستە بە بەردەوامی. ئەگەر نا، ئەوا مرۆڤ لە (إستقامة) دەردێت و تووشی تاوان و سەرپێچی دەبێت.

نمونەی ئەمەش وەکو: بەندایەتی کردن بۆ پەروەردگار بە ڕێگای داهێنراو(البِدَع)[2]، یان کەم تەرخەمی لە بەندایەتی کردن بە وازهێنان لە بەجێگەیاندنی هەندێك لە ئەرکەکان.

---

(١) أخرجه مسلم (٢٦٧٠). قال شارحه محمد فؤاد عبد الباقي(٤\٢٠٥٥) المتنطعون: أي المتعمقون الغالون المجاوزون الحدود في أقوالهم و أفعالهم.

(٢) بیدعە: بریتییە لە داهێنان لە ڕێگاکانی خوداپەرستی بە بێ بەڵگە لە قورئان و فەرموودە و کردەوەی پێشینان . چونکە دین کامل بووە زیاد و کەم هەڵناگرێت، وەکو لە دوا ئایەتی قورئانی پیرۆزدا ـ لە دابەزین ـ هاتووە: ﴿ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗاۚ﴾ . واتە: (ئەمڕۆ دین

پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) لە باسی ئەمانەدا دەفەرمێت : (مَا مِن نَبـيٍ بَعَثَهُ اللهُ في أمةٍ قَبلي إلا كانَ له مِن أمتهِ حَواريُّونَ، و أصحابٌ يأخذون بِسنَّتهِ و يَقْتَدون بِأمْرِه، ثمَّ إنها تَخْلُفُ من بعدِهم خُلُوفٌ يقولونَ ما لا يَفعلون، و **يَفعلونَ مَا لا يؤْمَرون**، فمن جاهدهم بيده فهو مؤمن، و من جاهدهم بلسانه فهو مؤمن، ومن جاهدهم بقلبه فهو مؤمن، و ليس وراء ذلك من الإيمان حبة خردل)[١]. واتە: خودا هەر پێغەمبەرێکی ناردبێ، لە ئومەتەکانی پێشین، کەسانێکی پێبەخشیون، لە هەڤاڵانی و هەڤاڵە زۆر نزیکەکانی، کە لە فەرمانی پێغەمبەرەکەیان دەرنەچن، و شوێنکەوتەی هەڵسوکەوتەکانی بن. پاش ئەم هەڤاڵانە، کەسانێك جێیان دەگرنەوە، کە کردەوەیان جیاوازە لە قسەکانیان، **ئەوەی فەرمان پێنەکراو بێت دەیکەن!**. تێکۆشان دژی ئەم جورە کەسانە، ئەرکە لەسەر هەموو بڕوادارێك، ئەوەی پێی بکرێت بە دەست، ئەوەی پێبکرێت بە زوبان، ئەوەی پێی بکرێت بە دڵ، ئەوەی بە دڵیشی نەیکرد نیشانەی ئەوەیە دڵی لە ئیمان بەتاڵە.

کامل بوو ـ گشتی دابەزی ـ چاکەی خودا بەتەواوی بە ئێوە گەیشت ، خودا تەنها بەم دینە ڕازیە کە دینی ئیسلامە). پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) ئاماژە بۆ ئەم مانایە دەکات کە دەفەرمێت: (من أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه فهو ردٌ) واتە: قەبوول نییە لە هەرکەسێك زیادەیەك لە دیندا بکات. بۆ زیاتر ئاشنابوون لەم بابەتە بگەڕێوە بۆ: (كتاب الإعتصام)للشاطبـي.

(١) أخرجه مسلم (٥٠).

* سێیەمیان (في تزكية النفس و الإعتبار بالتأريخ): هیچ ڕووداوێکی ڕابردوو و داهاتوو نییە کە خودا باسی کردبێ، جێی پەند وەرگرتن نەبێ. ئەگەر مرۆڤ پەند وەرنەگرێت لە ڕووداوەکان، ئەوا لە (إستقامة) دەردێت، هەڵەی خەڵکانێك دووبارەدەکاتەوە کە بە سزای هەڵەکانیان گەیشتوون.

نمونەی ئەمەش وەکو : دەیان سەرهات کە لە قورئانی پیرۆزدا باسکراون، وەکو سەرهاتی لێهاتوویی بەرێوەبردن و ڕەوشت بەرزی (یوسف ـ علیه السلام)، یا دەوڵەمەندی و خۆ پەرستی (قارون) یان ستەمکاری (فیرعەون)، یان لە ناوچوونی دەیان قەوم وەکو (عاد) و (ثمود)....هتد. ئەمانە تەنها سەرهات نین وەکو هەر سەرهاتێکی مێژوویی بیخوێنیتەوە، بەڵکو مەبەست لەم سەرهاتانە تێگەیشتنی ماناکانی بەندایەتییە بۆ پەروەردگار، کە سورەتی فاتیحە کۆیاندەکاتەوە. ئەم سێ بابەتە ناوەڕۆکی قورئانی پیرۆزن، پوختەکراون لە فاتیحەدا بەم شێوەیە:

١ ـ (العقائد ـ سنووری بڕواداری لە دڵدا، دوور لە موتەشابە ـ) پوختەکەی لە: ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ۝٢ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ۝٣ مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ﴾.

٢ ـ (الأحكام ـ سنووری پابەندبوون بە ئەمر و نەهی، دوور لە بیدعە و داهێنان لە دیندا ـ) پوختەکەی لە: ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ﴾.

٣ ـ (التأريخ ـ پەند وەرگرتن لە رووداوەکان سزای ستەمکاران ـ) پوختەکەی لە: ﴿ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ۝٦ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ﴾

سێیەم : دووبارەبوونەوەی ماناکانی بەندایەتی بۆ خودا لە فاتیحەدا ئاماژەن بۆ بەردەوام بوون لەسەر ئەم بەندایەتییە(الإستقامة).

دووبارەکردنەوەی ماناکانی پەیامی یەك خوداپەرستی لە قورئانی پیرۆزدا و پوختکراوەکەی کە فاتیحەیە، ئاماژەیە بۆ مرۆڤ کە ژیان دووبارەکردنەوەی بەردەوام بوونە لەسەر بەندایەتیکردن بۆ پەروەردگار تاکو مردن ﴿وَٱعۡبُدۡ رَبَّكَ حَتَّىٰ يَأۡتِيَكَ ٱلۡيَقِينُ﴾[١] واتە : (تاوەکو مردن بەندایەتی پەروەردگارت بکە)[٢].

---

(١) الحجر: ٩٩.

(٢) لە نەفامی و تورەهاتی خەڵکێك کە خۆیان بە موسڵمان و ئەهلی عیرفان دەزانن ﴿ٱلۡيَقِينُ﴾ لە ئایەتەکە بە یەقینی دڵ تێدەگەن، دەڵێن خوداپەرستی پێویستە تاوەکو دەگەیتە قەناعەتی دڵ بە یەقین، لەپاشان تەکلیف نامێنێت، پێویست ناکرێت نۆژ بکەی یان زەکات بدەی!!

لە ڕاستیدا تەصەور ناکرێت کە کەسانێك بڕوایان بەم لێکدانەوەیە هەبێ بۆ ئایەتەکە، خۆشیان بەموسڵمان بزانن، بەڵام هەن! ئێمەش بە دوو پرسیار لێیان دەپرسین:

یەکەمیان: پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) و هەڤاڵانی (رضي الله عنهم) ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر خوداپەرستییان ئەنجام داوە بە ڕۆژو و زەکات و نوێژ و ...هتد، کەواتە دەبێت ئەمانە کە پیرۆزترین کەسن کە قورئان و ئیمانیان هەڵگرتبێ نەگەیشتبنە ئەو پلە یەقینەی کە سەرانێکی ئێوە پێگەیشتوون! لە ئەنجامدا تەرکی ڕۆژوو و نوێژیان کردووە، چونکە بە یەقین گەیشتوون؟!

دووەمیان: ئەگەر مەبەستی کەسانێکی ئەم هزرە بێ بنەمایە زانینی ڕاستی بێت، با بیر لەم ئایەتانەی سورەتی(المدثر) بکەنەوە: ﴿مَا سَلَكَكُمۡ فِي سَقَرَ ﴿٤٢﴾ قَالُواْ لَمۡ نَكُ مِنَ ٱلۡمُصَلِّينَ ﴿٤٣﴾ وَلَمۡ نَكُ نُطۡعِمُ ٱلۡمِسۡكِينَ ﴿٤٤﴾ وَكُنَّا نَخُوضُ مَعَ ٱلۡخَآئِضِينَ ﴿٤٥﴾ وَكُنَّا نُكَذِّبُ بِيَوۡمِ ٱلدِّينِ ﴿٤٦﴾ حَتَّىٰٓ أَتَىٰنَا ٱلۡيَقِينُ ﴿٤٧﴾ فَمَا تَنفَعُهُمۡ شَفَٰعَةُ ٱلشَّٰفِعِينَ﴾ ئەو کات ئەگەر دڵێکی زیندووی هەبێت دەزانێت ﴿حَتَّىٰ يَأۡتِيَكَ ٱلۡيَقِينُ﴾ مەبەستی مردنە هەروەك چۆن: ﴿حَتَّىٰٓ أَتَىٰنَا ٱلۡيَقِينُ﴾ مەبەستی مردنە. ينظر: تفسير ابن كثير (٤\٥٦١ ط دار الحديث).

بێجگە لەم مانایە ژیان هیچ مانایەکی نییە، هەروەك چۆن بێجگە لە بابەتی بەندایەتی بۆ خودا فاتیحە هیچ بابەتێکی دیکەی تیادا نییە.

دووبارە کردنەوەی پەیامی بەندایەتی لە فاتیحەدا بە چەندین شێوەیە، هەر شێوەیەك لەمانە وانەیەکی سەربەخۆیە بۆ فێربوونی ماناکانی بەندایەتی بەندە بۆ پەروەردگار لەوانە:

یەکەم: دووبارەکردنەوەی زارەکی (لفظي).

* دووبارەکردنەوەی ﴿ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ لە بەسملە[1] و ئایەتی سێیەمی فاتیحە، وەکو ئاماژەیەك کە بەندە پێویسە هەموو کات بەهیوا بێت بە خودای پەروەردگار، کە هەرکاتێ بڕیاری گەڕانەوەی دا، ئەوا دەرگاکانی ڕەحمەت کراوەن: ﴿ قُلۡ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسۡرَفُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ لَا تَقۡنَطُواْ مِن رَّحۡمَةِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغۡفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًاۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ﴾[2].

* دووبارەکردنەوەی: ﴿إِيَّاكَ﴾ لە پێش ئیستیعانە لە ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ﴾ وەکو ئاماژەکردن بۆ گەورەیی پشت بەخودا بەستن (ئیستیعانە)، کە هەرچەندە بەشێکە لە خودا پەرستی (العبادة)، بەڵام تایبەتمەندی خۆی هەیە بەڕادەیەك:

١ ـ هیچ خودا پەرستییەك بەبێ ئیستیعانە ناکرێت.

---

(١) زاناکان یەك ڕانین لەسەر ئەوەی ئایا (بسملە) ئایەتێکی فاتیحەیە، یان ئایەتێکی سەربەخۆی قورئانە، سورەتەکان بە هۆیەوە لەیەکتر جودا دەکرێن، یان بەشێکە لە سەرەتای هەموو سورەتێك بێجگەلە (البراءة).
لە بابەتەکەماندا بە یەکلایی لەگەڵ خیلافەکە نەوەستاوین، چونکە گشت بۆچوونەکان بەڵگەی بەهێزیان لەپاڵە.
ينظر: تفسير القرطبي (١\١٤٥ـ١٧٩،١٤٨ط: المؤسسة).

(٢) الزمر:١٠.

٢ ـ نەبوونی پشت بەستن بەخودا، خۆی لەخۆیدا شیرکە (هاوبەشی دانانە) بە پەروەردگار، ئەی ئەگەر پشت بە بێجگە لە خودا ببەستی لەو کار و کردەوانەی کە تەنها لە دەست خودا دان؟ ئەی ئەگەر وا هەست بکەی مردوویەك بە هاناتەوە دێت؟

ئەمانەگشتیان (شیرك)ن بە پەروەردگار و دەرچوونن لە ئیسلام، بۆیە وەکو چۆن پێویستە بە دڵ و زمان و کردەوە بڵێیت : ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ﴾ پێویستە بە هەمان شێوە، بە دڵ و زوبان و کردەوە بڵێت : ﴿وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾. هەر لە بەر ئەم مانا گرنگە ﴿إِيَّاكَ﴾ دووبارەکراوەتەوە.

* دووبارەکردنەوەی: ﴿صِرَاطَ﴾ لە: ﴿ٱهْدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلْمُسْتَقِيمَ ۝٦ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ ٱلْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ﴾ وەکو ئاماژەیەك بۆ دووبارەکردنەوەی پاڕانەوە، باسکردن لە ورد و درشتی داواکراو لە پەروەردگار، ئەمەش درێژە پێدانی موناجاتە، کە لای خودا خۆشەویستە، و هۆکاری قەبوولبوونی دوعایە.

دووەم: دووبارەکردنەوەی واتایی (معنوی).

* دووبارەکردنەوەی ماناکانی پشت بەستن بە خودا (الإستعانة):

١ ـ لە ماناکانی(بِـ) لە ﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ مانای ئیستعانەیە. واتە : بە پشت بەستن بەخودا کە ڕەحمەتی بێ سنووری هەیە دەست بە کارەکەم دەکەم.

٢ ـ ﴿وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾. دووپاتکردنی پشت بەستنە تەنها بەخودا.

* دووبارەکردنەوەی ماناکانی بەندایەتی بۆ خودا (العبادة).

١ ـ ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ﴾ دووپاتکردنی بەندایەتییە تەنها بۆ خودا، لە گشت کردەوەیەکدا.

٢ ـ ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ۝٢ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ۝٣ مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ﴾. نواندنی بەندایەتی بە ستایش کردنی خودا، وگەورە دانانی خودا لە دڵدا.

٣ ـ ﴿ ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ۝٦ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ﴾ نواندنی بەندایەتی بە زۆری پاڕانەوە لە خودا و بەردەوامی داواکردنی هیدایەت بە زار.

ئەم دابەشکردنەی ماناکانی بەندایەتی بۆ خودا و پشت بەستن بەخودا، تەنها بۆ زیاتر تێگەیشتنی ماناکانی پەیامی فاتیحەیە، ئەگەرنا گشتیان لەناو یەکدین، هیچ یەکێکیان بە تەنها ئەنجام نادرێت بەبێ ئەوەی تر.

هەر مانایەکیان دووپاتکردنەوەیە بۆ ماناکانی تر، تاوەکو گشت ماناکان لە دڵی موسڵماندا جێگیر بن (**الكلام إذا تكرر تقرر**). بەمە بەندە هێزی بەردەوامبوون (إستقامة) لەسەر بەندایەتی، لەم مانایانە وەردەگرێت.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسۡتَقَٰمُواْ تَتَنَزَّلُ عَلَيۡهِمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ أَلَّا تَخَافُواْ وَلَا تَحۡزَنُواْ وَأَبۡشِرُواْ بِٱلۡجَنَّةِ ٱلَّتِي كُنتُمۡ تُوعَدُونَ﴾ فصلت:٣٠

چوارەم: بنەماکانی خاوێنکردنەوەی دڵ و دەروون لە فاتیحەدا، هێزی بەردوامبوونن لەسەر بەندایەتی.

ئەم بنەمایانە بە پوختی لە چەند خاڵێکدا دەخەینە ڕوو:

١ ـ پڕکردنی دڵ لە هەستکردن بە گەورەیی ناو و سیفەتەکانی خودا بە تایبەت: (پەروەردگاری، ڕەحمەت، مولك): ﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ۝٢ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ۝٣ مَٰلِكِ يَوْمِ ٱلدِّينِ ۝٤﴾

٢ ـ بەتاڵکردنی دڵ لە هەموو جۆرێکی هاوبەش دانان(شرك) بۆ خودا بەتایبەت (ریا) و (شەخص پەرستی) و (خۆ پەرستی): ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ﴾.

٣ ـ بەتاڵکردنی دڵ لە هەموو بۆچوونێك، کە بە هۆیەوە واهەست بکەی بە زیرەکایەتی و توانای خۆت دەگەیە ئاواتەکانت: ﴿وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾.

٤ ـ ئاسوودەکردنی دڵ بەوەی کە خودا ڕێنمایت دەکات و ئاگای لە حاڵی تۆیە: ﴿ٱهْدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلْمُسْتَقِيمَ﴾ .

٥ ـ ئاشنابوون بەوەی کە تەنها نیت لە ڕێگای خودا دا، بەڵکو لە سەر ڕێگایەکی کە هەموو ئەوانەی خودا چاکەیان لەگەڵ کردووە لە گەڵتن لەم ڕێگایەدا، لە پێغەمبەران و پیاوچاکان ...هتد، و هیچ گرنگ نییە ئەوان تۆ بناسن، چونکە هیچیان بۆ تۆ پێناکرێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە تۆ ئەوان دەناسی وخۆڕەوشتیان ڕێنمایی ڕێگاکەتە: ﴿صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ﴾.

٦ ـ دوور خستنەوەی دڵ لە زانستێك کە کاری چاکەی پێنەکرێت و بەکارخستنی کردەوە بەو زانستانەی کە کاری چاکەیان پێدەکرێت تاوەکو لە تورەیی خودا دوور بیت: ﴿غَيْرِ ٱلْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ﴾ .

٧ ـ دوورخستنەوەی دڵ لە شوبوهات بە تێکەڵکردنی (حەق) و (ناحەق)، تاوەکو لە گومڕایی دوور بیت: ﴿وَلَا ٱلضَّآلِّينَ﴾ .

ئەمانە بنەمای خاوێنی دڵ و دەروون و خوشگوزەرانی ژیانن، کە فاتیحە کۆیاندەکاتەوە[١]، و سەرچاوەی توانای بەردەوامبوونیشن لە سەر بەندایەتی بۆ خودا.

پێنجەم: دووبارەبونەوەی فاتیحە ڕۆژانە حەڤدەجار لە نوێژە فەرزەکاندا، گەورەترین هێزی بەردەوامییە لەسەر بەندایەتی بۆ پەروەردگار (الإستقامة).

ئەمەش ڕوویەکە لەو ڕوویانەی، کە زانایانمان باس دەکەن لەسەر مانەوە و نەمانەوەی نوێژنەکەر (تارك الصلاة) لە ئیسلامدا. جێی شاهێد تیایدا ئەوەیە کە نوێژنەکەر ناکرێت هیچ شێوەیەکی (إستقامة)ی هەبێت لە سەر خوداپەرستی و بەندایەتی[٢].

﴿رَبِّ ٱجۡعَلۡنِي مُقِيمَ ٱلصَّلَوٰةِ وَمِن ذُرِّيَّتِيۚ رَبَّنَا وَتَقَبَّلۡ دُعَآءِ﴾

إبراهيم: ٤٠

(١) ينظر: تفسير ابن عاشور (١\١٥٠).

(٢) ينظر: الإيمان عند السلف و علاقته بالعمل و كشف شبهات المعاصرين تأليف محمد آل خضير (١\٣٦٩ـ٣٧٩) و حكم تارك الصلاة عند شيخ الإسلام تأليف أبو عبدالله النعماني ص٤٢ ـ٦٣.

چاکسازی ئابووری و سیاسی لە خەوی پاشای میسر وەکو چۆن لە ئایەتەکانی سورەتی (یوسف)دا هاتووە

﴿وَقَالَ ٱلۡمَلِكُ إِنِّيٓ أَرَىٰ سَبۡعَ بَقَرَٰتٖ سِمَانٖ يَأۡكُلُهُنَّ سَبۡعٌ عِجَافٞ وَسَبۡعَ سُنۢبُلَٰتٍ خُضۡرٖ وَأُخَرَ
يَابِسَٰتٖۖ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمَلَأُ أَفۡتُونِي فِي رُءۡيَٰيَ إِن كُنتُمۡ لِلرُّءۡيَا تَعۡبُرُونَ ﴿٤٣﴾ قَالُوٓاْ أَضۡغَٰثُ أَحۡلَٰمٖۖ وَمَا
نَحۡنُ بِتَأۡوِيلِ ٱلۡأَحۡلَٰمِ بِعَٰلِمِينَ ﴿٤٤﴾ وَقَالَ ٱلَّذِي نَجَا مِنۡهُمَا وَٱدَّكَرَ بَعۡدَ أُمَّةٍ أَنَا۠ أُنَبِّئُكُم بِتَأۡوِيلِهِۦ
فَأَرۡسِلُونِ ﴿٤٥﴾ يُوسُفُ أَيُّهَا ٱلصِّدِّيقُ أَفۡتِنَا فِي سَبۡعِ بَقَرَٰتٖ سِمَانٖ يَأۡكُلُهُنَّ سَبۡعٌ عِجَافٞ وَسَبۡعِ
سُنۢبُلَٰتٍ خُضۡرٖ وَأُخَرَ يَابِسَٰتٖ لَّعَلِّيٓ أَرۡجِعُ إِلَى ٱلنَّاسِ لَعَلَّهُمۡ يَعۡلَمُونَ ﴿٤٦﴾ قَالَ تَزۡرَعُونَ سَبۡعَ سِنِينَ
دَأَبٗا فَمَا حَصَدتُّمۡ فَذَرُوهُ فِي سُنۢبُلِهِۦٓ إِلَّا قَلِيلٗا مِّمَّا تَأۡكُلُونَ ﴿٤٧﴾ ثُمَّ يَأۡتِي مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ سَبۡعٞ شِدَادٞ
يَأۡكُلۡنَ مَا قَدَّمۡتُمۡ لَهُنَّ إِلَّا قَلِيلٗا مِّمَّا تُحۡصِنُونَ ﴿٤٨﴾ ثُمَّ يَأۡتِي مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ عَامٞ فِيهِ يُغَاثُ ٱلنَّاسُ وَفِيهِ
يَعۡصِرُونَ ﴿٤٩﴾ وَقَالَ ٱلۡمَلِكُ ٱئۡتُونِي بِهِۦۖ فَلَمَّا جَآءَهُ ٱلرَّسُولُ قَالَ ٱرۡجِعۡ إِلَىٰ رَبِّكَ فَسۡـَٔلۡهُ مَا بَالُ
ٱلنِّسۡوَةِ ٱلَّٰتِي قَطَّعۡنَ أَيۡدِيَهُنَّۚ إِنَّ رَبِّي بِكَيۡدِهِنَّ عَلِيمٞ ﴿٥٠﴾ قَالَ مَا خَطۡبُكُنَّ إِذۡ رَٰوَدتُّنَّ يُوسُفَ عَن
نَّفۡسِهِۦۚ قُلۡنَ حَٰشَ لِلَّهِ مَا عَلِمۡنَا عَلَيۡهِ مِن سُوٓءٖۚ قَالَتِ ٱمۡرَأَتُ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡـَٰٔنَ حَصۡحَصَ ٱلۡحَقُّ أَنَا۠
رَٰوَدتُّهُۥ عَن نَّفۡسِهِۦ وَإِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿٥١﴾ ذَٰلِكَ لِيَعۡلَمَ أَنِّي لَمۡ أَخُنۡهُ بِٱلۡغَيۡبِ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَا
يَهۡدِي كَيۡدَ ٱلۡخَآئِنِينَ ﴿٥٢﴾ ۞ وَمَآ أُبَرِّئُ نَفۡسِيٓۚ إِنَّ ٱلنَّفۡسَ لَأَمَّارَةُۢ بِٱلسُّوٓءِ إِلَّا مَا رَحِمَ رَبِّيٓۚ إِنَّ رَبِّي
غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿٥٣﴾ وَقَالَ ٱلۡمَلِكُ ٱئۡتُونِي بِهِۦٓ أَسۡتَخۡلِصۡهُ لِنَفۡسِيۖ فَلَمَّا كَلَّمَهُۥ قَالَ إِنَّكَ ٱلۡيَوۡمَ لَدَيۡنَا
مَكِينٌ أَمِينٞ ﴿٥٤﴾ قَالَ ٱجۡعَلۡنِي عَلَىٰ خَزَآئِنِ ٱلۡأَرۡضِۖ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٞ ﴿٥٥﴾ وَكَذَٰلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِي
ٱلۡأَرۡضِ يَتَبَوَّأُ مِنۡهَا حَيۡثُ يَشَآءُۚ نُصِيبُ بِرَحۡمَتِنَا مَن نَّشَآءُۖ وَلَا نُضِيعُ أَجۡرَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴿٥٦﴾ ﴾

ئەمانە چەند ئایەتێکی سورەتی (یوسف)ن لەقورئانی پیرۆز، باس لە سەرهاتێك دەکەن، کەچەندین پەندو حیکمەت دەگرێتە خۆی لەوانە لەکاتی دابەزیندا[١] :

* بەڵگەی ڕاستی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەرمان(صلى الله عليه وسلم) بوو، بەسەر گاورەکانی مەککە.

* ئاماژەیەك بوو بۆ موسڵمانان کە لە قوناغی ژێر دەستی و لاوازی لە زیندانی مەککە دەگوازرێنەوە بۆ (مەدەنیەت) لە کەش و هەوای سەربەستی لە مەدینە.

لەم بابەتەدا باس لە خاڵی دووەم دەکەین، لە پێناو دوو مەبەست:

یەکەمیان: بۆ ئەوەی بیخەینە بەر چاوی موسڵمانان کە چۆن ئیسلام ئاینی چاکسازی و مەدەنییەتە.

دووەمیان: بۆ ئەوەی بیخەینە بەرچاوی ئەوانەی کە ئیسلام بەچارەسەر نازانن، بەڵکو بە کێشە دەزانن! کە ئیسلام نەك چارەسەرە، بەڵکو تاکە چارەسەرە بۆ گشت نەخۆشییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی،کە ئەمڕۆ کۆمەڵگایەکە شانازی دەکات بە جوانی پلاندانان بۆ دوا ڕۆژ و هەنگاونان بۆ پێشکەوتنی ئابووری، بەڵام فلسێك بە پایە ڕوحییەکان نادات، ئەو پایانەی کە بە هۆیانەوە مرۆڤ لە گیانەوەر جیادەکرێتەوە! بۆیە بێجگە لەوەی کە کێشەی هەژاریان پێ چارەسەر ناکرێت، دەردی خەمۆکیشیان بۆ کۆمەڵگاکانیان هێناوەتەوە.

---

(١) سورة(يوسف) سورةٌ مكيَّة كلها قاله القرطبي في تفسيره(١١\٢٤٠) . و ينظر (١١\٢٥٩،٢٤٢)منه.

بۆ خستنە ڕووی ئەم جوانییەی ئیسلام ئێمەش تەنها لە ڕووی ئابووری و پلاندانانەوە لەگەڵ چەند ئایەتێکی سورەتی(یوسف)دا دەوەستین، کەلە پێشەکی بابەتەکەمان نووسراون. با یەکەم جار وەرگێڕانێك[1] بۆ دەقە قورئانییەکە بکەین:

(مەلیکی میسر فەرمووی: لە خەودا بینیم، حەفت مانگای قەڵەو، لە لایەن حەفت مانگای لاوازەوە دەخوران و حەفت گوڵەگەنمی سەوز و حەفت گوڵەگەنمی وشکم بینی، ئەی شارەزایان و ڕاوێژکارانم، ئەگەر خەون لێکدەدەنەوە ئەم خەونەم بۆ لێکبدەنەوە. ئەوانیش وتیان: ئەمە خەونێك نییە کاریگەرو جێگای بەدواداچوون بێت، ئێمەش لە لێکدانەوەی ئەم جۆرە خەونانە شارەزا نین. هەڤاڵی ڕزگاربووی (یوسف ـ علیه السلام) کە ساقی مەلیکە، پاش ئەو هەموو ماوە درێژە هەڤاڵەکەی کە(یوسف ـ علیه السلام)ە لە زیندانداا بەبیر هاتەوە، فەرمووی: من لێکدانەوەی خەونەکە بۆتان دەدۆزمەوە، بمنێرن بۆ لای (یوسف ـ علیه السلام) لە زیندانداا. ساقیەکەیان نارد بۆ لای (یوسف ـ علیه السلام) لە زیندانداا، کاتێ چاوی بە (یوسف ـ علیه السلام) کەوت فەرمووی: ئەی (یوسف)ی ڕاستگۆ، لە خەودا بینراوە کە: (حەفت مانگای قەڵەو، لە لایەن حەفت مانگای لاوازەوە دەخوران و حەفت گوڵەگەنمی سەوز و حەفت گوڵەگەنمی وشك لە خەوا بینراون!!). ئەم خەونەمان بۆ لێکبدەرەوە، تاوەکو بۆیان بگێڕمەوە خەڵك پەرۆشی زانینیەتی. (یوسف ـ علیه السلام) فەرمووی: حەفت ساڵ کشتۆکاڵ دەکەن بە بەردەوام، ئەوەی کە دە دوورنەوە لەناو گوڵەکە بەجێ بێڵن، بێجگە لەوەی کە دەیـخۆن، چونکە پاش ئەم حەفت ساڵە، حەفت ساڵی نەبوونی دێن، زەخیرە هەڵگیراوەکە دەیخۆن، بێجگە لە بەشی تووەکە. پاش ئەم چواردەساڵە ساڵێکی هەبوونی و پڕ باران و بەرەکەت دێت، بەڕادەیەك کە خەڵك میوە دەگۆشن و شەربەت دروست دەکەن. کاتێ مەلیك گوێ

---

(١) مەبەست لە (وەرگێڕان) تەرجومەی حەرفی نییە، چونکە ئەمە هەرگیز ناکرێت تەنانەت بەزمانی عەرەبیش ناکرێت، بەڵکو مەبەستمان وەرگێڕانی مانایە. ینظر: قاموس القرآن الکریم (ص١٨٥ـ١٩٠مبحث ترجمة القرآن).

بیستی لێکدانەوەی خەونەکە دەبێت، فەرماندەکات دەڵێت: (یوسف)م بۆ بهێنن! کاتێ فەرمانبەری مەلیك فەرمانی مەلیك بە (یوسف ـ علیه السلام) رادەگەیەنێ، (یوسف ـ علیه السلام) بە فەرمانبەرەکەی دەفەرمێت: بگەڕێوە بۆ لای مەلیك با پرسی ئەو ژنانە بزانێت کە دەستەکانیان بریندارکردووە! خودا ئاگادارە بە پلانەکانیان. ژنەکان دان بەوەدنێن کە هیچ خراپەیەکیان لە (یوسف ـ علیه السلام) نەزانیوە، (خێزانی عەزیز)یش دان بە تاوانەکەی دەنێت دەڵێت: ﴿أَنَا۠ رَٰوَدتُّهُۥ عَن نَّفۡسِهِۦ وَإِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ﴾. پاش ئەوەی مەلیك دەزانێ (یوسف ـ علیه السلام) سەرەڕای ئەوەی کە شارەزاو لێهاتووە، لە هەمان کاتدا لە لایەك دەست پاکو نەفس بەرزە، لە لایەکی تر ستەم لێکراوە! بۆیە دووبارە فەرماندەکات: ﴿ٱئۡتُونِي بِهِۦٓ أَسۡتَخۡلِصۡهُ لِنَفۡسِيۖ﴾ بۆم بهێنن، تاوەکو تایبەت مەند بکەم بە خۆم، کاتێ هێنایان و مەلیك قسەی لەگەڵ کرد پێی فەرموو: ﴿إِنَّكَ ٱلۡيَوۡمَ لَدَيۡنَا مَكِينٌ أَمِينٞ﴾ تۆ ئەمڕۆ لای ئێمە جێگەی متمانەیت، خاوەن پلە و پایەی. (یوسف ـ علیه السلام) دەفەرمێت: ﴿قَالَ ٱجۡعَلۡنِي عَلَىٰ خَزَآئِنِ ٱلۡأَرۡضِۖ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٞ﴾ واتە: ئەرکی گەنجینەی میسرم بدە دەست، تاوەکو بتوانم بیپارێزم، بە شارەزایش دابەشی بکەم، من پارێزەر و شارەزام. بەم شێوەیە (یوسف ـ علیه السلام) دەسەڵاتی کەوتە دەست، وەکو چۆن خۆی دەیەوێت کارەکان بەڕێوە دەبات، ئەمەش ڕەحمەتی خودایە، خودا پاداشتی کەسی چاکەکار بە هەدەر نادات.

ئەمە پوختەی بەشێکی بەسەرهاتی (یوسف)ە ـ علیه السلام ، کە زەخیرەی بابەتەکەمانە بۆ خستنە ڕووی دڵۆپێك لە دەریای چاکسازی ئابووری و چاکسازی سیاسی لە ئیسلامدا، لە هەموو کات و شوێنێکدا، ئێمەش بە پێی توانا ـ ئەگەر خودا پشت و پەنا بێت بە سێ بەش باسی دەکەین:

بەشی یەکەم :

چاکسازی ئابووری و دەرچوون لە قەیرانی دارایی

ئەمەش ـ بەپشتیوانی خودا ـ بە دوو خاڵ دەخەینە ڕوو:

خاڵی یەکەم: چاوپێخشاندنێك لە چین و کەسایەتییەکانی بەسەرهاتەکە.

خـاڵی دووەم: دۆزینەوەی هۆکارەکانی سەرکەوتن بە بیرکردنەوە و بە دواداچوون لە چین و کەسایەتییەکانی بەسەرهاتەکە.

خاڵی یەکەم: چاوپێخشاندنێك لە چین و کەسایەتییەکانی بەسەرهاتەکە

سەرهاتەکە باس لە سێ چین دەکات، ئەم سێ چینە لە هەموو کۆمەڵگایەکدا دەردەکەون:

یەکەمیان: چینی بڕیار بەدەست: (الملك).

دووەمیان: چینی پیاو ماقوولّ و ڕاوێژکاران: (الملاء).

سێیەمیان: چینی خەڵك دوور لە بڕیارو دەسەڵات: (الساقی فی القصر، یوسف فی السجن).

بە وردبینی لە کەسایەتی ئەمانە، دەرچوون لە قەیرانی دارایی میسر ـ ئەو کات ـ بۆمان ڕوون دەبێتەوە و نمونەیەکی دەرچوون لە قەیران دێتە بەرچاومان، کە هەموو زەمانێك خۆی دووبارە دەکاتەوە، بۆیە بەپێی سەرهاتەکە یەك بەیەك لە سەر ئەم کەسایەتییانە دەوەستین:

یەکەم: کەسایەتی مەلیك :

سەرهاتەکە چەندین ڕووی باش و خراپی کەسایەتی مەلیك دەخاتە بەر چاومان لەوانە :

* ڕووە باشەکانی کەسایەتی مەلیك:

١ـ بۆ بڕیاردان ڕاوێژ دەکات: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلْمَلَأُ أَفْتُونِى فِى رُءْيَـٰىَ﴾.

٢ـ حەق لە هەموو کەس قەبوول دەکات، ئەگەر ساقییەکەشی بێت: ﴿أَنَا۠ أُنَبِّئُكُم بِتَأْوِيلِهِۦ فَأَرْسِلُونِ﴾، یان کەسێك بێت لە زیندانداا: ﴿ فَلَمَّا كَلَّمَهُۥ قَالَ إِنَّكَ ٱلْيَوْمَ لَدَيْنَا مَكِينٌ أَمِينٌ﴾.

٣ ـ ئەگەر کەسی لێهاتووی بۆ دەرکەوت کار دەداتە دەستی، هەرکەسێك بێت: ﴿وَكَذَٰلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِى ٱلْأَرْضِ يَتَبَوَّأُ مِنْهَا حَيْثُ يَشَآءُ﴾.

* ڕووە خراپەکانی کەسایەتی مەلیك:

١ ـ ڕاوێژکارانی و چینە نزیکەکەی (الملاء) کەسانێکی خۆ پەرست و قسە زانن ﴿قَالُوٓا۟ أَضْغَـٰثُ أَحْلَـٰمٍ ۖ وَمَا نَحْنُ بِتَأْوِيلِ ٱلْأَحْلَـٰمِ بِعَـٰلِمِينَ﴾ بە مەلیکیان نەگوت، ئێمە لێکدانەوەی خەونەکەت نازانین، لە کەسانێکی تر بپرسە کە شارەزان لەم بابەتە. بەڵکو پێیان گوت: ئەگەر خەونەکەت (رؤیا)بووایە، دەمان زانی بەڵام (حُلم)ە، واتە خەونێکی بێ سەروبنە، بۆیە ئیمە لێکدانەوەکەی نازانین.

ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە مەلیك کەم تەرخەمە لەوەی کە ڕاوێژکارانی ئەم جۆرە کەسانەبن، یان ئەوندە بەتوانا نییە کە بیانگۆڕێت، یان لەبەر هەواو هەوەسەکەی حەزناکات بیانگۆڕێت، یان پێی گرنگ نییە ڕاوێژکار هەرکەسێك بێت، خۆی ئەوندە بەزانا و بلیمەت تێدەگات، کە پێویستی بە ڕاوێژکار نەبێت!

ئەوەی نزکتریش ئەوەیە، کە بەدوای کەسی شیاودا ناگەرێت، تەنها بەوانە رازییە کە لە دەوروبەرەکەینە. کاری ماملەکەتەکەی پێیان بە رێوەدەچێت، ئەویش پێی باشە و بیر لە باشترین ناکاتەوە.

٢ ـ لە ئەنجامی خراپی ڕاوێژکارانی، کەسی شیاوی لە جێی شیاونەداناوە ، چونکە خزمەت کارەکەی(ساقی) سیفاتی راوێژکاری تێدایە بەڵام مەی گێری دەکات، کەچی راوێژکارانی شیاوی ئەوەن کە مەیگێری بکەن بەلام ڕاوێژکارن[١].

٣ ـ مەلیك ئاگای لە دادوەری و دادگای وڵاتەکەی نییە، کێ بە ستەم زیندانی دەکرێت، یان کێ بە فێل بازی بێ تاوان دەردەچێت: ﴿وَقَالَ ٱلۡمَلِكُ ٱئۡتُونِي بِهِۦۖ فَلَمَّا جَآءَهُ ٱلرَّسُولُ قَالَ ٱرۡجِعۡ إِلَىٰ رَبِّكَ فَسۡـَٔلۡهُ مَا بَالُ ٱلنِّسۡوَةِ ٱلَّٰتِي قَطَّعۡنَ أَيۡدِيَهُنَّۚ إِنَّ رَبِّي بِكَيۡدِهِنَّ عَلِيمٞ﴾ .

سەرهاتەکە ئەم چەند خالەی باش و خراپی کەسایەتی مەلیك دەخاتە ڕوو، وەکو وانەیەك بۆ گشت سەرکردەیەك و کاربەدەستێك، کە پێداچوونەوەیەك بۆ کەسایەتی خۆیان بکەن ، بە زیادکردنی لایەنە باشەکان ، و نەهێشتنی لایەنە خراپەکان.

لە هەمان کاتدا سەرهاتەکە باس لە ئاینی مەلیك ناکات، هەروەها باس لە وەش ناکات ئایا (یوسف ـ علیه السلام) بانگەوازی مەلیکی کردووە بو ئیسلامەتی یان نە؟ ئەمەش وانەیەکی ترە لە کاتی باس کردنی کەسایەتی (یوسف ـ علیه السلام) دێتەبەرچاومان.

(١) بڕوانە: خالەکانی کەسایەتی مەی گێڕ، و لەگەڵ سیفاتی ڕاوێژکارانی مەلیك هەلسەنگێنە!.

دووەم: کەسایەتی ڕاوێژکارانی مەلیك (الملأ):

بە تێروانینی بەسەر هاتەکە دەردەکەوێت کە ڕاوێژکارانی مەلیك بیر لە سوودمەندبوونی خۆیان دەکەنەوە، نەك سوودمەندبوونی خەڵك و وڵات، بۆیە دەیانەوێت خۆیان بەشارەزا پیشانی مەلیك بدەن، تاوەکو لە دەوروبەری مەنجەڵ بمێننەوە، بۆ ئەم مەبەستە:

* زۆر قسە زانن بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکان لە مەلیك ـ وەکو باسمان کرد ـ: ﴿قَالُوٓاْ أَضۡغَٰثُ أَحۡلَٰمٖۖ وَمَا نَحۡنُ بِتَأۡوِيلِ ٱلۡأَحۡلَٰمِ بِعَٰلِمِينَ﴾.

* لە هەمان کاتدا هاودەنگن لەگەڵ یەکتر بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان: ﴿قَالُوٓاْ﴾! ، ﴿وَمَا نَحۡنُ﴾!.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کەسی ناشیاون لە جێگای شیاو ـ وەکو باسکرا ـ.

سێیەم: کەسایەتی خزمەتکاری مەلیك(ساقی):

خزمەتکاری مەلیك(ساقی)، مرۆڤێك بوو سیفەتەکانی لەکارەکەی بەرزترن، کە مەی گێڕی بووە، بە واتایەکی تر کەسێکی شیاو بووە بۆ کارێکی ناشیاو بەکارهاتووە، ئەگەر چەند سیفەتێکی بخەینە بەرچاو ئەم ڕاستییەمان بۆ ڕووندەبێتەوە ، لە سیفەتە شیاوەکانی:

١ـ چاونەترسی:

چونکە هەرچەندە خزمەتکار و مەی گێڕە، بەڵام زۆر بە چاونەترسییەوە لە مەجلیسی مەلیك و ڕاوێژکارانی قسەی کرد ﴿أَنَاْ أُنَبِّئُكُم بِتَأۡوِيلِهِۦ﴾ .

٢ ـ ڕاست گۆیی:

* خەونەکە چۆن بوو وای بۆ یوسف ـ علیه السلام گێڕایەوە: ﴿سَبۡعَ بَقَرَٰتٖ سِمَانٖ يَأۡكُلُهُنَّ سَبۡعٌ عِجَافٞ وَسَبۡعَ سُنۢبُلَٰتٍ خُضۡرٖ وَأُخَرَ يَابِسَٰتٖۖ﴾[1] ، ﴿سَبۡعِ بَقَرَٰتٖ سِمَانٖ يَأۡكُلُهُنَّ سَبۡعٌ عِجَافٞ وَسَبۡعِ سُنۢبُلَٰتٍ خُضۡرٖ وَأُخَرَ يَابِسَٰتٖ﴾[2] .

* هەروەها لێکدانەوەی خەونەکە چوون بوو وای بۆ مەلیك گێڕایەوە.

٣ ـ وەفاداری:

* وەفاداری بۆ مەلیك، کە جێی مەبەستی پیشاندا: ﴿أَنَا۠ أُنَبِّئُكُم بِتَأۡوِيلِهِۦ فَأَرۡسِلُونِ﴾.

* وەفاداری بۆ یوسف (علیه السلام) کاتێ بەبیری هاتەوە بۆی گەڕاوە: ﴿يُوسُفُ أَيُّهَا ٱلصِّدِّيقُ﴾.

* وەفاداری بۆ خەڵك، کە بۆ چارەیان هەوڵدەدات، دەست والا دانانیشێت لە قەصری مەلیك: ﴿لَّعَلِّيٓ أَرۡجِعُ إِلَى ٱلنَّاسِ لَعَلَّهُمۡ يَعۡلَمُونَ﴾ .

٤ ـ ژیری:

زانی کە ئەم جۆرە خەونە شتێکی خودایی لە پشتە: ﴿يُوسُفُ أَيُّهَا ٱلصِّدِّيقُ أَفۡتِنَا﴾ .

---

(١) یوسف:٤٣

(٢) یوسف:٤٦

چوارەم : کەسایەتی خێزانی عەزیز(إمرأه العزيز) :

کەسایەتییەکی چاونەترسە:

* بۆ خواست و مەرامەکانی خۆی دژی نەریتەکانی کۆمەڵگا دەوەستێت.

* کاتێ ڕاستی بۆی ڕوون دەبێتەوە، بە بوێری دان بە تاوانەکانیدا دەنێت و بۆ ڕاستی دەگەڕێتەوە.

پێنجەم : کەسایەتی (یوسف ـ عليه السلام) [1] :

ئەمە کەسایەتی چاکسازە (مصلح)ە، لە بەسەرهاتەکەدا، تاوەکو ببێتە نمونەیەکی ڕاست بۆ ئەو کەسانەی بیر لە چاکسازی دەکەنەوە. لە بەسەرهاتەکەدا ئاماژە بۆ چەند سیفەتێکی ئەم کەسایەتییە دەکرێت لەوانە:

١ ـ خزمەت کردن بەبێ داواکردنی پاداشت: چونکە خودی خزمەتەکە بە ئەرك تێدەگات، بۆیە کاتێ کێشەکەیان بۆ باسکرد، کە سەرهاتی خەونێك بوو، هیچ مەرجی دانەنا پێش لێکدانەوەی، بەواتایەکی تر نەی فەرموو :

*با مەلیك موسڵمان ببێت ئەوجا خەونەکەی بۆ دەگێڕمەوە.

*یان لە زیندان دەرم خەن ، ئەوجا خەونەکەتان بۆ لێکدەدەمەوە.

---

(١) ئەگەر مرۆڤ ناخی چاك بێت لە هەر شوێنێك بێت چاکەکارە، کاتێ (یوسف) لە زینداندا بوو خەڵکی پێیان دەگوت: ﴿إِنَّا نَرَىٰكَ مِنَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ﴾(یوسف:٣٦) کاتێ لە سەر کورسی دەسەڵات بوو لە میسر ـ گەورەترین دەوڵەتی دونیای ئەوکات ـ بەهەمان شێوە خەڵکی پێیان دەگوت: ﴿إِنَّا نَرَىٰكَ مِنَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ﴾(یوسف: ٧٨)! صدق رسول الله (صلى الله عليه وسلم): (الناس معادن كمعادن الفضة والذهب خِيارهم في الجاهلية خيارهم في الإسلام إذا فَقُهُوا) رواه مسلم (٢٠٣١)وغيره.

بەڵکو یەکسەر چارەسەریەکەی دا دەستیان بێ بەرامبەر، فەرمووی: ﴿... تَزۡرَعُونَ سَبۡعَ سِنِينَ دَأَبٗا فَمَا حَصَدتُّمۡ فَذَرُوهُ فِي سُنۢبُلِهِۦٓ إِلَّا قَلِيلٗا مِّمَّا تَأۡكُلُونَ ﴿٤٧﴾ ثُمَّ يَأۡتِي مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ سَبۡعٞ شِدَادٞ يَأۡكُلۡنَ مَا قَدَّمۡتُمۡ لَهُنَّ إِلَّا قَلِيلٗا مِّمَّا تُحۡصِنُونَ ﴿٤٨﴾ ثُمَّ يَأۡتِي مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ عَامٞ فِيهِ يُغَاثُ ٱلنَّاسُ وَفِيهِ يَعۡصِرُونَ﴾ .

ئەم ڕەوشت بەرزییەش گەورەترین ڕێگای بانگەوازە بۆ ئیسلام و خودا پەرستی.

٢ ـ شارەزایی و توانای تێگەیشتن (بەهرەداری): چاکسازی بە شارەزایی و توانای خوێندنەوەی کێشەکان دەکرێت، نەك بە نەزانین و هەڕەمەکی ، ئەم شارەزایی و تێگەیشتنە بە کەسایەتی موصلحی گەورەوە (یوسف ـ علیه السلام) دیارە، پوختەکەی ئەوەیە کە لە خەونەکەدا ئاماژەکردن بە حەفت ساڵی نەهاتی بە مانگای لاواز وگوڵەگەنمی وشك، و حەفت ساڵی پڕ بەرەکەت بە مانگای قەڵەو و گوڵەگەنمی سەوز، مانای ئەوەیە: ساڵە پڕ بەرەکەتەکان دەبنە زەخیرە بۆ ساڵانی نەهات. ئەم چواردە ساڵە خوێندنەوەیان دیارە بە پێی لێکدانەوەی (یوسف ـ علیه السلام). ئەی ساڵی پانزەم: ﴿ثُمَّ يَأۡتِي مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ عَامٞ فِيهِ يُغَاثُ ٱلنَّاسُ وَفِيهِ يَعۡصِرُونَ﴾ ؟

ساڵی پانزەم لەبەهرەداری و جوان تێگەیشتنی (یوسف ـ علیه السلام)ە، چونکە کۆتایی هاتنی حەفت ساڵی نەبوونی، پێویست دەکات کە ساڵێکی پڕ بەرەکەت بە دوایاندابێت. هەروەها کاتێ فەرمان دەکات گوڵەکان لەناو وشویەکەیان زەخیرەبکرێن ﴿فَمَا حَصَدتُّمۡ فَذَرُوهُ فِي سُنۢبُلِهِۦٓ﴾، بەڵگەی شارەزایەتی لە کاروباری دونیا، بەتایبەت بە کۆگاکردنی داهات (التخزین) بۆ ماوەیەکی زۆر، کە خۆ ئامادەکردنە بۆ قەیران پێش ئەوەی قەیران بێت .

٣ ـ سومعە پاکی: بەرامبەر خەڵك و بەرامبەر خودا.

* موصلحی گەورە (یوسف ـ علیه السلام) قەبوولی نەبوو وەکو تاوانبارێکی بە سزا گەیشتوو لە زیندان دەربێت، بەڵکو وەکو ستەم لێکراوێکی بێ تاوان پێوستە لە زیندان دەربێت: ﴿قَالَ ٱرۡجِعۡ إِلَىٰ رَبِّكَ فَسۡـَٔلۡهُ مَا بَالُ ٱلنِّسۡوَةِ ٱلَّٰتِي قَطَّعۡنَ أَيۡدِيَهُنَّۚ﴾ ئەمەش گەورەترین هۆکارە، کە جێگای متمانەی خەڵك بێت، واتە خەڵکەکە بزانێت دەسەڵاتی بەڕێوەبردن لە ناو دەستێکی پاکە و ئەوەی پێویستە بۆ خەڵك دەکرێت.

* بۆ ئەوەی وا لێکنەدرێتەوە، کە (یوسف ـ علیه السلام) هەموو خەمێکی سومعە پاکییە بەرامبەر خەڵك نەك خودا، فەرمووی : ﴿إِنَّ رَبِّي بِكَيۡدِهِنَّ عَلِيمٞ﴾ واتە : خودا زانایە بەو پیلانەی کە ئافرەتەکان گێڕایان.

٤ ـ هاتنە مەیدان: موصلحی گەورە (یوسف ـ علیه السلام) کە لە لوتکەی دینداری و بەندایەتی خودا دا بوو، هیچ کات بیری لەوەنەکردەوە، نەخشەی چاکسازییەکە بە سەرانی میسر بدات، خۆی لە گۆشەیەکی مزگەوت گۆشەگیر بکات بۆ خودا پەرستی و بەندایەتی کردن، چونکە دەیزانی خوداپەرستی تەواو و بەندایەتی ڕاستەقینە بۆ خودای پەروەردگار، دەرکەوتنە بۆ مەیدانی چاکسازی، بەتایبەت کاتێ دەزانێ کە مەیدانەکە پێویستی بە شاسوارێکی وەکو ئەوە، کە زانابێ لە خۆ ئامادەکردن بۆ قەیران و خاوەن توانابێ لە پاراستنی و دابەشکردنی زەخیرە لە ڕۆژگاری قەیران، بۆیە بە مەلیك ئەفەرمیت: ﴿ٱجۡعَلۡنِي عَلَىٰ خَزَآئِنِ ٱلۡأَرۡضِۖ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٞ﴾ واتە: (گەنجینەم بدە دەست من پارێزەرم بۆ داهاتەکە و زانام بە دابەشکردنی) بەم شێوەیە جڵەوی کار دەگرێتە دەست، خوداپەرستی بە پاراستنی داهاتی خەڵك دەکات، نەك تەنها بە نوێژ کردن و بەندایەتی بە دادپەروەری دابەشکردن دەکات، نەك تەنها بە ڕۆژوو گرتن! .

خاڵی دووەم: دۆزینەوەی هۆکارەکانی سەرکەوتن بە بیرکردنەوە و بە دواداچوون لە چین و کەسایەتییەکانی بەسەرهاتەکە.

ئەگەر ئێمە بیر لەم پێنج کەسایەتییە بکەینەوە:

* (مەلیك)لە چینی بڕیاردان.
* (ڕاوێژکاران ـ الملأ ـ) لە چینی نزیك دەسەڵات، لەوانەش خێزانی عەزیز.
* (مەی گێڕ و یوسف ـ علیه السلام) لەچینی دوور لە بڕیار و دەسەڵات.

ئەوا پێویستە لە چەند وێستگەیەکی بیرکردنەوە ڕابوەستین، تاوەکو بزانین بۆچی سەرەڕای هەبوونی کەموکورتی لە چینی بڕیاردان و ڕاوێژکاریدا، پرۆژەکە سەرکەوت!؟

وێستگەی یەکەم :

سەرەڕای هەبوونی کەمو کورتی لە چینی بڕیاردان (الملك) و ڕاوێژکاری (الملأ)، سەرکەوتنی پرۆژەکە بۆ سێ خاڵ دەگەڕێتەوە:

یەکەمیان: هەبوونی ئیرادەی چاکسازی لای مەلیك.

دووەمیان: دۆزینەوەی کەسی چاکساز، جا هەرکەسێك بێت، یان لە هەر شوێنێك بێت، لەگەڵ ڕەخساندنی بار بۆ کار پێکردنی.

سێیەم: زوو بەخۆکەوتن پێش هاتنی قەیران، بە خۆ ئامادەکردنێکی درێژخایەن بۆ قەیران.

وێستگەی دووەم:

بە تێڕوانین لە کەسایەتی چاکسازی گەورە (یوسف ـ علیه السلام) بۆمان دەردەکەوێت کە چاکسازی جا هەر چاکسازییەك بێت ـ لەوانە چاکسازی ئابووری ـ ، بۆ کەسی چاکساز دەگەڕێتەوە، نەك هەبوونی کەرستەی ماددی چاکسازی، ئەمەش بە بەڵگەی:

٢،١ ــ شەرع و عەقل: پێویستە داهات لە بوونەوەردا لە پێویستییەکانی مرۆڤ زیاتر بێت، پەروەردگار ئاماژە بۆ ئەمە دەکات کاتێ دەفەرمێت : ﴿وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا مِّنْهُ ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأَيَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ﴾[١] واتە: ئەوەی لە سەر زەوی و ئاسمانانە بۆ مرۆڤ موسەخەر کراوە، و فەرمان بە مرۆڤ دەکات کە بیر لەمە بکاتەوە.

٣ ـ مێژوو: باشترین نمونەی مێژووش لەسەر ئەمە: خەلیفەی ئەمەوی(عمر بن عبد العزيز)[٢] توانی تەنها بە ماوەی دووساڵ و چەند مانگێك کۆتایی بە کێشەی هەژاری بێنێت، لە زەریای ئەتلەسییەوە بۆ نزیك چین! لە سەردەمێك کە:

* ئەو تەکنەلوجیایەی ئەمڕۆ لە سەر زەوی دەبینین نەبوو!.
* هەروەها ئەو نەفتەی ئەمڕۆ لەبن زەوی دەردێنین نەبوو!.

بەڵکو تەنها دوو شت هەبوو:

* ژیری هەبوو لە بڕیاردانی بڕیاربەدەستان.
* دادپەروەری هەبوو لە هەڵسوکەوتکردنی کاربەدەستان.

پوختەی ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت، کە هەموو قەیرانێك مرۆڤ دروستی دەکات، بە نادادپەروەری و نەزانین و تەنها مرۆڤیش چارەسەری دەکات، بە دادپەروەری و زانین، کەواتە کێشە و قەیرانەکان سەرچاوەیان داهات نییە، بەڵکو نادادپەروەری و نەزانینی ئینسانە!

---

(١) الجاثية:١٣.

(٢) ينظر: الفكر السامي في تأرخ الفقه الإسلامي (٢\٣٠٢). و ينظر في كتاب: مشكلة الفقر و كيف عالجها الإسلام لدكتور يوسف القرضاوي.

وێستگەی سێیەم:

جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان کەسی چاك (صالح) و کەسی چاکساز (مُصلِح).

هەبوونی کەسی یەکەم چاك(صالح) لە کۆمەڵگادا، نابێتە بەربەست بەرامبەر گەندەڵبوونی کۆمەڵگا بەدەست گەندەڵکاران، چونکە وادەزانێ کە ئەرکەکەی تەنها خۆپاراستنە لە گەندەڵبوون، بەڵام هەبوونی کەسی دووەم چاکساز(مصلح) لە کۆمەڵگادا، دەبێتە بەربەست بەرامبەر گەندەڵبوونی کومەڵگا بەدەست گەندەڵکاران، چونکە ڕێگری لە گەندەڵکار بە ئەرك دەزانێ، نەك تەنها دوورکەوتنەوە لە گەندەڵبوون! بەمەش کۆمەڵگاکە پارێزراو دەبێت لە لەناوچوون!.

ئاینی ئیسلام ئاماژە بۆ ئەم راستییە دەکات :

لە ئایەتی(١١٧)ی سورەتی (هود)دا هاتووە: ﴿وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهْلِكَ ٱلْقُرَىٰ بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا مُصْلِحُونَ﴾ واتە: ئەگەر خەڵکی شارستانێك چاکساز بن ستەمکار نەبن، ئەوا هەرگیز خودا ئەو شارە لەناو نابات.

بەڵام کاتێ یەکێ لە خێزانانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بە پێغەمبەرمان دەفەرمێت: «يَا رَسُولَ اللَّهِ أَنَهْلِكُ وَفِينَا الصَّالِحُونَ» واتە : (ئەی پێغەمبەری خودا، خودا لەبەر تاوان لەناومانەبات؟! لەکاتێکدا کە پیاوچاك لەناوماندا هەن!) فەرمووی: «نَعَمْ ، إِذَا كَثُرَ الْخُبْثُ»[١] واتە: (بەڵێ کە خراپە زۆر بوو).

---

(١) متفقٌ عليه

چونکە مرۆڤە چاکسازەکان ﴿مُصۡلِحُونَ﴾ کۆمەڵگا دەپارێزن بە کارەکانیان کە چاکسازی گشتین بۆ خۆیان و خەڵك، نەك مروڤە چاکەکان «الصَّالِحُونَ»، کە چاکسازیان تەنها خۆ پاراستنە لە خراپە [١] .

ئەوەی لەکۆتایی ئەم ویستگەیەدا پێویستە بزانرێت، ئەوەیە کە هەموو چاکسازێك چاکە، بەڵام هەموو چاکێك، چاکسازنییە. هەر بۆیە چاکسازی بەتایبەت لە بەڕێوەبردندا دوو مەرجی پێویستە:

یەکەمیان: دەست پاکی و تەقواداری، تاوەکو ئەمانەتەکە پارێزراوبێت، بە هەدەر نەڕوات.

دووەمیان: ژیری و شارەزایی، تاوەکو ئەمانەتەکە پەرەی پێ بدرێت، بگاتە جێگای مەبەست.

(یوسف ـ علیه السلام) ئاماژە بۆ ئەم دوو مەرجە دەکات کاتێ بە مەلیکی میسر دەفەرمێت : ﴿قَالَ ٱجۡعَلۡنِي عَلَىٰ خَزَآئِنِ ٱلۡأَرۡضِۖ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٞ﴾. واتە: گەنجینەکانم بدە دەست، من دەیان پارێزم بە دەست پاکی و بە شارەزایی پەرەیانپێدەدەم و دەگەیێنمە جێی مەبەست.

ئەم دوو مەرجەش تەنها بە ئیسلام و قورئان لەناخی مرۆڤدا دروست دەبن.

(١) ينظر: قصة أصحاب السبت في سورة الأعراف الآيات: (١٦٣ ـ ١٦٦).

بەشی دووەم:

سێ زاراوە ترسناکەکەی قورئانی پیرۆز [١]

و دەستپێکردنی چاکسازی لە ناخی مرۆڤەوە

قورئانی پیرۆز باس لە سێ زاراوەی ترسناك دەکات:

یەکەمیان: ﴿أَنَاْ﴾ واتە: (من).

کاتێ (ئیبلیس) خۆی بەگەورەدەزانێ و فەرمانی خودا بەجێ ناگەیەنێ لە کڕنۆش بردن بۆ ئادەم (علیه السلام) و دەڵێت: (من) لە ئادەم باشترم ئەسڵی من لە ئاگرە و ئەسلی ئەو لە خۆلە[٢]: ﴿قَالَ أَنَاْ خَيۡرٞ مِّنۡهُۖ خَلَقۡتَنِي مِن نَّارٖ وَخَلَقۡتَهُۥ مِن طِينٖ﴾ (سورة ص: ٧٦).

دووەمیان: ﴿عِندِي﴾ واتە: (لە خۆمەوەیە).

کاتێ (قارون) شانازی بە زانستی خۆی دەکات، دەڵێت ئەم سەروەت و سامانە بە شارەزایی خۆم کۆکردووتەوە : ﴿قَالَ إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلۡمٍ عِندِيٓۚ﴾ (القصص: ٧٨).

سێیەمیان: ﴿لِي﴾ واتە: (هی خۆمە).

کاتێ(فیرعەون) شانازی بە موڵك و دەسەڵاتی خۆی دەکات دەڵێت:﴿وَنَادَىٰ فِرۡعَوۡنُ فِي قَوۡمِهِۦ قَالَ يَٰقَوۡمِ أَلَيۡسَ لِي مُلۡكُ مِصۡرَ وَهَٰذِهِ ٱلۡأَنۡهَٰرُ تَجۡرِي مِن تَحۡتِيٓۖ أَفَلَا تُبۡصِرُونَ﴾ (الزخرف: ٥١).

---

(١) قال ابن القيم في كتابه: زاد المعاد في هدي خير العباد (٣\٤٧٥): و ليحذر كل الحذر من طغيان (أنا) و (لي) و (عندي)، فإن هذه الألفاظ الثلاثة ، ابتلي بها إبليس، و فرعون ، و قارون:

* ﴿أَنَاْ خَيۡرٞ مِّنۡهُۖ﴾ لإبليس.

* ﴿أَلَيۡسَ لِي مُلۡكُ مِصۡرَ﴾ لفرعون.

* ﴿أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلۡمٍ عِندِيٓۚ﴾ لقارون!.

(٢) لبيان فساد قياس إبليس في تفضل النار على التراب، ينظر: مجموعة الفتاوى(١٥\٥ـ٦) حيث ذكر شيخ الإسلام خمسة وجوه في بيان ذلك، و في كتابه: بيان تلبيس الجهمية (١\٢٦١) وجه آخر، و ينظر: الجامع الكامل لكلام الإمام ابن تيمية في التفسير(٣\١٣٨ـ١٣٩).

بەکار هێنانی سێ زاراوە ترسناکەکە :

﴿أَنَاْ﴾ ، ﴿عِندِی﴾ ، ﴿لِی﴾

لە نێوان ماناکانی خۆدا پەرستی و خۆ پەرستی

بەڵام ئەم سێ زاراوە ترسناکە، کە سێ هێزی هەستە شاراوەکانی ناخی مرۆڤن، کاتێك نەفرەت لێکراون کە بۆ شەڕانگێزی بەکاربێن، کە شەڕانگێزی خۆ سەپاندنە بەسەر خەڵك بە خۆپەرستی، ئەم خۆ پەرستییە ئەگەر:

* ڕەگەز پەرستی بێت وەکو (ئیبلیس)، بە خۆ گەورەکردن بە ڕەگەزەکەی کە ئاگرە (نار).
* یان سەروەت پەرستی بێت وەکو (قارون)، بە خۆ گەورەکردن بە شارەزاییەکەی (علم).
* یان دەسەڵات پەرستی بێت وەکو (فیرعەون)، بە خۆگەورەکردن بە موڵکی میسر(ملك).

ئیتر خۆ پەرستییە و هەموو خۆپەرستییەکیش :

* دژایەتییە بۆ خوداپەرستی.
* مشەخۆرییە لەسەر مافەکانی خەڵك.

بەڵام کاتێك ئەم سێ زاراوە ترسناکە ـ کە سێ هەستی شاراوەی ناخی مرۆڤن ـ بۆ کاری چاکە بەکاردەهێنرێن، ئەوا ئەوکات ڕەحمەتن، نەك نەفرەت، خوداپەرستین نەك خۆ پەرستی، خزمەتکردنن بۆ خەڵك، نەك مشەخۆرین لەسەر خەڵك!.

لە بەسەرهاتی خەونی مەلیك لە سورەتی (یوسف) ئەم ڕاستییە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کاتێ دەبینین سێ زاراوە ترسناکەکە: ﴿أَنَاْ﴾ ، ﴿عِندِی﴾ ، ﴿لِی﴾ بۆ چاکە بەکارهاتوون :

یەکەم :

بەکارهێنانی زاراوەی ﴿أَنَا﴾ ـ من ـ بۆ چاکە

﴿أَنَا﴾ واتە:(من)، کاتێ هەڤاڵی (یوسف) دەفەرمێت: ﴿أَنَاْ أُنَبِّئُكُم بِتَأۡوِيلِهِۦ فَأَرۡسِلُونِ﴾ واتە: من ئاشناتان دەکەم بە لێکدانەوەی خەونەکە، بمنێرن بۆ لای (یوسف)لە زیندانادا.

ئەم ﴿أَنَا﴾ یەی هەڤاڵی (یوسف) زۆر جیاوازە لە ﴿أَنَا﴾ی (ئیبلیس)، جیاوازییەکەش جیاوازی نێوان (ڕەحمەت) و (نەفرەت)ە:

* (ڕەحمەت) لێرەدا ئەوەیە خزمەت بە مرۆڤ بکرێت بە ڕێزلێگرتن لەو کەسەی کە خودا ڕێزی لێگرتووە و زانست و پێغەمبەرایەتی پێ بەخشیوە، کە(یوسف)ە علیه السلام.

*(نەفرەت) لێرەدا ئەوەیە کە دژایەتی فەرمانی خودا بکرێت، کە فەرمان دەکات بە ڕێز لێگرتنی باوکی مرۆڤایەتی کە (ئادم)ە ـ علیه السلام ـ ، کە (ئیبلیس) سەرپێچی ئەم فەرمانەی کردوە.

پوختەکەشی ئەوەیە کە مەی گێڕ بە کاری (ڕەحمەت) هەڵسا، و (ئیبلیس) بە کاری (نەفرەت) هەڵسا، هەردووکیشیان گۆتیان: ﴿أَنَا﴾!.

مەی گێڕ و لاسایکردنەوەی (یوسف علیه السلام)

لە بەکار هێنانی زاراوەی: ﴿أَنَا﴾

یان دەتوانین بڵێین مەی گێڕ کاتێ گوتی: ﴿أَنَا﴾، وەکو یوسف ـ علیه السلام ـ فەرمووی لە سێ حاڵەتدا:

* ﴿وَأَنَاْ خَيۡرُ ٱلۡمُنزِلِينَ﴾[1] بۆ ڕێزلێنانی مافەکان.
* ﴿وَأَنَاْ بِهِۦ زَعِيمٞ﴾[2] بۆ پاراستنی مافەکان.
* ﴿أَنَاْ أَخُوكَ فَلَا تَبۡتَئِسۡ بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ﴾[3] بۆ گەڕاندنەوەی مافەکان.

نەك وەکو (ئیبلیس) کە شانازی بە ڕەگەزەکەیەوە کرد و گوتی: ﴿أَنَاْ خَيۡرٞ مِّنۡهُ خَلَقۡتَنِي مِن نَّارٖ وَخَلَقۡتَهُۥ مِن طِينٖ﴾ بۆ قەدەغەکردنی مافەکان، کە مافی ڕێزگرتن بوو لە باوکی ئادەمیزاد ئادەم ـ علیه السلام ـ بە کڕنۆش بۆ بردن.

قال شيخ الاسلام (رحمه الله):

من فارق الدليل ضلَّ السبيل

---

(١) یوسف:٥٩.

(٢) یوسف: ٧٢.

(٣) یوسف: ٦٩.

خێزانی (عەزیز) و جوان بەکارهێنانی

زاراوە ترسناکەکەی: ﴿أَنَا﴾

هەروەها سەرهاتەکە ئاماژە بۆ خاڵێکی تری زۆر گرنگ دەکات، ئەویش سەرکەوتن بەسەر ﴿أَنَا﴾ی (ئیبلیس) کە دانی بە تاوانەکەی نەنا، بە داننان بەتاوان! کاتێك (خێزانی عەزیز) ڕوو دەکاتە ڕاستی، پشت لە لووت بەرزی دەکات و دان بەتاوانەکەی دەنێت و دەفەرمێت: ﴿أَنَا رَٰوَدتُّهُۥ عَن نَّفۡسِهِۦ وَإِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ﴾[1] واتە : من تاوانبارم و دەستم بۆ (یوسف)ی درێژ کردووە، ئەو ڕاستگۆ و بێ تاوانە!.

ئەمەش بۆ ئافرەتێکی ناسراو و خاوەن پلە و پایە، زۆر قورسە، بەڵام تاکە ڕێگای گەڕانەوەیە بۆ خاوێنکردنەوەی ناخ و حەسانەوەی دەروون. هیچ چاکسازییەك لە کەسایەتی مرۆڤدا ڕووناداتە ئەگەر دان بە هەڵەکانی نەنێت و مافەکان نەگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکانیان.

﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا فَٱتَّبِعُوهُۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمۡ عَن سَبِيلِهِۦۚ ذَٰلِكُمۡ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ﴾

الأنعام:١٥٣

(١) یوسف: ٥١.

دووەم:

بەکارهێنانی زاراوەی ﴿عِندِی﴾ ـ لای خۆم ـ بۆ چاکە

﴿عِندِی﴾ واتە: (لە خۆمەوەیە یان لای خۆمەوەیە)، کاتێ (یوسف ـ علیه السلام) هەمان زاراوە بەرامبەر براکانی بەکاردەهێنێت بۆ گەڕاندنەوەی مافەکان کە پێیان دەفەرمێت: ﴿أَلَا تَرَوْنَ أَنِّيٓ أُوفِي ٱلْكَيْلَ وَأَنَا۠ خَيْرُ ٱلْمُنزِلِينَ * فَإِن لَّمْ تَأْتُونِي بِهِۦ فَلَا كَيْلَ لَكُمْ عِندِي وَلَا تَقْرَبُونِ﴾[1] واتە: (ئێوە نابینن! کە چۆن بە تەواوی و بێ کەم و کورتی کێشان و پێوان دەکەم، چۆن ڕێز لە میوان دەگرم!؟ بۆیە پێویستە لە سەرتان برایەکی باوکیتان بۆم بێنن، ئەگەر نەیهێنن هیچتان لای من نییە و نزیکم مەکەونەوە).

بەڵام ئەم بەکارهێنانە جیاوازە لە بەکارهێنانی (قارون) کاتێ شانازی بە ماڵ و سەروەتەکەیەوە دەکات و دەڵێت: ﴿إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلْمٍ عِندِيٓ﴾[2] واتە: بە زانستی خۆم سەروەتەکەم کۆکردووتەوە، لە چاکەکردن بە خەڵك بۆ ڕێی خودا و پاداشتی قیامەت بێ ئاگایە.

ئەم جیاوازییە بە جوانتر دەردەکەوێت کاتێ (یوسف ـ علیه السلام) بە مەلیك دەفەرمێت: ﴿ٱجْعَلْنِي عَلَىٰ خَزَآئِنِ ٱلْأَرْضِ ۖ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٌ﴾، واتە : کلیلی گەنجینەکانی زەویم بدە دەست من پارێزەرم بۆ داهات و خاوەن زانستم لە کۆکردنەوە و دابەشکردنی.

جیاوازییەکەش لەوەدایە:

* (یوسف ـ علیه السلام) زانستەکەی بۆ خزمەت کردن بەکار هێنا.
* (قارون) زانستەکەی بۆ خۆ سەپاندن بەکار هێنا.

---

(١) یوسف: ٥٩.

(٢) القصص: ٧٨.

هەردووکیشیان خاوەن زانست بوون، بەڵام:

* (یوسف ـ علیه السلام) زانستەکەی ڕەحمەتی لەگەڵ بوو، چونکە دژی هەژاری بوو.
* (قارون) زانستەکەی نەفرەتی لەگەڵ بوو، چونکە خۆ سەپاندن بوو بەسەر هەژاران.

هەردووکیشیان گوتیان ﴿عِندِی﴾ و هەردووکیشیان زانستیان دایە پاڵ خۆیان:

* (یوسف ـ علیه السلام) فەرمووی: ﴿إِنِّی حَفِیظٌ عَلِیمٌ ﴾ .
* (قارون) گوتی: ﴿إِنَّمَآ أُوتِیتُهُۥ عَلَىٰ عِلۡمٍ﴾.

سێیەم:

بەکارهێنانی زاراوەی ﴿لِی﴾ ـ هی خۆمە ـ بۆ چاکە

﴿لِی﴾ واتە: (هی خۆمە)، کاتێ (فیرعەون) شانازی بە مولك و دەسەڵاتی خۆی دەکات، بە شانازی و خۆسەپاندنەوە دەڵێت: ﴿ أَلَیۡسَ لِی مُلۡكُ مِصۡرَ﴾ واتە: ئەی مولکی میسر هی خۆم نییە!؟ بەڵام خاوەن دەسەڵاتی چاکساز کە (یوسف)ە ـ علیه السلام ـ ماناکانی دەسەڵات و مولك بە شێوازێکی تر دەداتە پاڵ خۆی کە دەفەرمێت :

﴿رَبِّ قَدۡ ءَاتَیۡتَنِی مِنَ ٱلۡمُلۡكِ﴾ واتە: خودایە مولکت پێبەخشیوم!. وەکو شوکرانەیەك بۆ تەمکین بوونی لەسەر گەنجینەکانی زەوی ﴿وَكَذَٰلِكَ مَكَّنَّا لِیُوسُفَ فِی ٱلۡأَرۡضِ یَتَبَوَّأُ مِنۡهَا حَیۡثُ یَشَآءُۚ ﴾ .

جیاوازییەك لەنێوان دوو شێوازی دەربڕین بۆ هەبوونی مولك

بۆیە لێرەدا جیاوازییەك دێتە بەرچاومان لە نێوان دوو شێوازی دەربڕین بۆ هەبوونی مولك:

یەکەمیان: شێوازی دەربڕینی (فیرعەون) بۆ هەبوونی مولك کە خۆپەرستییە، چونکە وەکو هی خۆی تەماشا دەکات و بە شایستەیی و ڕەهای تەنها بۆ خۆی، بۆیە جێی نەفرەتە.

دووەمیان: شێوازی دەربڕینی (یوسف ـ علیه السلام) بۆ هەبوونی مولك، کە خوداپەرستییە، چونکە بە هی خۆی نازانێت، وەکو ئەمانەت تەماشای دەکات، بۆیە جێی ڕەحمەتە.

هەردووکیشیان هەبوونی مولك دەدەنە پاڵ خۆیان، بەڵام جیاوازی زۆرە لە نێوان:

* هەبوونێك وەکو ئەمانەت و خزمەتکردن بە خەڵك بەکاربێنێت!
* هەبوونێك وەکو خیانەت و خۆسەپاندن بەسەر خەڵك بەکاربێنێت!.

یەکەمیان چاکسازە، دووەمیان گەندەڵ، یەکەمەکە ڕێگای پێغەمبەرانە بۆ بەهەشت و دووەمەکەش ڕێگای فیرعونەکانە بۆ دوزەخ، و بەدرێژای مێژوو ئەم یەکەم و دووەمە خۆیان دووبارەدەکەنەوە.

خشتەیەك و هێڵكارییەك بۆ نزیككردنی بابەتەكە

لە كۆتاییدا بۆ زیاتر پوختەكردنی ئەم بەشەی بابەتەكە بیر لەم خشتەیە بكەرەوە كە چۆن هێزەكانی چاكە و هێزەكانی شەڕانگێزی بە هاوتەریبی كاردەكەن، یەكەمیان بۆ دادپەروەری و دووەمیان بۆ ستەمكاری:

زاراوەكان	رێگای دادپەروەری (چاكسازی)	رێگاكانی ستەمكاری (گەندەلی)
﴿أَنَا﴾	﴿وَأَنَا خَيْرُ ٱلْمُنزِلِينَ﴾ ﴿وَأَنَا۠ بِهِۦ زَعِيمٌ﴾﴿أَنَا أَخُوكَ فَلَا تَبْتَئِسْ﴾. (یوسف) بۆ ڕێزلێنان و پاراستن وگەیاندنی مافەكان. ﴿أَنَا أُنَبِّئُكُم بِتَأْوِيلِهِۦ فَأَرْسِلُونِ﴾ (ساقی) بۆ دیارخستنی كەسی شارەزا. ﴿أَنَا رَٰوَدتُّهُۥ عَن نَّفْسِهِۦ وَإِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ﴾ (خێزانی عزیز) بۆ دان نان بە هەڵە و تاوان، گەڕاندنەوەی مافەكان.	﴿قَالَ أَنَا۠ خَيْرٌ مِّنْهُ﴾ (ئیبلیس) بۆ خۆپەرستی و دژایەتی رێزلێنانی باوكی ئادەمیزاد.
﴿لِى﴾	﴿ٱجْعَلْنِى عَلَىٰ خَزَآئِنِ ٱلْأَرْضِ﴾﴿وَكَذَٰلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِى ٱلْأَرْضِ يَتَبَوَّأُ مِنْهَا حَيْثُ يَشَآءُ﴾ بەخشینی موڵك و دەسەڵات بە یوسف. ﴿رَبِّ قَدْ ءَاتَيْتَنِى مِنَ ٱلْمُلْكِ﴾ (یوسف) موڵك لا ئەمانەتە، و لە خوداوەیە.	﴿أَلَيْسَ لِى مُلْكُ مِصْرَ﴾ (فیرعەون) بۆ خۆ سەپاندن و ملكەچكردنی خەڵكەكەی.
﴿عِندِى﴾	﴿فَلَا كَيْلَ لَكُمْ عِندِى وَلَا تَقْرَبُونِ﴾. (یوسف) بۆ گەیاندنی مافەكان. ﴿إِنِّى حَفِيظٌ عَلِيمٌ﴾. (یوسف) بۆ پاراستنی ئەمانەت بەو پەڕی زانایییەوە.	﴿إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلْمٍ عِندِىٓ﴾ (قارون) بۆ خۆ دیارخستن و زەوتكردنی مافەكانی خەڵك.

ئەم هێلکارییەی خوارەوەش زیاتر ئاشنامان دەکات لە زۆرانبازی نێوان هێزەکانی چاکە و شەڕانگێزی:



﴿كَتَبَ ٱللَّهُ لَأَغْلِبَنَّ أَنَا۠ وَرُسُلِىٓ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ قَوِىٌّ عَزِيزٌ﴾

المجادلة:٢١

بەشی سێیەم:

چاکسازی سیاسی

(وەرگرتنی دەسەڵات بەبێ ئاشوب)

لەوەی کە باسمانکرد بۆمان دەردەکەوێت کە ﴿أَنَا﴾ و﴿لِي﴾ و﴿عِندِي﴾ پەیوەندییان بە پێکهاتەی مرۆڤەوە هەیە، ئاینی ئیسلام فەرامۆشی نەکردوون، بەڵکو ئاراستەی کردوون بۆ چاکە.

موسڵمانی ڕاستەقینە، دەفەرمێت:

ـ ﴿أَنَا﴾ من بەندەی لاوازم بەرامبەر خودا، بەڵام هەر من﴿أَنَا﴾ هێزو توانا لە خودا وەردەگرم بۆ ئەنجام دانی بەندایەتی، کە لوتکەکەی بەرەو چاکەبردنی کۆمەڵگایە(إصلاح)ە، دژی گەندەڵی(فساد).

و دەفەرمێت:

ـ ﴿عِندِي﴾ ماڵی دونیام هەیە کە خودا بۆی حەڵاڵ کردووم، بۆ خۆم و بۆ ڕزگارکردنی هەژاران و نەداران و بڵاوکردنەوەی یەك خوداپەرستی بەکاردەهێنم.

و دەفەرمێت:

ـ ﴿لِي﴾دەسەڵاتم بەدەستەوەیە، بۆ چاکە و چاکسازی بەکاردێنم....هتد.

پوختەی جیاوازی نێوان
سیاسەتی شەرعی لە ئیسلامدا و بیری سیاسی خەوارج !

ئەگەر ئەمە مان زانی بیری سیاسی نارەوای (خەوارج)مان دێتە بەرچاو، کە بەسەراوبنی دەڕوانێتە پرۆژەی چاکسازی، پێیان وایە تاوەکو مولك و دەسەلات وەرنەگرن چاکسازی ناکرێت، بۆیە بە بیری خۆیان چاکسازی بریتییە لە وەرگرتنی کورسی فەرمانڕەوایی، ئەگەر بە لێدان وتوقاندنیش بێت! بۆ ئەم مەبەستەش کەسایەتی (یوسف ـ علیه السلام) دەکەنە بەڵگە، کە بە وەرگرتنی دەسەلات چاکسازی ئەنجام داوە!.

ڕاستییەکەش پێچەوانەی بیرۆکەکەیانە، لە ڕووی واقیع و لە ڕووی بەڵگە[1]، چونکە (یوسف ـ علیه السلام) داوای کورسی مەلیکی نەکردووە، بەڵکو داوای لە مەلیك کردووە کە کاری بداتە دەست بۆ چاکسازی کردن، لە بن سێبەری ئەو کاربکات!

ئەمەش سیاسەتی شەرعی ڕەوایە کە جوانییەکەی لە خزمەتەکەی دەردەکەوێت بۆ خەڵك و جوانی ئیسلام پیشاندەدات ، نەك بیرە سیاسییەکەی(خەوارج ـ داعشەکانی ئەمڕۆ) و هزری خۆ سەپاندن بە لێدان و توقاندن، بەناو: دەوڵەتی ئیسلام و خەلافەت و (منهاج النبوة)....! خودا بمان پارێزێت. بۆ ڕەتکردنەوەی بیرێکی بەم جۆرە حەسەنی بەصری دەفەرمێت: خەڵکینە ستەمی (حەجاج ـ ستەمکارێکی ئەو کات بوو ـ) سزای خودایە بۆ ئێوە! نەکەن پەنا بۆ شمشێر ببەن بۆ لادانی سزای خودا... بەڵکو بۆ زۆری پارانەوە و دانبەخۆداگرتن بگەڕێنەوە[2].

---

(١) قال شيخ الإسلام ـ رحمه الله ـ: شأن جميع أهل الضلال إذا احتجوا بشيء من كُتب الله و كلام أنبياءه، كان في نفس ما احتجوا به ما يدل على فساد قولهم، و ذلك لعظمة كُتبِ الله المنزلة وما أنطق به أنبياءه. ((الجواب الصحيح لمن بدل دين المسيح))(٤\٤٣ط العاصمة). و ينظر (٣\٣٨٠)منه.

(٢) طبقات ابن سعد (٩\١٦٥)

هۆکارەکانی سەرکەوتنی خەلیفەی دووەم (عمر بن الخطاب ـ رضي الله عنه ـ) لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت

بەشی یەکەم

ئەگەر بمانەوێت لە کارێکدا سەرکەوتووبین، پێویستە سوود لەو کەسانە وەربگرین کە ڕێگای سەرکەوتنیان بڕیوە و سەرکەوتوو بوون لە کارەکانیاندا، بۆیە لەم بابەتەدا ئەگەر خودا پشتیوان بێت، سوود لە سەرکەوتنی یەکێ لە هەڤالانی پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) وەردەگرین، ئەویش خەلیفەی دووەم عومەری کوڕی خەتابە، کە نمونە بووە لە زانایی و دانایی بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت.

پێدەچێت بابەتەکە پێویستی بە پێشەکی نەبێت، چونکە عومەر(رضي الله عنه) ناسراوە (غنيٌ عن التعريف)[1]، بابەتی چاکسازیش گوفتاری ڕۆژانەیە، بەڵام پێویستە چەند خاڵێك پێش چوونە ناو بابەتەکە باس بکەین:

(١) من الجاري في لسان الناس عند التعريف بشخص مشهور قولهم: (غنيٌّ عن التعريف)أي بالنسبة لبني جنسه. ينظر: المناهي اللفظية لبكر أبوزيد ص٦٦٩.

یەکەم:

گەورەیی عومەر(رضي الله عنه)

دڵۆپێکی گەورەیی پێغەمبەرمانە(صلى الله عليه وسلم)

ئەگەر پەیامی ئەم پێغەمبەرە(صلى الله عليه وسلم) نەبووایە ئەم پیاوە وەکو شوانە حوشترێك دەژی و دەمرد کەس ناوی نە دەزانی، بۆیە پێوستە بزانین ئەو خاڵانەی لە پرۆژەی بەڕێوەبردنی دەوڵەت لای عومەر(رضي الله عنه) دێنە بەرچاومان سەرچاوەکەیان پەیامی ئیسلام و پەروەردەی پێغەمبەرە(صلى الله عليه وسلم) و دڵۆپەیەکە لە گەورەریی پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم).

دووەم :

پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) ئاماژەی بەوە کردووە کە نمونەی سەرکەوتووی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی موسڵمانان عومەرە(رضي الله عنه).

پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمێت: (رأيتُ الناس مجتمعين في صعيد، فقام أبوبكر فنزع ذنوباً أو ذنوبين، و في بعض نزعه ضعفٌ، والله يغفر له، ثُمَّ أخَذَها عُمَرُ فاستحالتْ بيدِهِ غَرْباً، فلَم أرَ عَبْقَرياً في الناس يَفري فَرِيَّهُ، حتى ضَرَبَ النَّاسُ بعَطَنٍ)[1].

واتە: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) باس لە خەونێکی خۆی دەکات ـ خەونی پێغەمبەرانیش (وحی)یە[1] ـ دەفەرمێت: لە خەوا بینیم، (أبو بكر) ئاوی بۆ خەڵك

(١) رواه البخاري (٣٦٣٤)(٤\٢٠٦ ط استنبول) و ينظر: شرح الأتيوبي على صحيح مسلم (٣٨\٤٥٤ ـ ٤٦٣).

هەڵدەکێشا لە بیرێك، هەڵکێشانەکەی هەندێك لاواز بوو ـ مەبەست لێی کورتی ماوەی خەلافەتەکەیەتی ـ بەڵام توانی جارێك و دووجار ئاویان بۆ هەڵکێشێت، خودا لێی خۆش بێت ـ ئەمەش ئاماژەکردنە بۆ زوو مردنی ـ، لە پاشان سەتڵی بیرەکە عومەر وەریگرت، تاوەکو ئاو بۆ خەڵك هەڵکێشێت، سەتڵەکە لەناو دەستی عومەر (رضي الله عنه). دا گەورەبوو، نەم بینیوە کەسێك وەکو عمر سەردار و بەتوانابێت (عبقری)[٢]، بتوانێ ئەوها بەجوانی و هێزەوە، ئاوی بیرەکە بۆ خەڵك هەڵکێشێت، تاوەکو خەڵك تێر ئاو بوون، حەوزەکانیشیان پڕ ئاو کردن).

ئەمەش ئاماژەیەکی پێغەمبەرە(صلى الله عليه وسلم) بۆ ئێمە، کە ئەگەر بمانەوێ نمونەیەکی کەسایەتی موسڵمانی سەرکەوتوو بخوێنینەوە، تاوەکو لە ڕوانگەی ئیسلامەوە ماناکانی چاکسازی بزانین، بە شێوەیەکی کرداری (تطبيقي)، ئەوا خەلیفەی دووەم عومەر (رضي الله عنه) باشترین نمونەیە.

قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم) :

((لَوْ كَانَ بَعْدِي نَبِيٌّ، لَكَانَ عُمَرُ))

أخرجه أحمد في مسنده (٤\١٥٤) و حسَّنه الترمذيُّ في سننه(٢\٢٩٣) و صححه الحاكم في مستدركه(٣\٨٥)

(١) ينظر صحيح البخاري(١\٣٩، ١٧١) ط البغا. و مسند أحمد (٥\٧٢)(١٢\٣٨٠)طبعة المؤسسة.

(٢) قال الإصمعي: سألتُ أبا عمرو بنَ علاء عن العبقري فقال: يُقال هذا عبقريُّ قومٍ، كقولكَ: هذا سيدُّ قومٍ و كبيرهم و شديدهم و قويهم و نحو ذلك. ينظر: تاج العروس لزبيدي(١٢\ ٥١٤ـ٥١٥).

سێیەم :

وەڵامێك بۆ دوژمنانی ئیسلام!

دوژمنانی ئیسلام لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، تۆڕەکانی ئینترنێت زۆر دژایەتی ئەم کەسایەتییە دەکەن، وەکو بەشێکی گرنگ لە پڕۆژەی دژایەتی کردنی ئیسلام!

چونکە:

* گرنگی عومەر(رضي الله عنه) دەزانن لە تێگەیشتنی ئیسلام، لە هزردا.
* بلیمەتی عومەر(رضي الله عنه) دەزانن لە جێبەجێکردنی ئیسلام، لە واقعدا.
* ڕۆلی عومەر(رضي الله عنه) دەزانن لە بڵاوبوونی ئیسلام، لە جیهاندا.

سەرەڕای ئەمەش ناتوانن بە شێوەیەکی زانستی ڕەخنە لەم سەرکردەیە بگرن، بەڵکو پەنا بۆ قسەی هەڵبەستراو دەبەن، بۆیە پێویستە موسڵمانان لەم کارە ناڕەوایە ئاگاداربن و بزانن، کە ئەوەندە بۆ عومەر(رضي الله عنه) بەسە کە پێغەمبەرمان(صلى الله عليه وسلم) لە دەیان فەرمودە مەدحی دەکات[1] ، وەکو ئاماژەیەك بۆ موسڵمانان کە سوود لە ژیاننامەی وەربگرن، بەڵکو پێغەمبەرمان(صلى الله عليه وسلم) فەرمان دەکات بە شوێنکەوتنی ! دەفەرمێت: (إن تطيعوا أبابكر و عمر ترشدوا)[2]. واتە : ئەگەر

(١) من ذلك: قوله (صلى الله عليه وسلم): (و الذي نفسي بيده ما لقِيك الشيطان قط سالكاً فجاً إلا سلك فجاً غير فجك) ينظر: كتاب فضائل الصحابة للإمام أحمد ١\٣٠٠ و ما بعده. واتە: پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) سوێند دەخوات، عومەر (رضي الله عنه) بە هەر ڕێگایەکدا بڕوات شەیتان ڕێگای خۆی لەو ڕێگایە دەگوڕێت!. و ينظر: باب مناقب عمربن الخطاب (رضي الله عنه) في صحيح البخاري (٥\١٠ـ١٣).

(٢) أخرجه الآجري في الشريعة (٣\٨٥) و أصله عند مسلم في صحيحه (٦٨١).

موسڵمانان گوێڕایەلی ئەبوبەکر و عومەر بکەن، ڕێگایان لێ ون نابێ و ژیرانە هەڵسوکەوت دەکەن. ئەمە بێجگە لەوەی کە عومەر(رضي الله عنه) لە خەلیفە راشیدییەکانە[١].

هەروەها ئەو خاڵانەی کە لەم بابەتەدا باسیان دەکەین ـ بەپشت بەستن بەخودا ـ سەلماندنێکن بۆ:

* گەورەیی ئەم مرۆڤە(خودا لێی ڕازیبێت).
* گەندەلی ئەوانەی دژایەتی دەکەن(خودا هیدایەتیان بدات).

ڕێنماین بۆ هەرکەس ـ بەتایبەت کەسی بەرپرس ـ ئەگەر نییەتی چاکسازی هەبێت، ئەم خاڵانەی باسیان دەکەین ڕێگای چاکسازین، پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) ئاماژەی پێکردوون، مێژووش سەلماندوویەتی.

داوا لە خودای پەروەردگار دەکەین کە پشت و پەنامان بێت بۆ تەواوکردنیان بە جوانترین شێوە، قەبوولیان بکات بە ڕەحمەتی خۆی لە ئێمە و ئێوە.

---

(١) قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم): ((سترون من بعدي اختلافاً شديداً، فعليكم بسنتي و سنة الخلفاء الراشدين المهديين عضوا عليها بالنواجذ)) أخرجه أحمد(١٢٦\٤) و الترمذي(٢٦٧٦)و أبو داود(٤٦٠٧)و ابن ماجه(٤٣)(٤٤) و غيرهم بألفاظ متقاربة، قال الترمذي: هذا حديثٌ حسنٌ صحيح. ينظر: المسند المصنف المعلل للمحقق بشار عواد(٢٠\٣١١ـ٣١٥).

و الخلفاء الراشدين هم الخلفاء الأربعة: أبو بكر و عمر و عثمان و علي رضي الله عنهم، لأنه عليه الصلاة و السلام قال: ((الخلافة بعدي ثلاثون سنة)) و قد انتهت بخلافة عليٍ عليه السلام.ذكره القاري في المرقاة(١\٤٠٩) ينظر: تحفة الأحوذي(٧\٤٧٥)أو (٣\٣٧٧من الطبعة القديمة).

خاڵی: یەکەم

پێشەوا عومەر (رضي الله عنه) و ڕەچاوکردنی ماناکانی (ڕەحمەت) لە بڕیاری ئیداری و حوکمی دادگاییدا

مەبەست لە پەیامی ئیسلام (ڕەحمەت)ە بە جیهان: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ﴾[1] بەڵام ئایا مەبەست لەم (ڕەحمەت)ە چییە؟ ئایا تەنها هەست کردنە بە بەزەیی لە کاتی دیتنی هەژارێکی بێچارە و دەستی یارمەتی بۆی درێژکەی، تاوەکو خۆشییەك بە ژیانی ببەخشی؟ یان دیتنی یەتیمێکی بێسەرپەرشت، دەستی بەزەیی بەسەریدا بێنی، تاوەکو زەردەخەنەی ببینی؟ یان (ڕەحمەت): فرمێسك باراندنە بەرامبەر دەیان دیمەنی نەخوازراو، کە ڕاگەیاندنەکان بڵاوی دەکەنەوە لە کۆچبەری و برسییەتی و نەهامەتییەکانی مرۆڤایەتی؟

بێگومان ئەمانەی باسکران لە مافی منداڵ و هەژار و لێ قەوماو، دەستی یارمەتی بۆ درێژکردن گشتی ڕەحمەتە و گشت ئایینەکانیش لە سەری هاوڕان. بەڵام لەم خاڵەدا لەسەر کەسایەتی عومەر(رضي الله عنه) دەوەستین، بۆ ئەوەی بزانین کە ئەم کەلەپیاوە لە کاتی فەرمانڕەواییدا بەفراوانتر لەوەی باسکرا لە ماناکانی ڕەحمەت تێگەیشتووە! تێگەیشتنێك کە لەبەردەستی ماموستاکەی (محمد بن عبدالله) (صلى الله عليه وسلم) وەریگرتووە و لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز هەڵقوولاوە، ئەمەش بۆمان ڕوونەدەبێتەوە کاتێ ـ وەکو نمونە ـ لەسەر چەند فەرمانێکی ئەم کەلەپیاوە دەوەستین کە لە کاتی فەرمانڕەوایدا دەریکردوون لەوانە :

* ڕەحمەت لە کاتی دەرکردنی بڕیاری ئیداریدا (الرحمة في إتخاذ القرار الإداري).
* ڕەحمەت لە کاتی دەرکردنی حوکمی دادگاییدا (الرحمة في إتخاذ الحكم القضائي).

با یەك بەیەك لەسەر ئەم دوو خاڵە بۆستین:

---

(١) (الأنبياء:١٠٧)

یەکەمیان:

ڕەحمەت لە کاتی دەرکردنی بڕیاری ئیداریدا

(الرحمة في إتخاذ القرار الإداري)

ئەم خاڵە بە دوو نمونە دەخەینە ڕوو:

نمونەی یەکەم:

بڕیاری لادانی خالیدی کوڕی وەلید ـ رضي الله عنه ـ لە سەرکردایەتی لەشکر

سەرکردەی ناودار (خالد بن الوليد ـ رضي الله عنه ـ) کەپێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) لەبەر بلیمەتی بەڕێوەبردنی کاروباری جەنگ و چاونەترسی لە دوژمن بە شمشێرێك لە شمشێرەکانی خودا وەسف دەکات (سيف من سيوف الله)[١]، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە خالد کەسی شیاوی سەرکردایەتی جەنگە.

کاتی ناردنی (خالد ـ رضي الله عنه ـ) بۆ (بني جَزِيمَة)[٢] لەبەر بەهەڵە لێکدانەوەیەك چەند کەسێك دەکوژێت بە ناحەق، پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) لێی تۆڕە دەبێت، دەفەرمێت : (اللهم إني أبريء إليك مما صنع خالد)[٣] واتە: خودایە من دووریم لەوەی کە خالید کردوویەتی! ، بەڵام سەرەڕای ئەمە لەسەر پۆستی سەرکردایەتیکردنی لەشکر لانەدرا، چونکە کەسایەتییەکی شیاوە بۆ کاروباری جەنگ.

---

(١) أخرجه البخاري ٣٧٥٧

(٢) لِقصة إرسال خالد (رضي الله عنه) إلى بني جزيمة ينظر: سيرة ابن هيشام ٤\٧٠ ـ ٧٤ و منهاج السنة لشيخ الإسلام ٤\٤٨٦ ـ ٤٨٨ .

(٣) أخرجه البخاري ٤٣٣٩

هەر لەبەر شیاوی ئەم کەلەپیاوە لە سەردەمی خەلافەتی (أبو بكر الصديق) (رضي الله عنه) لە سەرکاری خۆی دەمێنێ، لە جەنگی هەڵگەڕاوەکاندا بەوپەڕی لێهاتوویی کارەکانی جەنگ ئەنجام دەدات.

هەروەها لە سەردەمی عومەر(رضي الله عنه) لە هەموو جەنگەکانی عێراق سەرکەوتوو دەبێت دژی هێزە گەورەکانی دەوڵەتی مەجوس و فەتحی عێراقیش دەکات.

بەڵام لە ناکاو پاش ئەم هەموو سەرکەوتنانە عومەر(رضي الله عنه) بڕیارێکی ئیداری دەردەکات، کە خالدی کوڕی وەلید دەست لەکاری سەرکردایەتی جەنگ هەڵگرێت بۆ هەڤاڵێکی تری پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کە (أبو عبيدة بن الجراح) بوو(رضي الله عنه).

پرسیار: بۆچی عومەر (رضي الله عنه) ئەم سەرکردە بلیمەتە، پاش ئەم هەموو سەرکەوتنانە لە کارەکەی لا دەدات!؟ لە کاتێکدا کە پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) بە شمشێری خودا وەسفی دەکات! سەرەڕای هەڵەکردنی لە شەڕی (بني جزيمة) پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) لە سەر کاری لانەداوە!، هەروەها (أبو بكرـ رضي الله عنه) لەسەر کاری لانەداوە!؟ هەر لە خودی سەردەمی پێشەوا عومەریش(رضي الله عنه) لە شەڕەکانی عێراقدا گەورەترین سەرکەوتنی بەدەست هێناوە!؟.

وەڵام: عومەر(رضي الله عنه) لە وەڵامی ئەم پرسیارە بە کورتی و پوختی دەفەرمێت: (عَزَلْتُهُ حتى يعلمَ الناسُ أن اللهَ ينصرُ دينه بغيرِ خالد!!)[1] واتە: (خالیدم لە سەر کار لادا، تاوەکو خەڵك بزانێت خودا ئەم دینە بەبێ خالیدیش هەر سەردەخات!)

---

(١) ينظر: سير أعلام النبلاء ١\٣٧٨

جێی شاهێد لە وەڵامی پێشەوا عومەردا(رضي الله عنه):

چونکە ئیسلام پەیامی ڕەحمەتە ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ﴾[١] و پەیامی بیروباوەڕە، کە هەموو پێغەمبەران (عليهم السلام) بە خەڵکەکانیان فەرمووە: تەنها خودا بپەرستن: ﴿ قَالَ يَٰقَوۡمِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرُهُۥٓ ﴾[٢] کەواتە فەتح کردنی وڵاتان بە جەنگ خۆی لە خۆیدا مەبەست نییە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە فەتحەکە ڕێگایەك بێت بۆ گەیشتن بە فەتحکردنی دڵان بە بیروباوەڕی یەك خواپەرستی.

هەروەها یەکێك لە گەورەترین بنەماکانی بیروباوەڕ یەك خواپەرستی ئەوەیە کە موسڵمان بزانێ سەرکەوتن لە خوداوەیە، ﴿وَمَا ٱلنَّصۡرُ إِلَّا مِنۡ عِندِ ٱللَّهِ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡحَكِيمِ﴾[٣].

کاتێ عومەر (رضي الله عنه) هەستی کرد کە موسڵمانان واهەست دەکەن کە بە بلیمەتی و لێهاتوویی خالید (رضي الله عنه) سەردەکەون، زانی کە بنەماکانی بیروباوەڕ لە ناو دڵی هەندێك لە موسڵمانان لە مەترسیدایە، بۆیە بڕیاری دا خالید (رضي الله عنه) لا بدرێت، تاوەکو بزانن سەرکەوتن تەنها لە خوداوەیە!

لێرەوە ڕەچاوکردنی ماناکانی ڕەحمەت لە بڕیاری پێشەوا عومەردا(رضي الله عنه) بە چەند ڕوویەك خۆیان پیشاندەدەن لەوانە:

* گەورەترین ڕەحمەت بەخەڵك، پاراستنی بیروباوەڕی خەڵکە، چونکە مرۆڤ لەناخەوە تەنها بە بیروباوەڕ ئاوەداندەکرێت، ئەمەش هەنگاوی یەکەمی سەرکەوتنە لە

(١) (الأنبياء: ١٠٧)

(٢) (الأعراف:٨٥، ٥٩، ٦٥، ٧٣)(هود: ٥٠، ٦١، ٨٤)(المؤمنون، ٢٣)

(٣) (آل عمران: ١٢٦) (الأنفال: ١٠)

بەڕێوەبردندا، پێشەوا عومەر(رضي الله عنه) لە بڕیارەکەیدا زۆر بە ژیرانە ڕەچاوی ئەم خاڵەی کرد، زۆر سەرکەوتووانەش ئەنجامیدا.

* بە ئەندازەی سەرکەوتن لە چەسپاندنی بنەماکانی ڕەحمەت، سەرکەوتن لە بەڕێوەبردندا بەدەست دێت و گەورەترین سەرکەوتن لە چەسپاندنی بنەماکانی ڕەحمەت ئەوەیە کە کردار لەگەڵ گوفتار بێت، وەکو بڕیارەکەی پێشەوا عومەر(رضي الله عنه)، کە پەروەردەکرنی خەڵکییە بە کردەوە، بەمەش گەورەترین بەرهەمی پەروەردەیی بەدەست هات، کە گەورەترین سەرکەوتنی بەڕێوەبردن لەگەڵ خۆی هێنا.

نمونەی دووەم:

لادانی کاربەدەستێکی دەوڵەت چونکە منداڵەکانی خۆی ماچ ناکات!

عومەر(رضي الله عنه) جەختی دەکرد لە هەبوونی سۆز و ڕەحمەت لە کەسایەتی ئەو کەسانەی کە کاربەدەستی دەوڵەتن، کاتێ هەستی بەوە دەکرد کە کارمەندێك دڵ ڕەق و بێ ڕەحمە لای دەدا لە کارەکەی، دەی فەرموو: (إن الله لا يرحم من عباده إلا الرحماء).

واتە: خودا تەنها ڕەحم بەو کەسانە دەکات کە بە ڕەحم و بەزەیین لەگەڵ خەڵك.

بە واتایەکی تر: کە کارمەندێك ڕەحمەتی لە کردەوەکانی دا نەبێ هەرگیز کارەکەی سوودمەند نابێ، بەڵکو بێ بەرەکەت دەبێ لە بەر دووری لە ڕەحمەت.

پەرتوکەکانی مێژوو بەسەرهاتێکی لەم جۆرە بومان دەگێڕنەوە لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی عومەر(رضي الله عنه) ئەمە دەقەکەیەتی: (استعمل عمر بن الخطاب (رضي الله عنه) رجلاً على عملٍ، فرأى عمرَ (رضي الله عنه) يُقَبِّلُ صبياً له، فقال: تُقَبِّلُهُ و أنتَ أمير المؤمنين؟! لو كنتُ أنا مافعلته. فقال عمر (رضي الله عنه): فما

ذنبـي إن كان قد نُزِعَ من قلبكَ الرحمة ؟! إن الله لا يرحم من عباده إلا الرحماء. قال ـ أي راوي الخبر ـ : و نزعه عن عمله، وقال: أنتَ لا ترحم وَلَدَكَ فكيف ترحم الناس)[1]

واتە: (کارمەندێکی عومەر (رضي الله عنه) پێشەوا عومەر دەبینێت کە یەکێك لە منالەکانی ماچ دەکات، وەکو هەر باوکێکی بە سۆز و بەزەیی، کارمەندەکەش پێی دەفەرمێت: چۆن منالّ ماچ دەکەی تۆ میری موسڵمانانی!؟ ئەگەر من بام وامنەدەکرد.

عومەر (رضي الله عنه) پێی دەفەرمێت: من تاوانم چییە؟ کە ڕەحمەت لەناو دڵت دەرکرایە! خوداش تەنها ڕەحم بەو کەسانە دەکات کە دڵیان پڕ ڕەحمەتە و ڕەحم بە یەکتر دەکەن. دواتریش کارمەندەکە لە سەر کارەکەی لا دەدات، پێی دەفەرمێت: تۆ ڕەحم بەمنالّت ناکەی چۆن ڕەحم بە خەڵك دەکەی!).

عومەر(رضي الله عنه) ڕاستی گوت و راستی کرد، هەردەزگایەکی بەڕێوەبردن، کە ڕەحمەت لەناو دڵی کارمەندانی دانەبێ ، ناتوانن دادپەروەر و خزمەتکاربن!.

قالَ رَسُولُ اللهِ (صلى الله عليه وسلم):

((**الرَّاحِمُونَ يَرْحَمُهُمُ الرَّحْمَنُ، ارْحَمُوا أَهْلَ الأَرْضِ يَرْحَمُكُمْ أَهْلُ السَّمَاءِ**))

أخرجه أحمد في مسنده (١١\٣٣) و الترمذي في سننه (١٩٢٤) و قال: حديثٌ حسنٌ صحيح.

(١) أخرجه البلاذري في (أنساب الأشراف)ص\٩٥ـ٩٦،٩٦ و الدينوري في (المجالسة) (٦\٣٢٥ـ ٣٢٦) و ابن الجوزي في (مناقب عمر)ص\١٢٠.

دووەمیان :

ڕەحمەت لە کاتی دەرکردنی حوکمی دادگاییدا

(الرحمة في إتخاذ الحكم القضائي).

ئەم خاڵەش لە دوو ڕوویەوە باسی لێوەدەکەین:

ڕووی یەکەم:

ڕەچاوکردنی باری هەژاری خەڵك لە جێبەجێکردنی ئەحکامی قیصاص.

هەبوونی سزا لە سەر تاوان گەورەترین ڕێگایە بۆ ڕێگری لە ئەنجامدانی تاوان، بۆیە لە بابەتە جیاجیاکانی فیقهی ئیسلامی بەتایبەت (الجنایات) و(الحدود) دەبینی کە خودای پەروەردگار بۆ پاراستنی زەروورییاتی ژیانی مرۆڤ (دین، سەر، شەرەف، ماڵ، عەقل)[(١)] چەندین سزای داناوە.

لە هەمان کاتدا فەرمانی بەجێگەیاندنی ئەم سزایانەی ئاراستەی تاکەکەس نەکردووە، بەڵکو ئاراستەی حکومەتەکان و جێگا بەرپرسەکان کراوە لە بەڕێوەبردن و فەرمانڕەوایدا، لە دادگایەکی دادپەروەر کە کەسانی شارەزا بە جێبەجێکردنی ئەحکامی شەرعی بەڕێوەی دەبەن[(٢)].

عومەر(رضي الله عنه) کە لە چوار خەلیفە ڕاشدینەکانە کە پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) فەرمانی بە موسڵمانان کردووە کە شوێنکەوتەیان بین (عليكم بسنتي وسنة

---

(١) ينظر: الموافقات لشاطبي ١\٣١.

(٢) أخرج أبي بكر الخلال في كتاب السنة (١\١٥٢ رقم: ١٢٧) عن الزهري موقوفا: (و بالإمام تقام الحدود).

الخلفاء الراشدين المهديين من بعدي فتمسكوا بها و عضوا عليها بالنواجذ)[١] لە سالانی فەرمانڕەواییدا نمونەی سەرکردەی دادپەروەر بووە لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی شەرع، بۆ خزمەت کردنی پایەبەرزەکانی مرۆڤایەتی لە کۆمەڵگای موسڵماناندا، بەجۆرێك کە چەسپاندنی هەر سزایەك بەسەر تاوانباردا چاکسازی بووە، لە دوو ڕوویەوە:

* ڕووی یەکەم بۆ تاوانبارەکە.
* ڕووی دووەم بۆ کۆمەڵگاکە.

لەبەرئەوەی عومەر (رضي الله عنه) لەکاتی سەپاندنی سزادا ڕەچاوی مەبەستەکانی سزادانی دەکرد، کە بنەماکانی لە قورئان و فەرموودەدا بۆ (ڕەحمەت) دەگەڕێنەوە، چونکە پێغەمبەرمان(صلى الله عليه وسلم) ئەنجامدانی سزاکان لە سەر تاوانبار بە باران وەسف دەکات دەفەرمێت: چەسپاندنی یەك (حَد) باشترە بۆ خەڵکی سەر ئەم زەوییە لەوەی کە سی بەیانی باران ببارێت! (حدٌ يُعملُ في الأرض، خيرٌ لأهل الأرض مِن أنْ يمطروا ثلاثين صباحاً)[٢].

ئەمەش ئەوەمان پیشاندەدات، کە هەروەك چۆن بۆ خەڵکان باران بارین بەڕێژەیەکی تایبەت و کاتێکی تایبەت، سوودی هەیە و ڕەحمەتە، ئەگەرنا توفان و مالوێرانییە، سەپاندنی سزاکانیش بەسەر تاوانباران لە دادگای ئیسلامیدا بە هەمان شێوەیە.

---

(١) أخرجه أحمد (١٢٦\٤ ـ ١٢٧) و أبوداود (٤٦٠٧) و الترمذي (٢٦٧٦) وغيرهم من حديث العرباض بن سارية (رضي الله عنه) .

(٢) أخرجه أحمد (١٢٤\١٥ ، ١٤\ ٣٥١ ط المؤسسة) من حديث ابي هريرة (رضي الله عنه) ، وله شاهد من حديث ابن عباس (رضي الله عنه) عند الطبراني في الكبير (١١٩٣٢)، و آخر من حديث ابن عمر (رضي الله عنه) عند ابن ماجة (٢٥٣٧). و صححه ابن حبان (٤٣٩٧ ـ صحيح ابن حبان بترتيب ابن بلبان)

بۆیە لە ئیسلامدا هەرگیز نابێت سەپاندنی سزا بەسەر تاوانباردا، ستەمبێت بەسەر تاوانبار، چاکسازی نەبێت بۆ کۆمەڵگا، چونکە لە ئیسلامدا تەماشای هۆکارەکانی تاوان دەکرێت، نەك تەنها خودی تاوانەکە.

هەر لەبەر ئەمەش تەنها ئەو تاوانبارە سزادەدرێت، کە شەڕانگێزی ناخی وای کردبێ لە خودا نەترسێت و تاوان ئەنجام بدات، نەك تاوانی ئەنجامدابێت لەبەر هۆکارێکی دەرەکی کە لە فیقهی ئیسلامیدا بە (شُبهە) ناودەبرێت، پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمێت: (ادرؤا الحدود بالشبهات)[1] واتە: لە کاتی هەبوونی شوبهەدا، سزا شەرعییەکان (حدود) دووربخەنەوە، ئەنجامیان مەدەن.

عومەر(رضي الله عنه) لە ساڵانی فەرمانڕەواییدا، ئەم بنەمایانەی ڕەچاودەکردن، لە بەر ئەمە ئەنجام دان یان ئەنجام نەدانی هەرکارێکی دادگایی بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگای موسڵمانانی لێدەکەوتەوە، چونکە هەروەك چۆن ئەنجامدانی سزا بەسەر تاوانبار پاراستنی زەروریاتی ژیان بووە بۆ کۆمەڵگا، لە هەمان کاتدا پەروەردەبووە بۆ کۆمەڵگا، بە هەمان شێوە ئەنجام نەدانی سزاکان هەمان دەرهاوێشتەی باشی هەبووە لە پاراستنی کۆمەڵگا و پەروەردەکردنی تاکەکەسەکانی.

---

(١) أخرج الترمذي (٤\٣٣ط شاكر ، ٣\٢٥٢ط الأرنوؤط) بنحوه من حديث عائشة (رضي الله عنها) مرفوعاً و مال إلى تصويب وقفه. و بنحوه عن أبي هريرة (رضي الله عنه) عند ابن ماجة في سننه(٢٥٤٥) و عند أبي يعلى في مسنده (٦٦١٨)، و من حديث عليٍ (رضي الله عنه) عند الدارقطني في سننه(٣\٨٤) و البيهقي في السنن الكبير(١٧\٢٣٤رقم: ١٧١٤١ـ ١٧١٤٢ ط التركي). ويصح عن جماعة من الصحابة موقوفاً.
ينظر:كتاب أثر الشبهات في درء الحدود لدكتور سعيد مسفر الوادعي ص١٧ـ٦٧ و ص٢٨١ـ٤٢٠.

نمونەیەکی دادگای پێشەوا عومەر (رضي الله عنه)

بۆ ئەوەی ئەمەی باسکرا زیاتر لە پێش چاومان ڕوون بێت، لە سەر ڕووداوێکی دادگای ڕۆژانی خەلافەتی پێشەوا عومەر(رضي الله عنه) دەوەستین:

لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە: ﴿وَٱلسَّارِقُ وَٱلسَّارِقَةُ فَٱقۡطَعُوٓاْ أَيۡدِيَهُمَا جَزَآءَۢ بِمَا كَسَبَا نَكَٰلٗا مِّنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٞ ﴾[1] واتە: (پیاو یان ژن ، ئەگەر دزییان کرد، سزاکەیان ئەوەیە دەستیان ببڕدرێت، وەکو سزایەك لە خودایەوە بۆ تاوانەکەیان، پەندێك بۆ هەمووان ئەوانەی بیر لەم جۆرە تاوانە دەکەنەوە. خودا بێبەرامبەرە (العزیز) لە دانانی ڕێساکانی سزاو پاداشت و خاوەن حیکمەتە بەبێ هەبوونی چاکە هیچ سزا و پاداشتێکی نەداناوە).

عومەر(رضي الله عنه) لە هەمووکەس پەرۆشترە کار بە دەقەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودە بکات، بەڵام کەسێکە چۆنیەتی کارپێکردنیان دەزانێت، وە لە ساڵانی پەروەردەبوونی لەبەر دەستی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) پاشان ئەبو بەکر (رضي الله عنه) فێر بووە، کە تێگەیشتنی دەقەکانی قورئانی پیرۆز تەنها تێگەیشتنی زمانی عەرەبی نییە، بەڵکو تێگەیشتن و زانینی مەبەستەکانی قورئانە، کە نزیك بوونەوەن لە(ڕەحمەت)! بۆیە لەساڵی (ڕەماد) کە دەکاتە ساڵی (١٨) هەژدەهەمی کۆچی، دزێك دەگیرێت، بەرامبەر دادگای ئیسلام دەوەستێنرێت، دزیەکەی لە

(١) المائدة: ٣٨.

(حرز)کراوە، (نیصاب)ی شتی دزراویش تەواوە، دزەکەش لە تەمەن و باری تەکلیفدایە[١] تەنها دەست بڕینەکە ماوە...!

بەڵام عومەر(رضي الله عنه) قووڵتر بیردەکاتەوە، باشتر مەبەستەکانی قورئانی پیرۆز تێدەگات، دەزانێ ساڵەکە ساڵی نەبوونی و هەژارییە، لە بەر کەمی بارانبارین، بۆیە نزیکتر ئەوەیە کە هۆکاری دزییەکە، شەڕانگیزی دزەکە نەبێت، بەڵکو هۆکارێکی دەرەکی بێت، کە وای کردووە دزی بکات وەکو برسییەتی و نەبوونی، بۆیە بۆ کارکردن بە ئایەتەکە ﴿وَٱلسَّارِقُ وَٱلسَّارِقَةُ فَٱقۡطَعُوٓاْ أَيۡدِيَهُمَا جَزَآءَۢ بِمَا كَسَبَا نَكَٰلٗا مِّنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٞ﴾ لە بارو دۆخی تایبەتدا پێویستە زۆر لایەن ڕەچاوبکرین، تاوەکو تاوانبار و کۆمەڵگا زیانبەخش نەبن، هەر لەبەر ئەمەش عومەر(رضي الله عنه) بەشێوازێکی تایبەت کاری بە ئایەتەکە کرد بە ڕەچاوکردنی چەند خاڵێك لەوانە:

* تێگەیشتنی ئایەتەکە بە ئایەتی ﴿فَمَنِ ٱضۡطُرَّ غَيۡرَ بَاغٖ وَلَا عَادٖ فَلَآ إِثۡمَ عَلَيۡهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾[٢] واتە: ئەگەر لەبارێکی تایبەتدا ڕوخسەت بە حەرام بدرێت، ئەوا نزیکترە لە بارێکی تایبەتدا سزا لە دادگا هەڵبگیرێت، تاوەکو چارەسەرکردنی بارە تایبەتەکە، یان چارەسەر بوونی.

* کارکردن بەئایەتی دەستبڕین بە **(دەست برین)** لە ساڵێکی ئاوا نەبوونیدا، بارانی ڕەحمەت نییە، بەڵکو توفانی توندو تیژییە، دەرەنجامی باشی لێناکەوێت بۆ خودی

---

(١) السرقة التي تقطع عليها يد السارق او السارقة لها شروطٌ مذكورة في كتب الفقه و أصوله منها: أن تكون من حرز ، و أن يكون المسروق في حد النصاب ، و أن يكون السارق مكلفاً و ....الخ.
و قد اشترط الإمام ابن السُبكي (٨٣) شرطاً لإقامة حد السرقة على معين! ينظر: فتاوى تقي الدين ابن السبكي (٢\٣٣٣ ـ ٣٣٤) و الموسوعة الفقهية الكويتية(مادة السرقة ٢٤\٢٩٢ ـ ٣٤٧).

(٢) البقرة:١٧٣

تاوانبار و بۆ کۆمەڵگاش و هەمووکات ئیسلام تەنها ڕەحمەتە، ئەحکامەکانی ئیسلام تەنها ڕەحمەتن بە تاوانباری موسڵمان و کۆمەڵگای موسڵمان.

* بێجگە لەمە لادانی بەجێگەیاندنی سزای شەرعی (حد) لە دادگادا لەبەر هەبوونی شوبهە، کارکردنە بە (دەق). نەك سەپاندنی سزایەکە بە بێ بیرکردنەوە ئایا دەرەنجامەکانی چاکسازی لێدەکەوێت یان لێ ناکەوێت!

هەر لەبەر ئەمە کارکردن بە ئایەتی دەست بڕینی دز لەو کاتە تایبەتەدا بریتی بوو لە هەڵگرتنی سزای دەست بڕین لە سەر دزەکە، چونکە عومەر(رضي الله عنه) دەیزانی لەو کاتە تایبەتانەدا چاکسازی بە سزادانی تاوانبار ناکرێت، بەڵکو بە لادانی هۆکارەکانی تاوان دەکرێت[1].

ئەم جۆرە تێگەیشتنە لە ئایەتەکانی (ئەحکام)، کاتی جێبەجێکردنیان لە هۆکارە هەرە گەورەکانی سەرکەوتنی پێشەوا عومەر بووە (رضي الله عنه) لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا.

---

(١) للمزيد حول إجتهاد عمر (رضي الله عنه) في عدم قطع يد السارق عام الرماد ينظر:

*أعلام الموقعين لإبن القيم ٣\١٠ ـ ١٢

*ضوابط المصلحة للبوطي ـ رحمه الله ـ ص١٣١ ـ ١٣٣

*إجتهادات عمر بن الخطاب دراسة أصولية ص١٩٣ـ٢١٤

ڕووی دووەم :

پۆچەڵکردنی چەند شوبهەیەك لە سەر کارنەکردنی عومەر (رضي الله عنه) بە ئایەتی بڕینی دەستی دز لە ساڵی نەبوونیدا.

پاش ئەوەی باس کرا، وا پێویست دەکات باس لە سێ شوبهە بکەین، کە ڕاگەیاندنەکان دەیانوروژێنن لە ناو خەڵکدا وکارنەکردنی عومەر (رضي الله عنه) بە ئایەتی سزای دز لە ساڵی نەبوونی و هەژاریدا وەکو بەڵگەیەك بەکاری دەهێنن بۆ شوبهەکەیان.

شوبهەی یەکەم :

هەوڵدان بۆ جوداکردنی دادگا لە دین!

پێغەمبەرمان(صلى الله عليه وسلم) تەنها کاتێ وەکو پێغەمبەرکاری کردبێ موسڵمان پابەندە بە شوێنکەوتنی نەك کاتێ وەکو دادوەر کاری کردبێ! بۆ نمونە پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) دەستی دزی بڕیوە [١] بەڵام عومەر (رضي الله عنه) شوێنکەوتووی نەبووە لەم کارەدا چونکە کاری دادگایە، بۆی هەیە شوێنکەوتەی نەبێت! پاشان خاوەن شوبهەکان ئەم شوبهەیە وەکو پاساو گەورەی دەکەن، تاوەکو بکەنە دەرگایەك بە ناویدا تێپەرن بۆ شەرعییەتدان بەو دادگایانەی کە یاسا بیانییەکان بەکار دێنن لە باری کەسی و چەندین باری تر، شەریعەتی ئیسلامیش پشت گوێ دەخەن!.

وەڵام :

پێشەوا عومەر(رضي الله عنه) لە بڕیارەکەی بە سزا نەدانی دز ، شوێنکەوتەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بووە، چونکە لە بارێکی تایبەتدا کاری کردووە بە

(١) ينظر: البخاري (٦٧٨٨) و مسلم (١٦٨٨) و أبو داود(٤٣٨٠) و الحاكم(٤\٣٨١) و غيرهم.

ئایەتی ﴿فَمَنِ ٱضۡطُرَّ غَيۡرَ بَاغٖ وَلَا عَادٖ فَلَآ إِثۡمَ عَلَيۡهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾[١] لەگەڵ فەرمودەی (ادرءوا الحدود بالشبهات)[٢] وەکو ڕاڤەیەك بۆ ماناکانی ﴿فَٱقۡطَعُوٓاْ أَيۡدِيَهُمَا﴾. کەواتە پشتگوێخستنی عومەر(رضي الله عنه) بۆ سزای دەست بڕین لە بارێکی تایبەتدا، پشت گوێخستن نییە بۆ ئایەتی ﴿فَٱقۡطَعُوٓاْ أَيۡدِيَهُمَا﴾، تاوەکو وەك شوبهە بەکاربێت بۆ جیاکردنی شەریعەتی ئیسلام لە نیزامی دادگای وڵاتانی موسڵمان.

لە مەوە دەردەکەوێت، کە شوبهەکە تەنها هەوڵێکی نەزۆك و پۆچەڵە بۆ دوورخستنەوەی موسڵمانان لە پابەند بوون بە سوننەتی پێغەمبەریان(صلى الله عليه وسلم).

هەر لەبەر ئەمەش پێوست ناکات زیاتر باس بکرێت، چونکە ئەوەی دیارە هۆکارەکەی خراپەی تێگەیشتن(سوء الفهم) نییە، کە پێویستی بە بەیانکردنی زیاتربێ بۆ تێگەیشتنی شوبهەکار، بەڵکو هۆکارەکەی خراپەی نییەتە(سوء القصد)ە، کە چارەکەی تەنها زۆری پاڕانەوەیە لە پەروەردگار[٣] !.

---

(١) البقرة: ١٧٣

(٢) سبق تخريجه.

(٣) أصل الفساد يعود إلى سوء القصد، أو سوء الفهم ، وقد يجتمعان ، و قد ينفردان ، ذكره شيخ الإسلام و تلميذه ابن القيم . ينظر: مجموعة الفتاوى (١٦\٣١٠)، الصواعق المرسلة (٢\٥١٠)، زاد المعاد (٣\٥٦٣)، شفاء العليل(١\١٠٦).

شوبهەی دووەم :

لە کار خستنی ئەحکامە شەرعییەکانی دادگا، بە لێکدانەوەیکی سەراوبن بۆ ئایەتەکانی ئەحکام دژ بە هاودەنگی زانایانی ئیسلام!

کەسانێك کە دەست بڕینی دز بە توندوتیژی تێدەگەن، پاشان هەوڵدەدەن بەرگری لە قورئان بکەن، کە فەرماندەدات بە بڕینی دەستی دز، پشت لە بەیانکردنی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بۆ قورئان دەکەن، هەروەها پشت لە تێگەیشتنی هەڤاڵانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) و سەرجەم پێشەوایانی ئیسلام دەکەن و پەنا تەنها بۆ زمانی عەرەبی دەبەن و ئایەتی: ﴿فَٱقۡطَعُوٓاْ أَيۡدِيَهُمَا﴾ بە مانای ڕێگرتن لە دزی لێك دەدەنەوە، دەڵێن (قطع اليد) وەکو (قطع الطريق) شتێکی واتاییە (معنوی) مەبەست بڕینی دەست نییە بە حەقیقەت، بەڵکو ڕێگرییە لە تاوانی دزی، وەکو چۆن عەرەب بە دز و جەردە دەڵێن: (قاطع طريق)!.

وەڵام:

وەڵامدانەوەی ئەم شوبهەیە لە سێ ڕوویەوە دەبێت:

یەکەمیان: ئەگەر هۆکارەکەی ئەم شوبهەیە خراپەی تێگەیشتن (سوء الفهم) بێت، ئەوا ئەوەی باسکرا لە مەبەستەکانی دەست بڕینی دز، ومەرجەکانی دەست بڕین لە دادگای ئیسلامی، هەروەها هاودەنگی زانایانی ئیسلام لە یەکەم ڕۆژی دابەزینی ئایەتی: ﴿فَٱقۡطَعُوٓاْ أَيۡدِيَهُمَا﴾ تاوەکو ئەمڕۆ کە مەبەست حەقیقەتی دەست برینە[1]، وەڵامێکن بۆ خاوەنانی ئەم شوبهەیە.

---

(١) حكم السرقة و حدها ثابت بالكتاب والسنة والإجماع، و السنة في ذلك يصل إلى درجة التواتر أما الإجماع فقد نقله غير واحد منهم ابن المنذر في كتابه (الإجماع ص٦٧) و ابن قدامة في المغني (٨\٢٤٠) و غيرهما ينظر: الموسوعة الفقهية الكويتية (٢٤\٣٣٥ ـ ٣٣٦) منحة العلام شرح بلوغ المرام (٨\٤٥١ ـ ٤٥٢) و كتاب الضوابط الشرعية لوقف العمل بنصوص القرآن و السنة لدكتور عزت الجرحي(ص٤٠٠ ومابعده).

دووەمیان: ئەگەر هۆکارەکەی ئەم شوبهەیە خراپەی نییەت(سوء القصد)بێت، ئەوا بەبیری خاوەنانی ئەم شوبهەیە دەخەینەوە، کە پەنابردن تەنها بۆ زمانی عەرەبی لە لێکدانەوەی قورئانی پیرۆز، بەبێ :

* بەیانکردنی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بۆ قورئان[١].
* تێگەیشتنی هەڤالانی(رضي الله عنهم)[٢] .
* هاوڕای زانایانی فیقهی ئیسلامی[٣].

نەك لە کارخستنی تەنها یەك ئایەتە، بەڵکو لە کارخستنی گشت ئایەتەکانی ئەحکامە لە قورئانی پیرۆز و کوفرێکی زەبەلاحە بەناوی ئیسلام و قورئان، بەم پێوەرەی ئەوان باس دەکەن نە نوێژ دەمینێ و نە زەکات و نە رۆژوو و نە حەج، چونکە هیچ ڕوکنێك لەم ڕوکنانە ناتوانیین تەنها بە قورئانی پیرۆز ئەنجامی بدەین، بەبێ بەیانکردنی پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم)!. چونکە ئەم بابەتە پێشتر باسکراوە دووبارەی ناکەینەوە [٤].

---

(١) ﴿وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ﴾ (النحل:٤٤)

(٢) ﴿وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلْأَوَّلُونَ مِنَ ٱلْمُهَٰجِرِينَ وَٱلْأَنصَارِ وَٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُم بِإِحْسَٰنٍ رَّضِىَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا۟ عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِى تَحْتَهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ۚ ذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ﴾ (التوبة:١٠٠)

(٣) ﴿وَمَن يُشَاقِقِ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ ٱلْهُدَىٰ وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ ٱلْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصْلِهِۦ جَهَنَّمَ ۖ وَسَآءَتْ مَصِيرًا﴾ (النساء:١١٥)

(٤) بڕوانە: ژمارەی یەکەمی گۆڤاری ئەیووبی ل٩٩ـ١٠١ .

للمزيد ينظر: (منزلة السنة في الإسلام و بيان أنه لا يستغنى عنها بالقرآن) لمحمد ناصرالدين رحمه الله.

سێیەمیان: نە بڕینی دەستی دز لە لایەن پێشەوا عومەرەوە(رضي الله عنه)، لەبەر لێکدانەوەی عەرەبی نییە بۆ ئایەتەکەی: ﴿فَٱقۡطَعُوٓاْ أَيۡدِيَهُمَا﴾، چونکە پێشەوا عومەر(رضي الله عنه) خۆشی کاری دەست برینی دزی ئەنجام داوە، کاتی هەبونی کشت مەرجەکانی دەست برین[1]، بەڵکو نەبڕینی دەستی دز لە سالی رەماد دا لە لایەن عومەرەوە(رضي الله عنه)، لە بەر جوان تێگەیشتنی عومەرە (رضي الله عنه)، بۆ ئایەتەکەی دەست بڕین: ﴿فَٱقۡطَعُوٓاْ أَيۡدِيَهُمَا﴾ وەکو باسکرا.

شوبهەی سێیەم :

پشتگوێ خستنی دەقە شەرعییەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودە بە پاساوی مێژووی دەقی شەرعی!

ئەمە لە هەمووی سەیرترە! هەروەها لەهەمووی ترسناکترە، پوختەکەی ئەوەیە کە: کەسانێك مێژووی دەقی شەرعی دەکەنە پاساو بۆ پشت گوێخستنی کارکردن بە دەقی شەرعی لە دادگاکانی وڵاتانی موسڵمانان!

بۆ نمونە دەڵێن : بڕینی دەستی دز بەپێی ئەوسەردەمەی کە قورئانی پیرۆز دابەزیوە شتێکی ڕەوابوو، بۆ پاراستنی ماڵی خەڵك، چونکە عەرەبەکان ئەوکات لە زەمینەو زەمانێکی ناشارستانیدا دەژیان، پێش ئیسلامیش ئاشنابوون لە سزای دەست بڕین بۆ دز!.

---

(١) قال القرطبي عند تفسير آية المائدة: ﴿فَٱقۡطَعُوٓاْ أَيۡدِيَهُمَا﴾ و قطعَ عمر يدَ ابن سمرة أخي عبد الرحمن بن سمرة، و لاخلاف فيه.

کەواتە ئەوکات بەهۆی ئەم سزایە موسڵمانان توانیان ماڵی خەڵك بپارێزن، چونکە بەسزایەك بوو لەگەڵ ئەو زەمانە دەگونجا لە زەمینەیەکی بیابانی ناشارستاندا! بەڵام زەمینەیەکی شارستانی وەکو ئەم زەمانە، پێویست بەم سزایە ناکات و دەتوانین سزای گونجاوتر بەپێی ئەم زەمانە دارێژین، بۆ پاراستنی ماڵی خەڵك. ئەمەش سەرپێچی نییە بۆ دەقی شەرعی لە قورئان یان فەرموودە، چونکە دەقەکە پەیوەستە بە مێژووی ڕۆژگارێکی دیاریکراو!

وەڵام:

- بە پوختی .
- بە کوردی .
- بە کورتی:

بە پوختی:

ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە پێویستی بە وەڵامێکی دوور و درێژ نییە، چونکە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە پێمان دەڵێت :

* جاران لەبەر کەمی پاکوخاوێنی و هەبوونی بێکاری پێنج نۆێژ و دەست نۆێژ واجب بووە لەسەر موسڵمان، بەڵام ئەمڕۆ ئەمە پێویست ناکات، چونکە لە شارستانێکی خاوێن و پڕ کاردا دەژین!

* جاران ڕیبا حەرام کرا، چونکە نیزامی بانکی نەبوو ، بەڵام ئەمڕۆ پێویست ناکات ڕیبا حەرامبێت لەبەر هەبوونی نیزامی بانکی پێشکەوتوو، کە پێویستە بۆ پێشکەوتنی ئابووری!

* جاران پێویست بوو نیزامی زەکات واجب بکرێت، بەڵام ئەمڕۆ موسڵمان زەریبە دەداتە حکومەت، ئەمە جێی زەکات دەگرێتەوە!

بەکوردی:

ئەم جۆرەبیرکردنەوەیە پێمان دەڵێت جاران ئیسلام پێویست بوو، بۆ ئەو زەمان و ئەو زەمینەیە، بەڵام لەم زەمانە پێشکەوتوویەی ئەمڕۆ، لە زەمینەیەکی شارستاندا پێویستیمان بە ئیسلام نییە!!.

بە کورتی:

پەروەردگار وەڵامی ئەم جۆرە بیرکردنانە دەداتەوە، بە موسڵمان دەفەرمێت :

﴿وَلَن تَرۡضَىٰ عَنكَ ٱلۡيَهُودُ وَلَا ٱلنَّصَٰرَىٰ حَتَّىٰ تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمۡۗ قُلۡ إِنَّ هُدَى ٱللَّهِ هُوَ ٱلۡهُدَىٰۗ﴾[1]

واتە: (جولەکە و دیانەکان لێت ڕازی نابن تاوەکو پشت لە ئیسلام دەکەی بۆ میللەتەکەیان، تۆش لە وەڵامیاندا بفەرموو: ڕووناکی تەنها ئەوەیە کە لەلای خوداوە هاتووە، دەست کاری مرۆڤی تێدانییە) .

(١) البقرة:١٢٠

بیبلوگرافیایەکی بچوك بۆ وەڵامدانەوەی ئەم جۆرە شوبوهاتە

بۆ زیاتر ئاشنابوون لە پۆچەڵی ئەم جۆرە شوبوهاتە، کە دوژمنانی ئیسلام لەبن ناوی جیا جیا لە وڵاتانی موسڵمانان بڵاوی دەکەنەوە، بە مەبەستی خۆشکردنی ئاگری ئاژاوە و دووبەرەکی لە ناو ڕێزی موسڵمانان.

بڕوانە:

* موقف الإتجاه العقلاني الإسلامي المعاصر من النص الشرعي ط : مركز الفكر المعاصر . تأليف الدكتور سعد العتيبـي.

* التيار العلماني الحديث و موقفه من تفسير القرآن ـ عرض و نقد ـ ط : دار اليسر . تأليف منى محمد بهي الدين الشافعي.

* الإتجاه العلماني المعاصر في دراسة السنة النبوية ـ دراسةٌ نقدية ـ ط : دار النوادر. تأليف: غازي محمود الشمري.

* الضوابط الشرعية لوقف العمل بنصوص القرآن و السنة ط دار التدمرية و دار ابن حزم. تأليف: الدكتور عزت روبي سليم الجرحي

* أثر الشبهات في درء الحدود ط مكتبة التوبة تأليف: سعيد بن مسفر الوادعي.

* مسقطات الحدود في الشريعة الإسلامية ط دار كنوز اشبـيليا تأليف:إبراهيم بن ناصر الحمود.

زۆر پێویستە ئەم جۆرە سەرچاوانە بۆ زمانی کوردی وەربگێڕدرێن، داواکارین لە خودای پەروەردگار کەسانێکی شارەزا بۆ ئەم کارە موسەخەر بکات.

خاڵی دووەم

پێشەوا عومەر (رضي الله عنه)

و چەسپاندنی یاسا بەبێ جیاوازی لە نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگا.

لە هۆکارە هەرە گەورەکانی سەرکەوتنی عومەر(رضي الله عنه) لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا، چەسپاندنی یاسا و ڕێساکانی ئیسلام بوو، بە سەر هەموو کەسێك لە هەر چینێك بێت بە بێ جیاوازی، ئەمەش گەورەترین ڕەوشتبەرزی فەرمانڕەوایە بەرامبەر خەڵکەکەی، بنەمای ئەم ڕەوشت بەرزییە بۆ فەرمودەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەگەڕێتەوە کە دەفەرمێت:

« إِنَّمَا أَهْلَكَ الَّذِينَ قَبْلَكُمْ أَنَّهُمْ كَانُوا إِذَا سَرَقَ فِيهِمُ الشَّرِيفُ تَرَكُوهُ ، وَإِذَا سَرَقَ فِيهِمُ الضَّعِيفُ أَقَامُوا عَلَيْهِ الْحَدَّ ، وَايْمُ اللَّهِ ، لَوْ أَنَّ فَاطِمَةَ ابْنَةَ مُحَمَّدٍ سَرَقَتْ لَقَطَعْتُ يَدَهَا »[١] .

واتە: خەڵکینە، هۆکاری لە ناوچوونی خەڵکانی پێش ئێوە ئەوەبووە، لە کاتی چەسپاندنی یاساکانیان جیاوازیان کردووە لە نێوان چینەکانی کۆمەڵگا، کاتێ هەژاری بێکەس(الضعيف) دزی کردبا، سزادەدرا، کاتێکیش خاوەن کەس و بنەماڵە و عەشیرەت(الشريف) دزی کردبا عەفودەکرا! سوێند بە خودا ئەگەر فاتیمەی کچی محمد (صلى الله عليه وسلم) دزی بکات، ئەوا دەستی دەبڕم!.

(١) أخرجه البخاري (٨\١٦٠ ، ٥\١٥١ ، ٤\١٧٥ ط البغا)

عومەر (رضي الله عنه) لە ڕۆژگاری ژیانی فەرمانڕەواییدا، دەقاودەق ئەم فەرموودەیەی لە بەرچاو بوو، بە گوفتار و وتار کاری پێدەکرد، بۆیە بە نمونە لەسەر چەند ساتێکی گوفتار و وتارەکانی دەوەستین بە پشتیوانی خودا:

نمونەی یەکەم:

ڕووداوێکی دادگای عومەر(رضي الله عنه) لە سەر ئافرەتێکی بێ دەسەلات

لە ڕۆژگارێکی فەمانڕەوایی عومەر(رضي الله عنه) خەڵکانێك باسی ئافرەتێك دەکەن، کە پیاوەکەی بۆ سەفەرێك دەرچووە، کەسانێکی بیانی هاتووچووی ئافرەتەکە دەکەن، عومەر (رضي الله عنه) بە گوت گوتەکە دەزانێ، دەنێرێت بە دوای ئافرەتەکە، بوئەوەی وەکو باوکێك ئاموژگاری بکات، بەڵام کاتێ هەواڵی بانگ کردنی عومەر دەگاتە ئافرەتەکە، ئافرەتەکە دەترسێت، چونکە دووگیانە و لەسەر ڕۆژانی منداڵ بوونە لە ڕێگەدا تووشی حاڵەتی منداڵ بوون دەبێ لە یەکێ لە ماڵەکان منداڵەکەی لەدایك دەبێ، دوای منداڵەکە پاش ماوەیەکی کەم دەمرێت.

هەواڵی بەسەرهاتی ئافرەتەکە دەگاتەوە عومەر(رضي الله عنه)، لە هەمان کاتدا عومەر (رضي الله عنه) ڕاوێژکارانی خۆی لە گەورە هەڤاڵانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) کۆدەکاتەوە، ئایا خوێنی منداڵەکە عومەر(رضي الله عنه) لێی بەرپرسە یان نا؟. زۆربەی ڕاوێژکارانی بۆ ئەوەدەچن کە تۆ وەکو باوکێك هەڵسوکەوتت کردووە، هیچت لە سەر نییە، بێجگە لە علی (رضي الله عنه)، کە بۆ ئەوە دەچێت کە هۆکاری مردنی منداڵەکە بۆ عومەر دەگەڕێتەوە.

لێرەدا عومەر(رضي الله عنه) وەکو دادوەرێك بۆچوونەکەی علی(رضي الله عنه) هەڵدەبژێرێت[١] سزای مردنی منالەکە بەسەر خۆیدا دەسەپێنێت، وەکو چون لە شەرعدا هاتووە[٢].

بەم هەڵسوکەوتەی عومەر(رضي الله عنه)، دەیان هەڵسوکەوتی تر کە نیشانەی دادپەروەرین، خەڵکەکە زانییان کە لە شارێکی دادپەروەر(المدينة الفاضلة)دا دەژین، فێرە دادپەروەری بوون، بەڵکو هەموو هاوڵاتییەك کەلە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی موسڵماناندا دەژیان هەستیان بەم دادپەروەریەی دەکرد، دەیان زانی هیچ مافێك بە هەدەر ناڕوات.

نمونەی دووەم:

ڕووداوێکی دادگای عومەر(رضي الله عنه) لە سەر میرێکی باڵا دەست

کاتێ کوڕی میرێکی موسڵمانان ئازار دەگەیەنێ بە هەژارێکی میسری لە میسر، باوکی هەژارەکە دەزانێ کەسێك هەیە مافی خەڵك دەپارێزێت ، بۆیە هەزاران کیلۆمەتر لە دەریاو بیابانەکان دەبڕێت بۆ لای ئەو کەسە، سکاڵا دژی میرەکە و کوڕی میرەکەی تۆماردەکات، عومەر(رضي الله عنه) بانگیان دەکات تۆڵەی هاوڵاتییە هەژارەکە لێیان وەردەگرێت، وتە زێڕینەکەی بە میرەکەی میسر دەفەرمێت:

---

(١) كان عمر (رضي الله عنه) كثير الإعتماد على آراء علي (رضي الله عنه) في النوازل وكان يقول: (أعوذ بالله من مُعْضِلةٍ ليس لها أبو الحسن ـ أي علي ـ) ويقول: (لولا عليٌّ لهلك عمر!) ينظر: أعلام الموقعين(٢\٢٧ط:مشهور حسن).

(٢) الأثر أخرجه عبد الرزاق في المصنف (٩\٤٥٨)، و البيهقي في السنن الكبير (٦\١٢٣)، و ابن حزم في المحلى (١١\٢٤) و غيرهم . ينظر: موسوعة عمر لمحمد رواس قلعةجي ص٢٥٤ـ٢٥٥.

(يا عمرو مذ كم تعبَّدتم الناس و قد ولدتهم أمهاتهم أحراراً) واتە: (ئەی عەمر کەی مافی ئەوەتان هەیە خەڵك بکەنە کۆیلە، لەکاتێکدا کە بە سەربەستی لە دایك بوون!) وەڵامی ئەمیرەکەش تەنها ئەوەبوو کە فەرمووی (لم أعلم و لم يأتيني) واتە سکاڵای لای من تۆمارنەکردووە، منیش نەمزانیوە، بەڵام بەمە کوڕەکەی لە سەپاندنی سزای دادگا ڕزگاری نەبوو[١].

نمونەی سێیەم:

وتارێکی عومەر (رضي الله عنه) بۆ کاربەدەستان و خەڵك:

چونکە چەسپاندنی یاسا بەسەر هەموو کەس بەبێ جیاوازی، پێش هەموو شتێك ئەرکێکی ئایینییە، لە هەمانکاتدا هۆکاری سەرکەوتنە لە بەڕێوەبردن، خاڵی پاراستنی مافەکانی خەڵکە، بۆیە عومەر هەموو کات لە وتارەکانیدا ئەم خاڵەی دووبارە دەکردەوە و دەی فەرموو:

(خەڵکینە من میر و فەرمانڕەوا بۆتان بەڕێناکەم، تاوەکو لێتانبدەن و مالتان ببەن، بەڵکو بۆ ئەوە بەڕێدەکەم، تاوەکو:

* فێری ئیسلامەتی و سوننەتەکانی پێغەمبەرتان(صلى الله عليه وسلم)بکەن.
* بەدادپەروەری مالی دەوڵەت بەسەرتانا دابەش بکەن.

ئەگەر زانیتان کاربەدەستێکم لەمە زیاتری کردووە بۆم بەرزی بکەنەوە، بەو خودایەی کە ژیانی عومەری بەدەستە تۆڵەی لێ دەسێنمەوە.

---

(١) لتفاصيل الأثر ينظر: فتوح مصر و المغرب (١\١٩٥) و حسن المحاضرة في تأريخ مصر و القاهرة(١\٥٧٨).

عەمری کوڕی عاص(رضي الله عنه) کە گوێبیستی وتارەکەی دەبێت، پێی دەفەرمێت: ئەی پێشەوای موسڵمانان ئەگەر کەسێکی موسڵمان کاربەدەست بوو لەسەر کەسانێکی موسڵمان، ویستی فێرە ئەدەبیان بکات ـ بە لێدان ـ تۆڵەی دەسێنیتەوە؟

عومەر(رضي الله عنه) پێی فەرموو: بەڵێ چۆن تۆڵەی لێناسێنمەوە ، پێغەمبەرم بینیوە(صلى الله عليه وسلم) تۆڵەی لە خۆی ساندووتەوە!)[1].

بەمە عومەر(رضي الله عنه) بە کردار و بە گوفتار موسڵمانانی فێر کرد، کە گشتیان بەرامبەر دادگای ئیسلام وەکو یەکن، یاسای شەریعەتی خودا لە سەرووی هەموویانە، ئەمە لە هۆکارە هەرە گەورەکانی سەرکەوتنی عومەر (رضي الله عنه) بوون لە بەڕێوەبردندا.

قال شيخ الاسلام (رحمه الله):

الفتنة لها سببان: إمّا ضعف العلم، و إمّا ضعف الصبر، فإن الجهل و الظلم اصل الشر

(١) خطبة عمر(رضي الله عنه) ستجدها في إعلام الموقعين لإبن القيم (٣\٦٩ ـ ٧٠ ط: مشهور حسن) و ثمة تخريجها المفصل هنالك.

نمونەی چوارەم:

وتاریکی عومەر (رضي الله عنه) بۆ ماڵباتەکەی

ئەوەی لێرەدا شیاوی باس بێت ئەوەیە، کە عومەر(رضي الله عنه) جیاوازییەکی دەکرد لە نێوان کوڕ و خزم و کەسانی خۆی لەگەڵ خەڵکی تر، ئەویش بە چەند شێوەیەك لەوانە:

یەکەمیان:

هەرکەس لە خزم و کەسانی تاوانێك ئەنجام بدات سزای لە خەڵکی تر زیاتر دەکات، وەکو (تعزیر)[١] زیادەیەك بەسەر(حد). عەبدوللای کوڕی عومەر(رضي الله عنه) دەفەرمێت: كان عمر (رضي الله عنه) إذا نهى الناس عن شيءٍ دخل على أهله فقال: إني نهيت عن كذا وكذا، و الناس ينظرون إليكم نظر الطير إلى اللحم فإن وقعتم وقعوا و إن هبتم هابوا، و إني والله لا أوتي برجلٍ منكم وقع في شيءٍ مما نهيت عنه الناس إلا ضَعَّفتُ عليه العقوبة لمكانته منى فمن شاء فليتقدم و من شاء فليتأخر)[٢]

واتە: (عومەر ـ رضي الله عنه ـ کاتێ فەرمانی هەر شتێکی دەردەکرد، یەکەم جار ڕووی لە خزم و کەسانی دەکرد، پێیانی دەی فەرموو: چۆن باڵندەی گوشت خۆر تەماشای گوشت دەکات، بەهەمان شێوە خەڵك تەماشاتاندەکات، کە سەرپێچیتانکرد سەرپێچی دەکەن، کە پابەند بوون پابەند دەبن، بۆیە سوێند بە خودا هەرکەسێکتان سەرپێچی فەرمانەکانم بکات، سزای لە سەر چەند جارەدەکەم، تاوەکو دەرگای

---

(١) (التعزير) هو عقوبةٌ غير مقدرة شرعاً، تجب حقاً لله أو لآدمي ، في كل معصية ليس فيها حد و لا كفارة غالباً. أما(الحد) فهو عقوبة مقدرة شرعاً حقاً لله تعالى. ينظر: الموسوعة الفقهية الكويتية (١٢\٢٥٤).

(٢) المصنف اعبدالرزاق (١١\٣٤٣) . و ينظر موسوعة فقه عمر ص١٠٤ ـ ١٠٥، وفيه جلد عمر لأحد أبنائه أما ماقيل إن ابنه مات بسبب الحد فغير صحيح.

چاولێکەری سەرپێچی بۆ خەڵك نەکرێتەوە، ئەوجا ئەوەی پیاوە لە ئێوەی کەسوکارم، با سەرپێچی بکات!).

دووەمیان:

کوڕەکانی دوور دەخستەوە لە جڵەوی کاربەدەستی، زۆر ترسی هەبوو لە فەرمانڕەوایی پشتاو پشت، بۆیە کاتێ مەجلیسی شورای دانا بۆ هەڵبژاردنی خەلیفە لە پاشە خۆی، کوڕەکەی (عبدالله) کە لە گەورە زانایان بوو، کردییە ئەندام لە مەجلیسەکە، بەمەرجێك هەڵنەبژرێردرێت بە خەلیفە دوای خۆی، لە ترسی بە پشتاوپشت بوونی خەلافەت، هەرچەندە کەسێکی شیاوە[١]. هەروەها (سعید بن زید) کە زاوا و کوڕە مامی بوو، زۆر لێهاتوو بوو کە خەلافەت پاشە خۆی وەربگرێت، نەیهێشت ئەندام بێت لە مەجلیسی هەلبژاردنی خەلیفەی سێیەم، تەنها لەبەر ئەوەی خزم و نزیکی عومەرە(رضي الله عنه)[٢]، ئەمەش ڕەنگە دەرگایەکی نەخوازراو بۆ بەرەبابەکانی داهاتوو بکاتەوە، کاری عومەر(رضي الله عنه) بکەنە پاساو، خزمایەتی ببێتە هۆکاری هەڵبژاردنی کاربەدەست نەك کەفائەت!.

سێیەمیان:

خانەوادەکەی عومەر (رضي الله عنه) خاوەن کەمترین دەرامەتی میری بوون، سەرەڕای شایستەییان، وەکو هەر خانەوادەیەکی موسڵمانان[٣]!.

بەم شێوەیە هاوڵاتیان پەروەردەکران لەسەر دادپەروەری ئیسلام ، سەلمێنرا کە بۆ چینێك نییە چینێك بچەوسێنێتەوە، بەڵکو چینی دەسەڵاتدار تەنها خزمەتکارە.

---

(١) الفكر السامي في تأريخ الفقه الإسلامي لمحمد بن الحسن الحجوري الفاسي(١\٢٧٤ـ ٢٧٥ ط: المدينة).

(٢) الفكر السامي في تأريخ الفقه الإسلامي (١\٢٥٠).

(٣) ينظر: سيرة عمربن الخطاب للإمام الذهبي ص٨٤ ط مؤسسة الرسالة.

خاڵی سێیەم

پێشەوا عومەر(رضي الله عنه)

و دانانی کەسی شیاو لە جێگای شیاو بە پێی کەفائەت.

دانانی کەسی شیاو لە شوێنی شیاو، بێگومان گەورە هۆکاری سەرکەوتنە لە بەڕێوەبردندا، عومەر(رضي الله عنه) هەموو کات بیری لە کەسی شیاو دەکردەوە بۆ ئەوەی وەکو لێپرسراو، یان وەکو سەرکردە و فەرمانبەر بەکاریان بێنێت، بنەمای ئەم بیرکردنەوەیەش بۆ ئایەتی (٥٨)ی سورەتی(النساء) دەگەڕێتەوە کە پەروەردگار دەفەرمێت : ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا وَإِذَا حَكَمۡتُم بَيۡنَ ٱلنَّاسِ أَن تَحۡكُمُواْ بِٱلۡعَدۡلِۚ إِنَّ ٱللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِۦٓۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ سَمِيعَۢا بَصِيرٗا﴾ واتە: (خودا فەرمانتان پێدەکات، کە ئەمانەتەکان بۆ خاوەنەکانیان بگەڕێننەوە، هەرکاتێکیش دادوەریتان کرد لە نێوان خەڵکیدا، ئەوا دادپەروەرانە کاری دادوەری ئەنجام بدەن، ئەمە ئاموژگاری خودایە بۆ ئێوە، سەرپێچی ئەم ئاموژگارییە مەکەن چونکە: لە لایەك چاکترین و جوانترین ئاموژگارییە، لە لایەکی تر خودا بیسەر و بینایە بەوەی کە ئێوە ئەنجامی دەدەن). لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا پێشەوا عومەر(رضي الله عنه) دەفەرمێت: ((مَنْ وَلي مِن أمر المسلمينَ شَيْئاً فَولَّى رَجُلاً لِمَوَدةٍ أو قَرَابةٍ بينَهُمَا فَقَدْ خَانَ اللهَ و رَسُولَهُ و الْمُسلمين))[1].

---

(١) ذكره شيخ الإسلام في السياسة الشرعية ص٢٣ و ينظر: منهج ابن تيمية في الإصلاح الإداري ص١٣٦ـ١٤٣. و روي هذا الأثر بنحوه مرفوعاً الحاكمُ في المستدرك(٤\٩٢ـ٩٣) وصححه و خالفه الذهبي. و ينظر: السنن الكبرى للبيهقي(٢٠\٣٤٨ رقم:٢٠٣٩٠ ط: التركي)، و الضعفاء الكبير للعُقيلي (٢\٢٩ ط: السرساوي).

واتە: (ئەوەی کاری موسڵمانانی بکەوێتە دەست، لە پاشان کار بداتە دەست کەسێك نەك لەبەر کەفائەت، بەڵکو لەبەر برادەرایەتی، یان خزمایەتی لە نێوانیاندا، ئەوا ئەو کاربەدەستە خیانەتی لە خودا و پێغەمبەر و موسڵمانان کردووە!).

ئەمەی پێشەوا عومەر(رضي الله عنه) فەرموی، هەموو کات لەناو هزر و کردارەکانیدا ڕەنگی دەداوە، لەم بارەیەوە چەند نمونەیەك دەخەینە ڕوو:

نمونەی یەکەم:

مەجلیسێکی پێشەوا عومەر(رضي الله عنه) و چۆنیەتی بیرکردنەوەی!.

لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی عومەر(رضي الله عنه) لە یەکێك لە مەجلیسەکانیدا، لەگەڵ گەورە هەڤاڵانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)، عومەر(رضي الله عنه) پێیان دەفەرمێت:

خۆزگەبخوازن!؟ ئەوانیش هەریەکەو خۆزگە بەشتێکەوە دەخوازێت ، کە بۆ دونیاو قیامەتیان باش بێت. پێشەوا عومەر (رضي الله عنه) دەفەرمێت:

بەڵام من خۆزگە بەوەوە دەخوازم کە پڕی خانوویەك پیاوی وەکو (أبو عبيدة بن الجراح) و(معاذ بن جبل) و (حذيفة بن اليمان) لەبەر دەستمدا هەبووانا بۆ ئەوەی لە کاروبارەکانمدا بەکارمهێنابان لە ڕێگای خودا دا[1].

(١) الخبر أخرجه الحاكم في المستدرك (٣\٢٦٢)، و ابن سعد في الطبقات(٣\١\٣٠٠) و غيرهما ينظر: سير أعلام النبلاء(١\١٤).

ئەمەی عومەر(رضي الله عنه) بە گوفتار لە مەجلیسەکانیدا باسی دەکرد، لە گەڕانی بە دوای کەسی شیاو بۆ فەرمانبەری لە دەوڵەتدا، هەموو کات لەناو هزر و بیریدا بوو، بە کرداریش بە دوایدا دەگەڕا، وەك لە نمونەی دووەمدا:

نمونەی دووەم:

عومەر (رضي الله عنه) و دۆزینەوەی کەسی شیاو بۆ کاری شیاو.

پێشەوا عومەر(رضي الله عنه) لە ڕۆژگارێکی فەرمانڕەواییەکەیدا، ئەسپێك دەکڕێت، کاتی کڕین عومەر (رضي الله عنه) سواری ئەسپەکەدەبێت دەی غارێنێت بۆ ئەوەی تواناکەی بزانێت، بەڵام ئەسپەکە کاتی غاراندنی تۆشی پێکان دەبێت، عومەر(رضي الله عنه) دەیەوێت بۆ خاوەنی بگەڕێنتەوە، بەڵام خاوەنەکەی قەبوولی ناکات، عومەر(رضي الله عنه) پێی دەفەرمێت: کەسێك بکە دادوەر لە نێوان من و خۆت، لەسەر گەڕاندنەوەی ئەسپەکە، ئایا بۆم هەیە بگەڕێنمەوە یان بۆم نییە؟ خاوەنەکەی دەڵێت ڕازیم بە دادوەری (شریح).

عومەر(رضي الله عنه) لەگەڵ خاوەن ئەسپەکە، بەرامبەر دادگای (دادوەر شورەیح) دەوەستن، دادوەرەکەش گوێبیستی هەردوو لا دەبێت، لە کوتاییدا بە عومەر (رضي الله عنه) دەفەرمێت:

ـــ تۆ کاتێ ئەسپەکەت وەرگرت ساغ بوو؟

عومەریش دەفەرمێت:

ـــ بەڵێ.

شورەیح پێی دەفەرمێت:

ـــ ئەگەر بۆی دەگەڕێنییەوە بە ساغی بۆی بگەڕێنەوە!.

ئەوکات عومەر(رضي الله عنه) دەگاتە مەرامی خۆی، کاتێ لێهاتوویی شورەیح دەبینێت لە دادگادا پێی دەفەرمێت:

ـــ بە دادوەریەتی تۆ و حوکمی دادگاکەت ڕازیم، پێویستە بچیتە کوفە لەوێ ببیتە دادوەر (قاضي)، چونکە کەسێکی لێهاتووی بۆ ئەم کارە[1]!.

بەرزترین دەسەڵات لە گەورەترین شاری ئەوکات پێی دەبەخشێت، بێ ئەوەی لێی بپرسێت تۆ کێی؟ یان کوڕی کێی؟ چونکە زانی هەرکەسێك بێت گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە کە کەسێکی لێهاتووە، شیاوە بۆ ئەو جێگایەی کە بۆی دەنێرێت.

بۆیە تا سەرەمەگ گەورەترین کار کە پێشەوا عومەر(رضي الله عنه) بیری لێدەکردەوە، ئەمە بوو هەڵبژاردنی کەسی شیاو و خاوەن کەفائەت و ئیمان بۆ کاری شیاو، کە شارەزاییەکەی وابکات کارەکەی بەرەو پێش ببات، ئیمانەکەیە وابکات ماندوو نەبێت، تاوەکو ئەم ڕاستییە زیاتر بۆمان ڕوون ببێتەوە، با لەم نمونەیەدا گوێبیستی پێشەوا عومەر ببین بزانین لە سەرەمەرگا چ دەفەرمێت؟

---

(١) خبر تنصيب شريح قاضياً على الكوفة تجده في (أخبار القضاة) للوكيع (ص٣٥٧ ط عالم الكتب)(٢\١٨٩ ط: القديمة) و طبقات ابن سعد (٦\١٣٢) و الأوائل لأبي هلال العسكري(٢\١١٥ـ١١٦ط:وزارة الثقافة بدمشق) و ينظر: كتاب القضاء في عهد عمربن الخطاب(٢\٨٦٥).

واشتهر شريحٌ بالحنكة و الدهاء في القضاء، يستهل مجالس القضاء بعد التحميد، بقوله: (إن الظالم ينتظر العقاب، و إن المظلوم ينتظر النصر!) ينظر: البصائر و الذخائر(٣\٤٠).

نمونەی سێیەم:

چەند وشەیەکی عومەر (رضي الله عنه) لە سەرەمەرگدا، لە سەرگرنگی کەسی شیاو بۆ کاری شیاو.

لە سەرەمەرگدا، کەسێك بە عومەر(رضي الله عنه) دەفەرمێت: ئەی پێشەوای موسڵمانان ئەگەر کەسێك بۆ خەلافەت دەستنیشان بکەی لە پاش خۆت!؟ ئەویش لە وەڵامیدا دەفەرمێت: (...و لوكان سالم مولى أبي حذيفة حياً استخلفته)[1] واتە: ئەگەر (سالم مولى أبي حذيفة) لەژیاندا با دەمکردە خەلیفە لە دوای خۆم! ئەمەش تەنها لەبەر هەبوونی کەفائەت و هێزی ئیمانی (سالم)ە (رضي الله عنه) کە خودای خۆشویستووە! ئەگەر نا (سالم ـ رضي الله عنه) لە (موالی)[2] یە نەك لە (قریش)!.

بەڵام پێشەوا عومەر دەیزانی گرنگی کەسی لێهاتوو بۆ شوێنی لێهاتوو مانای چییە؟! ئەمەش لە هۆکارە هەرە گەورەکانی سەرکەوتنی عومەر (رضي الله عنه) بوون لە بەڕێوەبردندا.

بنەمای ئەم هۆکارەش عومەر(رضي الله عنه) لە ئایەتی ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا وَإِذَا حَكَمۡتُم بَيۡنَ ٱلنَّاسِ أَن تَحۡكُمُواْ بِٱلۡعَدۡلِ﴾ وەریگرتووە وەکو باسکرا، نەمانی ئەم هۆکارەی سەرکەوتنیش لە بەڕێوەبردندا لە نیشانەکانی قیامەتە، کە ئەمڕۆ

---

(١) أخرجه الطبري في تأريخه(٤\ ٢٢٧ط: المعرف) و ينظر: البداية و النهاية(٩\٤٩٦ط: التركي) و مجلة الإستشراق العدد(٥) ص٨٠ـ١٠٤ و دراسة بعنوان: دور الموالي و مركزهم في المجتمع الإسلامي ـ دراسة تأريخيةٌ مقارنة بين النظة الإستشراقية و النظرة العربية الإسلامية.

(٢) المراد بالموالي الشعوب الغير عربية التي دخلت في الإسلام. ينظر: الدراسة التي سبق إليها الإشارة.

لە زۆر شوێن دەیبینین، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئاماژە بۆ ئەمە دەکات کاتێك دەفەرمێت:

(إذا وسِد الأمرُ إلى غيرِ أهلهِ فانْتَظِر السَّاعة) واتە: (ئەگەر بینیت بەڕیوەبردن کەوتووتە دەست کەسی ناشیاو، ئەوا چاوەڕوانی قیامەت بە)[١].

عومەری کوڕی خەتاب (رضي الله عنه) دە فەرمێت:

سێ هۆکار ڕۆژگار بۆگەن دەکەن:

* **یەکەمیان: کاربەدەست، کاربکات لەسەر گومڕا کردنی خەڵکەکەی.**

* **دووەمیان: دوو ڕوو(منافق)، بەناو ی قورئانەوە قسە بکات.**

* **سێیەمیان: زانا، تووشی هەڵە ببێت .**

(أعلام الموقعين عن رب العالمين ٣\٤٥٤ و ثمة تخريج الأثر).

---

(١) عن أبي هريرة (رضي الله عنه) قال: بينما النبي صلى الله عليه وسلم في مجلسٍ يحدث القوم، جاء أعرابيٌ فقال متى الساعة؟ فمضى رسول الله صلى الله عليه وسلم يحدثُ ، فقال بعض القوم سمع ماقال فكره ما قال. و قال بعضهم: بل لم يسمع ماقال. حتى إذا قضى حديثه قال: (أين أراه السائل عن الساعة؟) قال ها أنا يا رسول الله، قال: (فإذا ضُيِّعتِ الأمانة فانتظر الساعة) قال: كيف إضاعتها؟ قال: (إذا وسد الأمر إلى غير أهله فانتظر الساعة) أخرجه البخاري (٥٩)(١\٣٣).

و عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: (سيأتي على الناس سنواتٌ خداعات، يُصدِّقُ فيها الكاذب، و يُكَذِّبُ فيها الصادق، و يُخَوِّنُ فيها الأمين، و ينطقُ فيها الرويبضة)قيل وما الرويبضة؟! قال: (الرجل التافه في أمر العامة) أخرجه ابن ماجه(٤٠٣٦)و غيره وصححه الشيخ ناصر. وفي لفظ الطبراني في الأوسط (٣٢٥٨)في تعريف الرويبضة: (السفيه ينطق في أمر العامة).

خوێندنەوەی چەند لایەنێکی شاراوەی کەسایەتی پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم)

لە خاڵە گرنگەکانی کەسایەتی سەرکەوتوو، تواناکانی هەڵبژاردنی کەسی شیاو بۆ کارە گرنگەکان. ئەمە لایەنێکی گرنگی کەسایەتی پێغەمبەرمانە (صلى الله عليه وسلم)، کە وەکو پێویست باس نەکراوە، لەم بابەتەدا تەنها ئاماژەیەکی بۆ دەکەین ئەگەر خودا پشت و پەنا بێت. پاش بەیعەی عەقەبەی یەکەم[١]، کەدەکاتە سەرەتای دەرچوونی ئیسلامەتی لە (مەککە)وە بۆ مەدینە کە پێشتر پێیان دەگوت(یثرب)[٢]، وا پێویست بوو کە پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) کەسێك لە هەڤاڵانی بۆ (مدينة) بنێرێت، تاوەکو بانگەوازی ئیسلامەتی لەوێ بکات.

پرسیارێك کە بەهۆیەوە بگەینە ناو بابەتەکە ئەوەیە کە بۆچی لەناو ئەو هەموو هەڤاڵانە، پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) کەسێك بەناوی: مصعب بن عمير(رضي الله عنه) بۆ ئەم کارە هەڵدەبژێرێت؟!

وەڵامی ئەم پرسیارە دڵۆپەیەك لە دەریای زانستی ڕابەری و سەرداری پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) دەخاتە بەرچاومان ئەویش: توانای ئەم پێغەمبەرە (صلى الله عليه وسلم) وەکو سەرکردە لە هەڵبژاردنی کەسی شیاو بۆ کاری شیاو، بەتایبەت کەسی شیاو بۆ کاری بانگەواز. ئەمەش بۆمان دەردەکەوێت کاتێ لە سەر چەند ڕوویەکی کەسایەتی (مصعب ـ رضي الله عنه ـ) بوەستین لەوانە:

---

(١) بەیعەی عەقەبەی یەکەم لە ساڵی(١٢)پێغەمبەرایەتی دا بوو. ينظر: السيرة النبوية في ضوء المصادر الأصلية(٢\٢٩٠ـ٢٩٢).

(٢) پێشتر ناوی شاری پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) مەدینە نەبوو، بەڵکو (يثرب)بوو، پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) ناوەکەی گۆڕی بۆ مەدینە، بۆیە باش نییە بگوترێت (يثرب). ينظر: موطأ مالك (٢\٨٨٧ رقم: ٥) و صحيح مسلم (٢\١٠٠٦ رقم: ١٣٨٢).

یەکەم:

پوختەی ژیاننامەی (مصعب بن عمير ـ رضي الله عنه ـ) [١]

* لە ڕۆژگاری سەرەتای دابەزینی قورئانی پیرۆز، (مصعب) لە گەنجە بەختەوەرەکانی مەککە بوو، کە بەو پەڕی خۆشگوزەرانی لە مەککە دەژیا لە ژێر سێبەری دایك و باوکێکی زۆر دەوڵەمەند.

* لە سەرەتای بانگەوازی ئیسلامەتییەوە، لەگەڵ گوێبیستنی ئایەتە یەکەمەکانی قورئانی پیرۆز موسڵمان بووە.

* لە ماڵی (أرقم بن أبي الأرقم) بە نهێنیی گوێبیستی دابەزینە سەرەتاییەکانی قورئانی پیرۆز دەبوو، لە زاری پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم) .

* پاش ئەوەی ئاشکرا دەبێت کە موسڵمان بووە، شوێنکەوتەی (محمد)ە (صلى الله عليه وسلم)، ئازار دەدرێت و دایك و باوکی پشتی تێدەکەن، ئەویش هەژاری و ئیسلامەتی هەڵدەبژێرێت لەسەر گەڕانەوە بۆ کوفر و بت پەرستی.

* هیجرەت دەکات بۆ حەبەشە، وەکو خۆ ڕزگارکردنێك لە توقاندن و ئازاردانی گاورەکانی مەککە.

---

(١) ينظر: مضان ترجمة مصعب بن عمير رضي الله عنه في سير أعلام النبلاء لذهبي(١\٤٥ ـ الحاشية ـ) ط: مؤسسة الرسالة.

* زوو لە حەبەشە دەگەڕێتەوە، تاوەکو بەردەوام لەگەڵ پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) بێت، بۆ گوێبیستنی قورئانی پیرۆز.

* لە بەر دەستی پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) پەروەردە دەکرێت، پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) هەڵیدەبژێرێت وەکو ماموستای یەکەم (المعلم الأول)[١]، کە ئیسلام لە مەدینە بڵاوبکاتەوە، ئەویش بە جوانترین شێوە بە ئەرکەکەی هەڵدەستێت.

* پاش دامەزراندنی بناغەی ئیسلامەتی لە مەدینە بۆ لای پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) دەگەڕێتەوە، لە پاشان لە سەرەتای فەرمانکردنی پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) بە هیجرەت بۆ مەدینە، یەکەم کەس دەبێت کە هیجرەت بۆ مەدینە بکات.

* لە شەڕی (ئوحد ـ ساڵی دووەمی هیجرەت ـ) هەڵگری ئاڵای موسڵمانان دەبێت، لەو شەڕەدا شەهید دەکرێت.

---

(١) الأولى أن يقال أن المعلم الإول هو مصعب بن عمير (رضي الله عنه)، لا أرسطو الفليسوف، إذ المدينة الفاضلة هي التي بناها مصعب في يثرب، لا التي تدعيه الفلاسفة في الخيال. و ممن ألف في المدينة الفاضلة:

* الفارابي: (آراء المدينة الفاضلة) مطبوع.

* كارل بيكر: (المدينة الفاضلة) مطبوع ، ترجمة: محمد شفيق غربال إلى العربية.

و البون شاسع بين ضياع هؤلاء و خيالهم، و بين هداية مصعب (رضي الله عنه) و واقعه الملموس.

ينظر: المدينة الفاضلة في فلسفة الفارابي و موقف الإسلام منها لدكتور محمد حسين مهدي. و مقال مهم للعلامة ابن عاشور ـ رحمه الله ـ بعنوان: (المدينة الفاضلة) ضمن جمهرة مقالاته(٢\٧٢٣ ـ ٧٤١).

دووەم :

وتەکانی مصعب (رضي الله عنه) لە دواهەناسەی ژیانیدا نهێنییەکانی گەورەیی کەسایەتییەکەی دەخەنە بەرچاومان.

پوختەی ژیاننامەی صعب بن عمير (رضي الله عنه) لە خاڵی یەکەمدا، جیاوازییەکمان ناداتە دەست لە نێوان (مصعب) و هەڤاڵانی دیکەی پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم)، تاوەکو بڵێین لە بەر ئەم هۆکارانە (مصعب) وەکو ماموستای یەکەم (المعلم الأول) بۆ خەڵکی (مەدینە) هەڵبژێردراوە، بۆیە لەم خاڵەدا لەسەر دوا وشەکانی صعب بن عمير (رضي الله عنه) ڕادەوەستین لە دوا ساتەکانی ژیانیدا کاتی شەهید بوونی، بۆ ئەوەی بزانین ئەو لەو ساتانەدا چی فەرمووە. چونکە لە ڕێگای ئەم دوا وشانەی (مصعب)ەوە نهێنی کەسایەتییەکەی دێتە بەرچاومان، کە ئەو هۆکارەیە کە پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) بەهۆیەوە (مصعب)ی هەڵبژاردووە، کە ماموستای یەکەم (المعلم الأول) بێت لە مەدینە، بەردی بناغەی شاری دادپەروەر(المدينة الفاضلة) دابنێت.

باسی ئەم دوا وشانە (ابن سعد) لە پەرتووکی (طبقات)[1] بۆمان دەگێڕێتەوە ئەمە پوختەکەیەتی:

(لە شەڕی (ئوحد)دا، مصعب (رضي الله عنه) هەڵگری ئاڵای (محمدٌ رسول الله)یە، بەدەستی گاورێکی مەککە شەهید دەکرێت، لە کاتی شەهیدبوونی، پاش ئەوەی

(١) الطبقات لإبن سعد (٣\١١٢ ـ ١١٣ ط: الخانجي).

هەردوو دەستەکانی لە دەست ئەدات، ئالایەکە دەخاتە باوەشی خۆی دەفەرمێت : (وما محمدٌ إلا رسولٌ قد خلت من قبله الرسل أفإن مات أو قتل انقلبتم على أعقابكم ومن ينقلب على عقبيه فلن يضر الله شيئاً و سيجزي الله الشاكرين) تاوەکو گیانی لە دەست دەدات ئەم وشانە دووبارەدەکاتەوە.

ئەم وشانەی مصعب (رضي الله عنه) کە لە دواساتی ژیانی دووبارەی دەکردنەوە ئایەتی (١٤٤)ی سورەتی (آل عمران)ە، بەڵام جێی سەرنج ئەوەیە، کە مصعب (رضي الله عنه) پێش ئەوەی ئایەتەکە دابەزێت ئەم وشانەی درکاندووە! لەپاشان بەهەمان (لفظ) ئایەتەکەی (آل عمران)دابەزیوە: ﴿وَمَا مُحَمَّدٌ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ ٱلرُّسُلُ ۚ أَفَإِيْن مَّاتَ أَوْ قُتِلَ ٱنقَلَبْتُمْ عَلَىٰٓ أَعْقَـٰبِكُمْ ۚ وَمَن يَنقَلِبْ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ فَلَن يَضُرَّ ٱللَّهَ شَيْـًٔا ۗ وَسَيَجْزِى ٱللَّهُ ٱلشَّـٰكِرِينَ﴾! ئەمەش ڕێزلێنانی پەروەردگارە لە مصعب (رضي الله عنه)، کە لەڕێگای ئیسلامەتی و دروستکردنی(المدينة الفاضلة) بۆ مرۆڤایەتی ژیاوە و مردووە.

بە چەند وەستانێك لەسەر تەفسیری ئایەتەکە، تێگەیشتنی مصعب (رضي الله عنه) بۆ بیروباوەڕی ئیسلامەتی بۆمان ئاشکرا دەبێت. کە هۆی سەرەکی هەڵبژاردنی پێغەمبەرمانە(صلى الله عليه وسلم) بۆ مصعب (رضي الله عنه) کە ماموستای یەکەم بێت، خەڵکی(مەدینە) فێری بیروباوەڕی ئیسلام بکات، تاوەکو بەم خەڵکە (يثرب) بگوڕدرێت بۆ (مدينة)، کە فەلسەفەزانەکان دەڵێن (المدينة الفاضلة) و ئێمەی موسڵمان دەڵێین: (المدينة المنورة) شاری ڕووناك.

ئەو بیروباوەڕەیەی کە (مصعب) بەهۆیەوە توانی (المدينة الفاضلة) لە (یثرب) دابمەزرێنێ. ئەوەیە کە لە تەفسیری ئایەتی(١٤٤)ی سورەتی(آل عمران)دا هاتووە، وەك لەم خشتەیەدا بە ئاسانی دێتە بەر چاومان:

ئایەتەکە	تێگەیشتنی ئایەتەکە
﴿وَمَا مُحَمَّدٌ إِلَّا رَسُولٌ قَدۡ خَلَتۡ مِن قَبۡلِهِ ٱلرُّسُلُۚ﴾	**جیاوازی کردن لە نێوان (خالق) و (مخلوق).** محمد(صلى الله عليه وسلم) کە سەرداری گشت مرۆڤایەتییە، بەڵام (مخلوق)ە، وەکو پێغەمبەرانی پێشە خۆی، تەنها پێغەمبەرن و خودا پەرستن، ناپەرسترێن.
﴿أَفَإِيْن مَّاتَ أَوۡ قُتِلَ﴾	**سەرکەوتنی پێغەمبەران(عليهم السلام) بە هۆی ڕاستی بیروباوەڕیانە** بیروباوڕەکەش ئەوەیە کە تەنها (خالق) بپەرسترێت و پێغەمبەران (عليهم السلام) دەمرن یان بەدەست دوژمنانیان دەکوژرێن. بەڵام ئەم بیروباوەرە دەمینێتەوە.
﴿ٱنقَلَبۡتُمۡ عَلَىٰٓ أَعۡقَٰبِكُمۡ﴾	**ئەو کەسەی کە(مخلوق) دەپەرستێت نەك (خالق) سەر شۆڕ دەبێت** چونکە پەرستراوەکەی مردووە یان دەمرێت، ئەمەش بیروباوەری گاورەکانە. نەکەن وەکو ئەوان (مخلوق) پەرست بن، دوای مردنی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) یان کوشتنی هەڵگەڕێنەوە.
﴿وَمَن يَنقَلِبۡ عَلَىٰ عَقِبَيۡهِ فَلَن يَضُرَّ ٱللَّهَ شَيۡـٔٗاۗ﴾	**گاور بە پەرستنی(مخلوق)تەنها زیان بە خۆی دەگەیەنێت** ئەو(خالق)ەی ئێوەی موسڵمان دەی پەرستن، هەرگیز (مخلوق) ناتوانێ زیانی پێبگەیێنێ، بەڵکو گاور بە (مخلوق)پەرستی تەنها زیان بە خۆی دەگەیەنێت.
﴿وَسَيَجۡزِي ٱللَّهُ ٱلشَّٰكِرِينَ﴾	**مەبەست لە ژیان سوپاسگوزاری خودایە** (خالق) کە پەرستراوی (حق)ە، پاداشتی ئەوانە دەداتەوە کە تەنها بەندەی ئەو بوون، سوپاسگوزاری ئەویان کردووە. کەواتە پێویستە مرۆڤ تەنها بۆ بەندایەتی و سوپاسگوزاری (خالق) بژیت.

ئەمە مانای دوا وشەکانی مصعب (رضي الله عنه) بوون، کە دەقی ئایەتی (١٤٤)ی سورەتی (آل عمران)ە.

ئەم مانا بەرزانەی کە مصعب (رضي الله عنه) لەبەردەستی پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) فێری بووە، دەتوانین بە دوو ڕوویەوە تەماشای بکەین:

* هۆکاری ئەوەن، کە پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم)، مصعب (رضي الله عنه) وەکو ماموستای یەکەم بۆ خەڵکی (یثرب) لە ناو هەموو هەڤاڵانیدا هەڵبژێرێت[1].

* هۆکاری ئەوەن، کە مصعب (رضي الله عنه) لە ئەرکەکەی سەرکەوتووبێت، چونکە لە خاڵی سەرکەوتنەوە دەستی بە بانگەوازەکەی کردووە، کە بیروباوەڕە.

مەبەست لە بیروباوەریش بیروباوەری یەك خوداپەرستییە کە بریتییە لە گۆڕینی مرۆڤ لەناخەوە تاوەکو (یثرب) ببێت بە شارێکی دادپەروەر، ئەمەش بۆە هۆی ئەوەی کە بۆ یەکەم جار مرۆڤایەتی (المدينة الفاضلة) لە واقیعدا ببینێت!.

---

(١) لەکۆتایی بابەتەکە، وەبیر خۆمان دەخەینەوە، کە مەبەست لەوەی باسکرا تەنها ئاماژەیەکە بۆ دیارخستنی ڕوویەکی شاراوەی سەرکردایەتی لە کەسایەتی پێغەمبەرماندا(صلى الله عليه وسلم)، ئەویش توانای هەڵبژاردنی کەسی شیاوە بۆ کاری شیاو. گومان ڕوویەکی شاراوە، چونکە ئەم بابەتە کاری لەسەر نەکراوە وەکو پێویست، بەتایبەت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بابەتەکە پێویستی بە دەیان لێکۆڵینەوە هەیە، کە لە ڕووی کارگێڕی و پەرەپێدانی مرۆڤی سوودی لێ وەربگیرێت، داوا لە خودا دەکەین کە بابەتەکەمان دەرگایەك بێت بۆ دەیان هەوڵی پیرۆز لەم ڕوویەوە، بۆ خزمەتی موسڵمانان و مرۆڤایەتی بەگشتی.

تێهەڵکێشێك:

ئیمامی (ذهبـي) لە (طبقات القراء)[١]دا باس لە گەورەیی پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) دەکات، کاتێ پرسیارێك دەورژێنێ دەفەرمێت:

بۆچی پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) لە دوا ساتەکانی ژیانیدا فەرمانی کرد، کە أبو بكر الصديق (رضي الله عنه) لە جێی ئەو پێش نوێژ بۆ موسڵمانان بکات؟ لە کاتێکدا أُبيُّ بن كعب(رضي الله عنه)[٢] لە هەموویان خوێنەرتر بوو لە قورئانی پیرۆز[٣]، و لە فەرموودەدا هاتووە کە پێویستە خوێنەرترین کەس بۆ قورئان پێشنوێژ بکات (يؤم القوم أقرؤهم لكتاب الله)[٤]؟.

ئیمامی (ذهبـي) خۆی وەڵامی پرسیارەکە دەداتەوە، دەفەرمێت: (و أُجيب عن هذا الإيراد بأن النبـي صلى الله عليه وسلم استخلف الصديق على الصلاة ليستقرَّ في النفوس أهليته للخلافة الكبرى ..).

واتە: پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) فەرمانی کرد کە(أبو بكر الصديق ـ رضي الله عنه ـ) پێش نوێژ بکات، تاوەکو لە دڵی هەڤاڵانیدا جێگیر ببێت، کە ئەمە کەسی شیاوە بۆ بەڕێوەبردنی خەلافەتی گەورە!.

---

(١) (١\٥٦ ط: مركز الملك فيصل).

(٢) هو الصحاب الجليل ابن قيس الملقب بسيد القراء و المكنى بأبي المنذر، كان رأساً في العلم و العمل ، وممن جمع القرآن في حياة النبـي (صلى الله عليه وسلم)، غنيٌّ عن التعريف. ينظر ترجمته و مضان ترجمته في سير النبلاء طبعة مؤسسة الرسالة (١\٣٨٩ـ٤٠٢).

(٣) أخرج الترمذي في سننه (٣٧٩٣) من حديث أنسٍ مرفوعاً: (أقرؤهم لكتاب الله أُبي بن كعب).

(٤) أخرجه مسلم (٦٧٣).

ئەوەی (ذهبي) فەرمووی لێکدانەوەیەکی تەواو بوو، پاش مردنی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هەڤاڵانی یەکڕابوون لە سەر ئەوەی کە ئەو کەسەی پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) پێی ڕازییە کە پێشەوایەتی دین بکات لە نۆژدا، نزیکتر و شیاوترە پێشەوایەتی دونیایان بۆ بکات لە خەلافەتدا.

جێی شاهێد لەوەی باسکرا بۆ بابەتەکەمان زیاتر ڕووندەبێتەوە بە هەڵوێستی أبو بكر الصديق (رضي الله عنه) کاتی مـردنی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، کە هەمان وشـــەکانی (مصعب)ی دووبـــارەی کـــردنەوە، کە ئایەتەکەی (١٤٤)ی سورەتی (آل عمران)ە: ﴿وَمَا مُحَمَّدٌ إِلَّا رَسُولٌ قَدۡ خَلَتۡ مِن قَبۡلِهِ ٱلرُّسُلُۚ أَفَإِيْن مَّاتَ أَوۡ قُتِلَ ٱنقَلَبۡتُمۡ عَلَىٰٓ أَعۡقَٰبِكُمۡۚ وَمَن يَنقَلِبۡ عَلَىٰ عَقِبَيۡهِ فَلَن يَضُرَّ ٱللَّهَ شَيۡـٔٗاۗ وَسَيَجۡزِي ٱللَّهُ ٱلشَّٰكِرِينَ﴾. تاوەکو هەڤاڵان بە هۆش خۆیان بێنەوە و بۆ ماناکانی جیاوازیکردن لەنێوان (خالق) و (مخلوق) بگەڕێنەوە، کە نهێنی مانەوەی ئوممەتی ئیسلامە، چونکە کاکلەی بیروباوەڕەکەیەتی.

کەواتە هۆکاری هەڵبژاردنی مصعب (رضي الله عنه) لە لایەن پێغەمبەرمانەوە (صلى الله عليه وسلم)، وەکو ماموستای یەکەم لە (مدينة)، هەمان هۆکاری ئاماژەکردنی پێغەمبەرمانە (صلى الله عليه وسلم)، کە أبو بكر الصديق (رضي الله عنه) کەسی یەکەم بێت، پاش ئەو سەرکردایەتی ئوممەتەکەی بکات.

هۆکارەکەش هێزی بیروباوەڕە لەم دوو هەڤاڵە بەرێزەدا (رضي الله عنهما)،کە هەردووکیان سەرکەوتووترین کەس بوون لە کارەکانیاندا، چونکە ڕووناکی بیروباوەڕی یەك خوداپەرستی (التوحيد) لە ناخیاندا کردەوەکانیان ڕووناك دەکرد بۆ خزمەت کردن و بەرەو باشتر بردنی خەڵك. گومانیشی تیادا نییە، کە ڕاستی بیروباوەڕ و دروستی

کردەوە، هەمیشە پێکەوەن، مەرجن لە کەسی کاربەدەستدا بۆ بەرەو باشتر بردنی خەڵك.

پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) کاتی ناشتنی مصعب (رضي الله عنه) ئاماژە بۆ ئەم دوو مەرجەدەکات بە خوێندنەوەی ئایەتی (٢٣)ی سورەتی (الأحزاب): ﴿مِّنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ رِجَالٞ صَدَقُواْ مَا عَٰهَدُواْ ٱللَّهَ عَلَيۡهِۖ فَمِنۡهُم مَّن قَضَىٰ نَحۡبَهُۥ وَمِنۡهُم مَّن يَنتَظِرُۖ وَمَا بَدَّلُواْ تَبۡدِيلٗا﴾. واتە: لە ناو بڕوادارانداە کەسانێك هەن پەیمانەکەیان لەگەڵ خودا، بەکردەوەی ڕاست و دروست سەلماندوویانە، هیچ کات لایان نەداوە و نەیان گۆڕیوە، هەندێکیان مردوون و هەندێکیشیان لەسەر ئەم پەیمانە بەردەوامن تاکو مردن[1].

﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ﴾

(١) ینظر: الطبقات الکبری لإبن سعد (٣\١١٣).

دوو پاشکو:

یەکەمیان: ئیسلام و شمشێر !

مصعب (رضي الله عنه) کە ڕۆیشت بۆ (مدينة) هیچ شمشێر و چەکی پێنەبووە، تەنها قورئانێکی لە ناو دڵ بووە، کە لەگەڵ دابەزینی لە زاری پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) وەریگرتووە، هەر بەم قورئانە خەڵکی مەدینە ئیسلامەتییان وەرگرتووە، نەك بە شمشێر، هەر بەم قورئانە بیروباوەڕی ئیسلامەتی لە دونیا بڵاوبووتەوە و بڵاویش دەبێتەوە، نەك بە شمشێر.

دووەمیان :ڕۆژگاری ئەمڕۆ و بکوژانی مصعب (رضي الله عنه)! .

دوژمنانی ئیسلام بە درێژایی مێژوو، هەزارانی وەکو (مصعب)یان شەهید کردووە، تاوەکو ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی ئیسلام بکەن. بەڵام کە بینیان ئەم ئایینە بەردەوامە لە بڵاوبوونەوە بەبێ وەستان، بیریان لە پیلانێکی شەڕانگێزتر کردەوە دژی ئیسلام و بڵاوبوونەوەی ئیسلام، ئەم جارە نەك بە کوشتنی (مصعب)! چونکە دەزانن بە کوشتنی هەر (مصعب)ێك دەیان (مصعب)تر دروست دەبن، بەڵکو بە کوشتنی ئەو ئاڵایەی کە (مصعب) لە شەڕی (ئوحد)دا بەرزیکردبوویەوە، لە ژێر سێبەرەکەیدا شەهید بوو، ئەو ئالایەی کە لە سەری نوو سرابوو (محمد رسول الله).

ئەمڕۆ بکوژانی (مصعب) پیلانیان دانا کە ئاڵایە پیرۆزە بکوژن، کاتێ دایانە دەست چەپەڵترین گرۆپی خوێن ڕێژ (داعش)، لە هەموو لایەکەوە چەك و تەقەمەنیان بۆ بەجێ هێشت، ئەمەش تەنها بۆ یەك مەبەست ئەویش کوشتنی ئاڵایەکەی (مصعب)ە، بە ناو

زڕاندن، و سووتاندنی (المدينة الفاضلة)، بە دەستێکی ڕەش لە پاڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن...

پەروەردگاریش لەباسی ئەم گاورانە دەفەرمێت: ﴿يُرِيدُونَ لِيُطْفِـُٔواْ نُورَ ٱللَّهِ بِأَفْوَٰهِهِمْ وَٱللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِۦ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْكَـٰفِرُونَ﴾[1] واتە: (ئەم گاورانە خەیاڵیان خاوە، کە بیانەوێت بە فووی دەمیان نووری خودا بکوژێننەوە! خودا ئەم نوورە لە دڵاندا تەواودەکات و لە سەر خاك دەیچەسپێنێت، هەرچەندە گاورەکان پێیان ناخۆش بێت، پێی سەغڵەت بن).

﴿وَمَا مُحَمَّدٌ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ ٱلرُّسُلُ ۚ أَفَإِيْن مَّاتَ أَوْ قُتِلَ ٱنقَلَبْتُمْ عَلَىٰٓ أَعْقَـٰبِكُمْ ۚ وَمَن يَنقَلِبْ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ فَلَن يَضُرَّ ٱللَّهَ شَيْـًٔا ۗ وَسَيَجْزِى ٱللَّهُ ٱلشَّـٰكِرِينَ﴾

آل عمران : ١٤٤

(١) الصف: ٨

B و A پرسیار و وەڵامی

پرسیار و وەڵام لە ئەحکامی فیقهی

بابەتی سێیەم [١]

پیسی چییە؟ چۆن لا دەبرێت ؟

پرسیاری یەکەم:

بۆ لادانی پیسی لە سەر جەستە یان جل و بەرگ یان قاپ و قاچاخ یان خاك ... هتد.

ئایا پێویستە تەنها ئاو بەکاربێت یان بە هەر ڕێگایەك لا بدرێت دروستە؟

وەڵام:

پیسی بە هەر ڕێگایەك لابچێت حوکمی نامێنێت، بێجگە لە چەند پیسییەکی تایبەت بۆ نمونە وەك: لکاوی سەگ لەسەر قاپ و قاجاخ، خوێنی بێنوێژی لەسەر جل وبەرگ، ئەمانە پێویستە بە ئاو بشۆرێن، لکاوی سەگیش تایبەتمەندی خۆی هەیە، پێویستە قاپ و قاچاخەکە حەفت جار بشوردرێت جاری یەکەمیش بە خۆل.

---

(١) وەبیر خستنەوە:

* لەژمارەی یەکەمی گوڤارەکەماندا، باسمان کرد کە بەپێی ڕێزبەندی بابەتەکانی پەرتووکی (بلوغ المرام من أدلة الأحکام) بابەتە فیقهیەکان دەخەینە ڕوو. بۆیە ئەم بابەتە تەواوکەری دوو بابەتی پێشەخۆیەتی: (جۆرەکانی ئاو) و (قاپ و قاچاخ) کە لە ژمارەی یەکەمدا بلاوکراونەتەوە ـ داواکارین خودا پشت و پەنامان بێت بۆ تەواوکردنی گشت بابەتە فیقهیەکانی پەرتووکی (بلوغ المرام) بە نزیکترین شێوە و ئاسانترین ڕێگا.

* بۆ ئەوەی پرسیار و وەڵامی ئەیووبی لە ڕادە دیاریکراوەکەی تێنەپەڕێت، بەشی پرسیار و وەڵامی گشتی، ئەم ژمارەیە دواخرا بۆ ژمارەی سێیەم. (دەستەی بەڕێوەبردنی گۆڤاری ئەیووبی)

بەڵگە :

لە قورئانی پیرۆز :

* ﴿وَأَنزَلۡنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ طَهُورًا ﴾[١] .

لە فەرمودە:

١ ـ عن أبي هريرة (رضي الله عنه) قال:

أن أعرابيًّاً بال في المسجد، فثار إليه الناس ليقعوا به، فقال لهم رسولُ الله (صلى الله عليه وسلم) : ((دَعُوهُ، و أهْرِيقوا عَلى بَوْلِهِ ذَنُوباً مِنْ مَاء، أو سجلاً مِنْ ماء))[٢]

٢ ـ عن أسماء بنتِ أبي بكر (رضي الله عنهما):

أن النبـي (صلى الله عليه وسلم) قال في دم الحيض يُصيب الثوب : ((تَحُتُّه، ثم تَقْرُصُهُ بالماء، ثمَّ تَنْضَحُهُ، ثمَّ تُصلي فيه))[٣] .

٣ ـ عن أبي هريرة (رضي الله عنه) قال:

قال رسولُ الله (صلى الله عليه وسلم): ((طُهُورُ إناءِ أَحَدِكُمْ إذا وَلَغَ فيهِ الكلبُ، أَن يَغْسِلَهُ سَبْعَ مراتٍ، أُوْلاهنَّ بِالتُّراب))[٤] .

---

(١) الفرقان: ١٤.

(٢) أخرجه البخاري (٢٢٠)(٦١٢٨) و أحمد (٧٧٩٩).

(٣) متفقٌ عليه.

(٤) أخرجه مسلم (٢٧٩).

٤ ـ عن عبدالله بن عمر عن أبيه (رضي الله عنهما) :

(كانت الكِلابُ تَبُولُ، و تُقْبِلُ و تُدْبِرُ في المَسْجِدِ، فِي زَمانِ رَسُولُ الله صلى الله عليه وسلم، فَلَم يكونوا يَرُشُّونَ شَيْئاً مِنْ ذَلِكَ)[١] .

٥ ـ عن أم سلمة (رضي الله عنها) أنها سُئِلتْ عن المرأةِ تطيل الذيل، و تمشي في المكان القذر فقالت :

قال النبـي (صلى الله عليه وسلم) : ((يُطَهِرهُ مَا بَعْدَه))[٢] .

٦ ـ عن أبي سعيد الخدري (رضي الله عنه) قال:

قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم) :((إذا جَاء أحَدُكُم المَسجِدَ، فَلْيَقْلِبْ نَعْلَيهِ، و ليَنظرْ فِيهما، فإنْ رأى خَبَثَاً فَلْيُمِسَّهُ بالأرض ثمَّ لِيُصَلِّ فيهما))[٣] .

---

(١) أخرجه البخاري (١٧٤ ـ تعليقاً بصيغة الجزم ـ) و أبو داود (٣٨٢) ترجمه تحت باب: طهور الأرض إذا يبس. ينظر: (فتاوى الشيخ محمد بن صالح العثيمين ١١\٢٤٧).

(٢) أخرجه الترمذي (١٤٣) و أبو داود(٣٨٣) و ابن ماجة(٥٣١) و ينظر: مسند أحمد (٤٤\٩١).

(٣) أخرجه أحمد (١٧\٢٤٣) و غيره . و في لفظٍ من حديث أبي هريرة مرفوعاً: ((إذا وطيءَ أَحَدُكُمُ الأذى بِخُفَّيْهِ فطَهُورُهما التراب)) أخرجه أبو داود (٣٨٦) و صححه ابن حبان (١٤٠٤) . ذكره الحافظ في بلوغه في باب شروط الصلاة ص\١٧٩

پرسیاری دووەم:

جاری وا هەیە پیسی کار لە شوێنی خۆی دەکات، بە شوشتن جێی لاناچێت، ئایا ئەمە مانای ئەوەیە حوکمی پیسییەکە هەر ماوە؟

وەڵام :

نە خێر، ئەگەر بە جوانی شۆردرا، ئەوا مانەوەی کارکردنی لە جێگایەکەی ئاساییە.

بەڵگە :

لە قورئانی پیرۆز :

* ﴿فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ مَا ٱسۡتَطَعۡتُمۡ﴾[1] .

لە فەرمودە:

* عن أبي هريرة (رضي الله عنه) : أنَّ خولة بنتَ يسارٍ قالت: يا رسولَ الله، ليس لي إلا ثوبٌ واحدٌ، و أنا احيضُ فيه !؟ قال : ((فإذا طهُرتِ، فاغسلي موضعَ الدَّمِ، ثم صلِّي فيه)) قالت: يا رسول الله إن لم يخرج أثره ـ أي أثر الدم ـ ؟! قال: ((يَكْفيكِ الماء، و لا يضرُّكِ أثرُهُ))[2] .

(١) التغابن: ٦٤.

(٢) أخرجه أحمد (٢\٣٨٠،٣٦٤ ط الميمنية) و أبو داود (٣٦٥). و وهم الحافظ في عزوه لترمذي في بلوغ المرام، فلو كانت في الترمذي لعزاه إليه المزي في تحفة الأشراف(١٠\٢٩٥). و ينظر: السلسلة الصحيحة لشيخ الألباني (١\٥٩٣ـ٥٩٩)، و حاشية الشيخ ابن باز على بلوغ المرام ص ٧٣ـ٧٤.

پرسیاری سێیەم:

چۆنیەتی خاوێنکردنەوەی میزی منداڵ چۆنە؟ ئەگەر لەسەر فەرش یان هەرشتێکی ماڵەوە میزی کردبێ.

وەڵام:

پێویستە بشۆرێت، بێجگە لە یەك حاڵەت ئەویش میزی منداڵی شیرەخۆری کوڕە، لەم حاڵەتەدا تەنها ئاو بە شوێنەکەیدا دەپڕژێنرێت.

بەڵگە:

* عن أبي السَّمْح (رضي الله عنه) قال:

قال رسولُ الله (صلى الله عليه وسلم) : ((يُغْسَلُ مِنْ بَوْلِ الجَارِيةِ، و يُرَشُّ مِنْ بَوْلِ الغُلام))[1] .

قال شيخ الاسلام (رحمه الله):

ذكر الله للقلب مثل الماء للسمك، فكيف يكون حال السمك إذا فارق الماء؟

(١) أخرجه أبوداود(٣٧٦) و النسائي(١\١٨٥) و صححه الحاكم في مستدركه(١\١٦٦). و نحوه في المسند(١\١٣٧،٩٧) بسندٍ جيدٍ من حديث عليٍ (رضي الله عنه).

پرسیاری چوارەم :

لە فەرمودەدا هاتووە کە (مەنی) واتە: تووی پیاو، دەشۆردرێت ئایا ئەمە نابێتە بەڵگە کە پیسە؟

وەڵام :

نەخێر (مەنی) خاوێنە چونکە ئەسلی ئینسانە، شوشتنی لەبەر ئەوەنییە کە پیسە، بەڵکو لە بەر ئەوەیە کە بە بێزە.

بەڵگە:

* عن عائشة (رضي الله عنها) قالت: ((كان رسول الله (صلى الله عليه وسلم) يَغسل المنيَّ ثمَّ يخرُجُ إلى الصلاة في ذلك الثوب، و أنا أنظرُ إلى أثر الغسلِ فيه))[١] و لمسلم [٢] : ((لقد كنتُ أَفرُكُهُ من ثوبِ رَسولِ الله (صلى الله عليه وسلم) فَرْكَاً، فَيُصلِّي فيه)). و في لفظٍ له [٣] : ((لَقَدْ كُنْتُ أَحُكُّهُ يابساً بِظُفْري مِنْ ثَوبِهِ)).

فائدة: عقد ابن القيم رحمه الله في كتابه (بدائع الفوائد)[٤] مناظرة بين فقيهين في طهارة المنيِّ و نجاسته، أفاد فيها و أجاد. فمما قاله: (...لو كان المني نجساً ـ و كل نجس خبيث ـ لما جعله الله مبدأ خَلق الطيبين من عباده و الطيبات.....).

---

(١) متفقٌ عليه.

(٢) (رقم: ٢٨٨).

(٣) (رقم: ٢٩٠).

(٤) (٣\١٠٤٠ ـ ١٠٥٢ ط دار عالم الفوائد).

پرسیاری پێنجەم:

ئەگەر (میز) پیس بێت، (مەنی) خاوێن بێت، ئایا ئەو ئاوە چڕو سپییەی پیاو دەبینێت کاتی یاری یان پاش یاریکردن لەگەڵ خێزانەکەی، پیسە وەکو (میز)؟ یان خاوێنە وەکو (مەنی)؟ لە ڕووی دەست نوێژ و بێ دەست نوێژی حوکمی چییە؟

وەڵام:

ئەم ئاوە سپی و چڕە پێی دەگوترێت: (مَذي)[1] ، پیاو ئافرەت دەبینن کاتی شەهوەت، جیاوازییەکەی لەگەڵ (مەنی) ئەوەیە بەبێ شەهوەت و فڕێدان دەردێت، بەڵکو جاری وا هەیە هەر هەستی پێناکرێت کاتی دەرهاتنی. لە ڕووی حوکمی شەرعییەوە، وەکو (میز) پیسە، پێویستە بشۆرێت، هەروەها دەست نوێژی لێدەکەوێت وەکو (میز)، بەلام غوسلی لێناکەوێت ، وەکو (مەنی) کە خاوێنە بەڵام غوسلی لێدەکەوێت.

بەڵگە:

١ ـ عن عليٍّ (رضي الله عنه) قال:

كنتُ رجلاً مَذَّاءً فأمرتُ المقداد أن يسألَ النبـيَّ (صلى الله عليه وسلم)، فسألهُ، فقال: ((فيهِ الوُضُوءُ))[2] .

---

(١) قال الشيخ سيد سابق ـ رحمه الله ـ في كتابه فقه السنة (١\٢٦ـ٢٧):

المذي: هو ماء أبيض لزج يخرج عند التفكر في الجماع أو عند الملاعبة، و قد لايشعر الإنسان بخروجه، و يكون من الرجل و المرأة إلا أنه من المرأة أكثر، و هو نجس باتفاق العلماء.

(٢) متفقٌ عليه (بخاري: ١٣٢) (مسلم: ٣٠٣).

و اخرجه أحمد [١] و أبو داود [٢] من حديث عروة عن عليٍّ (رضي الله عنه) : ((أنَّ النبـيَّ صلى الله عليه وسلم أمَرَهُ أنْ يغسلَ ذَكَرَهُ و أُنْثَيَيْهِ و يَتَوضَّأَ)).

٢ ـ عن سهل بن حُنَيفٍ، قال: كنتُ ألقي مِنَ المَذْيِ شِدةً، و كنتُ أُكثِرُ منه الإغتسال، فسألتُ رسول الله (صلى الله عليه وسلم) عن ذلك، فقال:

((إنما يُجزِيك مِن ذلك الوضوء)). قلتُ: يا رسولَ الله، فكيف بما يصيبُ ثوبي منه؟ قال: ((يَكفيكَ بأن تأخُذَ كَفاً مِنْ ماءٍ فَتَنْضحَ بها مِن ثَوبِكَ حيثُ تُرى أنهُ أصابهُ))[٣].

٣ ـ عن ابن عباسٍ (رضي الله عنه) قال : ((المني و الودي[٤] و المذي، أما المني فهو الذي منه الغسل، و أما الودي و المذي فقال: اغسل ذكرك أو مذاكيرك و توضأ وضوءك للصلاة))[٥].

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلتَّوَّٰبِينَ وَيُحِبُّ ٱلۡمُتَطَهِّرِينَ ﴾

البقرة:٢٢٢

---

(١) في المسند (١\١٤٥).

(٢) في السنن(٢٠٨).

(٣) أخرجه أبو داود في السنن (٢١٠) و الترمذي في جامعه(١١٥) وقال: حديثٌ حسنٌ صحيح.

(٤) (وەدی) لە شێوەی مەنی یە، بەڵام بەبێ فڕێدان و شەهوەت دەبینرێت ، غوسلی لێناکەوێت وەك مەنی، بەڵام دەست نوێژی لێدەکەوێت وەکو میز و مَذي، پێویستە شوێنە بەرکەوتوەکە لە جەستەوە جل و بەرگ بشۆردرێت.

قال الشيخ سيد سابق ـ رحمه الله ـ في كتابه فقه السنة (١\٢٦ـ٢٧): الودي: هو ماء أبيض ثخين يخرج بعد البول وهو نجس من غير خلاف.

(٥) أخرجه البيهقي في السنن الكبير (١\٢٦٢)(٨٠٠).

پرسیاری شەشەم:

پیاو هەیە بە بەردەوامی دڵۆپە میزی هەیە وەکو نەخۆشی، ئایا چۆن خۆی خاوێن دەکاتەوە، چۆن دەتوانێت نوێژەکانی ئەنجام بدات؟

وەڵام :

بەردەوام هاتنی دڵۆپە میز پێی دەگوترێت (سلس البول) یان بە فراوانتر پێیدەگوترێت (الحدث الدائم) واتە: بێ دەستنوێژی بەردەوام. ئەمەش ئەگەر نەوەستانی (میز) بێت، یان (مذي) بێت، یان نەخوشی نەوەستانی خوێنی دەماری ئافرەت بیت(الإستحاضة) نەك سوڕی مانگانەی ئافرەت(الحیض)، یان نەوەستانی هەوا (غازات) بێت، ئەمانە گشتیان نەخۆشین حوکمی شەرعی تایبەتیان هەیە ئەویش:

١ ـ (دڵۆپە میز و مَذي بەردەوام و خوێنی دەماری ئافرەت) پێویستە پێش نوێژکردن خۆی لێی خاوێن بکرێتەوە بە ئاو.

٢ ـ پێویستە بە هەر ڕێگایەك بێت ڕێگری بکرێت پیسییەکە(میز، مَذي، خوێن) نەگاتە جل وبەرگ و جەستە، باشتر وایە پیاو خۆی بپارێزێت بە شورت و دانانی کلێنکس و پێش هەموو نوێژێك خۆی خاوێن بکاتەوە و کلێنکسەکە بگۆڕێت. ئافرەتیش کە خوێنی دەماری هەیە لە شوێنی منداڵبوون (مستحاضة)[1]، بۆ پاراستنی خاوێنییەکەی پۆشاکی تایبەی خۆیان هەیە لای ئافرەتان زانراون، پێویستە پێش هەموو نوێژێك خۆی خاوێن بکاتەوە و پۆشاکە تایبەتەکەی بگۆڕێت.

٣ـ کە کاتی نوێژ هات ـ بانگ درا ـ پاش خۆ خاوێنکردنەوە، پێویستە بۆ هەموو نوێژێك دەستنوێژ بگرن.

---

(١) مستحاضة خوێنەکەی بەردەوامە، خوێنی سوری مانگانە نییە بەڵکو خوێنی دەمارە.

٤ ـ نوێژی (فرض)ی ئەوکات بەم دەستنوێژە ئەنجامی دەدەن، ئەگەر لە ناو نوێژەکە هەست بەهاتنی دڵۆپە میز یان مَذي یان خوێنی دەمار بکەن ئاساییە و نوێژەکەیان دروستە.

٥ ـ تاوەکو نوێژی (فرض)ی دابێت بە هاتنی دڵۆپە میز و مذي، یان خوێنی دەمار (لە ئافرەتدا) ، کەسیان بێ دەستنوێژ نابێت و دەتوانن سوننەتەکانی خۆیان بکەن. چونکە نەخوشییە و بەردەوامە.

٦ ـ کە کاتی نوێژی پاشەخۆی (فرض) هات، ئەوکات سەر لە نوێ خۆی خاوێن دەکاتەوە دەستنوێژ دەگرێت، هەروەها بۆ هەر پێنج نوێژەکان هەمان شت دووبارە دەکاتەوە.

بەڵگە:

١ ـ عن عائشة (رضي الله عنها)، أن فاطمة بنتَ أبي حُبيشٍ كانت تُستحاضُ، فقال لها رسول الله (صلى الله عليه وسلم): ((إنَّ دمَ الحيضِ دَمٌ أسودٌ يُعْرَفُ، فإذا كان ذلك فأمسكي عن الصلاة، فإذا كان الآخرُ فتوضئي و صلي))[١].

٢ ـ عن عائشة (رضي الله عنها) ، أن أُم حبيبة بنت جحشٍ شكَتْ إلى رسول الله (صلى الله عليه وسلم) الدَّم فقال: ((امكثي قدرما كانت تحبسكِ حيضتك، ثم اغتسلي)) فكانت تغتسل لكل صلاة .رواه مسلم[٢] وفي رواية البخاري[٣]:((وتوضئي لكل صلاةٍ)).

---

(١) رواه أبو داود(٢٨٦) و النسائي(١\١٨٥) و صححه ابن حبان(١٣٤٨) و الحاكم (١\١٧٤) و الألباني (٧٦٩ الصحيح الجامع).

(٢) في صحيحه (٣٣٤)(٦٦).

(٣) في صحيحه (٢٢٨).

پرسیاری حەوتەم:

ئافرەت هەیە بەردەوام یان هەندێك جار هەست بەتەڕاتی دەکات لە شوێنی منداڵ بوون، ئایا ئەم تەڕاتییە پیسە یان خاوێنە؟ دەست نوێژی پێ دەشکێ یان نا؟

وەڵام:

ئەم تەڕاتییە شوێنی منداڵ بوون کە ئافرەت هەستی پێدەکات بە بێ شەهوەت پێی دەگوترێت: (مسألە: رطوبة فرج المرأة) ئەوەی نزیکترە بۆ بەڵگە لە وتەی زانایان ئەوەیە کە:

١ ـ ئەم تەڕاتییە خاوێنە[١].

٢ ـ ئافرەت دەست نوێژی پێ دەشکێت[٢].

پێویستە بۆ هەموو نوێژێك پاش بانگدان، دەست نوێژ بگرێت.

بەڵگە:

ینظر: ماسلف من أدلة السؤال السادس، و هوامش الجواب.

---

(١) و هو مذهب الشافعي و أحمد و هو الراجح لعدم الدليل على نجاسة تلك الرطوبة، قال في المغني: لأن عائشة كانت تفرك المني من ثوب رسول الله (صلى الله عليه وسلم) و هو من جماع...و هو يلاقي رطوبة الفرج ، و لأننا لو حكمنا بنجاسة فرج المرأة لحكمنا بنجاسة منيها.

(٢) و هو مذهب الجمهور قياساً على المستحاضة. و كان الشيخ العثيمين يفتي بذلك ثم بعدما اطلع على بحثٍ طبـيٍ في المسألة رجع عن فتواه وقال بعدم نقض الرطوبة للوضوء خلافاً للجمهور. ينظر: بحث: (حكم الرطوبة هل هي نجسة؟ و هل تنقض الوضوء؟) تأليف الدكتورة: رقية بنت محمد المحارب. قرأه و راجعه الشيخ محمد صالح العثيمين.

پرسیاری هەشتەم :

ئایا بەکارهێنانی (کلێنکس) بۆ خۆ خاوێنکردنەوە؟ یان تەنها بۆ زەرورەت لە کاتی نەبوونی ئاو دەتوانی بەکار بێنی؟ و ئەگەر کەسێك خۆی بە(کلێنکس) خاوێن کرد پێویستە کاتی نوێژ کە ئاو پەیدابوو خۆی بە ئاو خاوێن بکاتەوە؟

وەڵام:

دروستە بەرد ـ بەمەرجێك سێ بەرد بێت ـ یان (کلینکس) یان هەرشتێك لەم بابەتانە بەکار بهێنرێن بۆ خۆ خاوێن کردنەوە، بێجگە لە سێ شت:

* ئێسك.
* پسلی گیاندار.
* هەر شتێك کە حورمەتی هەبێ.

ئەمەش پەیوەندی بە زەرورات و نەبوونی ئاوەوە نییە، بویە پێویست ناکات پاش بەکارهێنانی ئەم شتانە لە خۆ خاوێنکردن، دووبارە خۆت بە ئاو خاوێن بکەی، بەڵام باشتر وایە خۆ خاوێنکردن بە ئاو بێت، چونکە لە خۆ خاوینکردندا ئەصل بەکارهێنانی ئاوە، چونکە ئاو باشترین خاوێنکەرەوەیە.

بەڵگە:

١ ـ عن أبي هريرة (رضي الله عنه) عن النبي (صلى الله عليه وسلم) قال : نزلت هذه الآية في أهل قباء: ﴿فِيهِ رِجَالٌ يُحِبُّونَ أَن يَتَطَهَّرُواْ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُطَّهِّرِينَ﴾[1] قال: كانوا يستنجون بالماء، فنزلت فيهم هذه الآية [1].

(١) التوبة: ١٠٨

٢ ـ عن عبد الرحمن بن يزيدٍ قال: قيل لسلمان (رضي الله عنه) : قد علَّمكم نبيُكم كل شيْ حتى الخِرَاءة؟ فقال سلمان : ((أجل، نهانا أن نَسْتَقْبِلَ القِبْلَةَ بغائطٍ أو ببول، أو ان نَسْتَنْجيَ باليمين، و أن يستنجي أحدنا بأقل من ثلاثة أحجار، و أن يستنجي برجيعٍ أو عظم))[٢]

٣ ـ عن خزيمة بن ثابت (رضي الله عنه) أن النبـي (صلى الله عليه وسلم) سئل عن الإستطابة، فقال: ((بثلاثة أحجار ليس فيها رجيع))[٣] . ترجمه ابن تيمية الجد في كتابه المنتقى(١\٩٢) تحت باب (إلحاق ماكان في معنى الأحجار بها).

٤ ـ عن عبدالله بن مسعودٍ (رضي الله عنه) أن النبـي (صلى الله عليه وسلم) قال: ((أتاني داعي الجن، فذهبتُ معه، فقرأتُ عليهم القرآن)). قال بن مسعود : فانطلق بنا فأرانا آثارهم و آثار نيرانهم، و سألوه الزاد فقال: ((لكم كلُّ عَظمٍ ذُكِرَ اسم الله عليه، يقعُ في أيديكم أوفر ما يكون لحماً و كلُّ بعرةٍ عَلَفٌ لدوابكم)) فقال رسول الله (صلى الله عليه وسلم) :((فلا تستنجوا بهما، فإنهما طعامُ إخوانكم))[٤] .

و ترجمه ابن تيمية الجد في كتابه المنتقى (١\٩٤) تحت باب : النهي أن يستنجى بمطعومٍ و بما له حُرمة. و قال بعدها : وفيه تنبيهٌ على النهي عن إطعام الدواب النجاسة.

---

(١) رواه أبو داود في سننه(٤٤) و الترمذي في جامعه (٣١٠٠) و ابن ماجه في سننه(٣٥٧) و للحديث شواهدٌ تصح بها، و ينظر: الإستعاب في بيان الأسباب (٢\٣٣٣ ـ ٣٤٠)

(٢) رواه مسلم في صحيحه(٢٦٢) و أبو داود في سننه(٧) و الترمذي في جامعه(١٦) وقال: حيثٌ حسنٌ صحيح.

(٣) رواه أحمد في المسند (٥\٢١٣) و أبوداود في سننه (٤١).

(٤) رواه أحمد في المسند (١\٤٣٦ ـ ٤٥٧) و مسلم في صحيحه (١٥٠).

پرسیاری نۆیەم:

ئەگەر خواردنی نا خاوێن ـ پیس ـ بە گیاندارێك بدرێت گوشتی دەخورێت؟(الجلاله).

وەڵام:

نابێت خواردنی نا خاوێن بەو گیانلەبەرانە بدرێت کە گوشتیان دەخۆرێت، وەکو مریشك و مەڕ و ڕەشەوڵاغ...هتد.

ئەگەر ئالیکی ئەم گیاندارانە شتی ناخاوێنی تێدابوو بە ڕێژەیەکی زۆر، ئەوا پێیدەگوترێت (الجلالة)[١] ، ئەوکات گوشتی ناخۆرێت، چونکە خواردنە ناخاوێنەکە کار دەکاتە سەر گوشتەکەی.

بۆیە پێویستە مریشك سێ ڕۆژ یان زیاتر خواردنی خاوێنی بدرێتێ لە پاشان گۆشت یان هێلکەی بخۆرێت، و ڕەشەوڵاغیش هەفتەیەك زیاتر خواردنی خاوێنی بدرێتێ لە پاشان گوشت یان شیری بخۆرێت .

بەڵگە:

١ ـ عن ابن عمر رضي الله عنه قال: ((نهى النبـي صلى الله عليه وسلم عن أكل الجلالة و ألبانها))[٢] .

٢ ـ عنه موقوفاً : ((كان إذا أراد أكل الجلالة حبسها ثلاثاً))[٣] .

٣ ـ اتفق العلماء على أن الجلالة تحل إذا حُبِسَتْ و أُطعمت بالطاهر.

---

(١) ڕێژەی زۆر، زانایان بە سەرووی نیوە لێکدەدەنەوە بۆ نمونە ٦٠٪ یان ٧٠٪ و هەروەها. واتە ئەگەر ئالیك ٢٠٪ یان ٣٠ ٪ ناخاوێن بێت، ئەوا گیانلەبەرەکە ناکاتە (جلالة). ینظر: فتاوى نورٌ على الدرب (١٩٣٤\٤) و فتاوى اللجنة الدائمة (٣٧٧\٢٣).

(٢) رواه أحمد و أبوداود ينظر الإرواء (٢٥٠٣).

(٣) أخرجه ابن أبي شيبة بسندٍ صحيح عن ابن عمر موقوفاً . ينظر: الإرواء (٢٥٠٥).

قال شيخ الإسلام : (الجلالة التي تأكل النجاسة، قد نهى النبـي (صلى الله عليه وسلم) عن لبنها، فإذا حبست حتى تطيب كانت حلالاًباتفاق المسلمين....)[١].

فائدة: يقاس عليها ماكان في علفها الأدوية الضارة بالإنسان و إن كانت تلك الأدوية طاهرة في ذاتها. بدليل قول الله تعالى: ﴿ وَلَا تُلْقُواْ بِأَيْدِيكُمْ إِلَى ٱلتَّهْلُكَةِ ۛ وَأَحْسِنُوٓاْ ۛ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ﴾[٢] و قوله (صلى الله عليه وسلم): ((لاضرر و لا ضرار))[٣] .

﴿وَكُلُواْ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ حَلَٰلًا طَيِّبًا ۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِىٓ أَنتُم بِهِۦ مُؤْمِنُونَ﴾

المائدة:٨٨

(١) مجموعة الفتاوى (٢١\٦١٨).

(٢) البقرة: ١٩٥.

(٣) أخرجه أحمد في مسنده (٢٨٦٥) و ابن ماجه في سننه (٢٣٤١). وصححه الحاكم في مستدركه(٢\٥٧) و وافقه الذهبـي. و حسنَّه محققوا المسند(٥\٥٥).

پرسیاری دەیەم:

ئایا پیسی کەم لەسەر جل وبەرگ یان جەستە چاوپۆشی لێدەکرێت؟ و ڕێژەی نێوان کەم و زۆری چییە؟

وەڵام:

کەمی پیسی لەسەر جەستە یان جلوبەرگ بەشێوەیەك کە هەستی مرۆڤ بێزار نەکات، چاوپۆشی لێدەکرێت.

بەڵگە :

١ ـ ﴿ وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي ٱلدِّينِ مِنْ حَرَجٍ ﴾[١].

٢ ـ عن عائشة (رضي الله عنها): ((ما كان لإحدانا إلا ثوبٌ واحد تحيضُ فيه، فإن أصابهُ شيءٌ من دمٍ بلَّتْهُ بريقها، ثم قَصَعَتهُ بِظفرها))[٢].

٣ ـ مامضى من إجزاء الإستجمار بثلاثة أحجار، و لا شك من بقاء اليسير لأثرِ النجاسة[٣].

---

(١) الحج: ٧٨.

(٢) رواه البخاري و أبوداود و غيرهمابألفاظ متقاربة. ينظر تخريجه في سنن ابن ماجه(١\٣٩٩ط الأرنوؤط).

(٣) ينظر: الموسوعة الفقهية الكويتيية (٤٠\١١٣ ـ ١١٦).

پرسیاری یانزەهەم:

ئایا ڕاستە شوێن دەمی پشیلە خاوێنە؟ جیاوازی چییە لەگەڵ شوێن دەمی سەگ، کە پێویستە حەفت جار بشوردرێت یەکەمیان بەخۆڵ؟

وەڵام:

شوێن دەمی پشیلە وەکو شوێن دەمی سەگ پیس نییە کە حەفت جار بشۆردرێت یەکەمیان بەخۆڵ، بەڵام واباشە شوێن دەمی پشیلە یەك جار بشۆرێت، وەکو ئاسانکارییەك، چونکە لە ناو ماڵان دەژیت.

بەڵگە:

١ ـ عن أبي هريرة (رضي الله عنه) عن النبـي (صلى الله عليه وسلم) أنه قال: ((يُغسلُ الإناءُ إذا ولغَ فيه الكلبُ سبع مراتٍ، أُولاهُنَّ أو أُخراهُنَّ بالتراب، و إذا ولَغَتْ فيهِ الهِرةُ غُسِلَ مَرَّةً))[١].

٢ ـ عن كبشة ابنة كعب بن مالك، و كانت عند ابن أبي قتادة، أن أبا قتادة دخل عليها، قالت: فسكبتُ له وَضُوءاً، قالت: فجاءَت هِرَّةٌ تَشْرَبُ، فأصغا لها الإناءَ حتَّى شَرِبتْ، قالت كبشةُ: فرآني أنظر إليه! فقال أتعجبين يا ابنةَ أخي؟ فقلتُ: نعم، قال إن رسول الله (صلى الله عليه وسلم) قال: ((إنها ليست بنجس، إنَّما هي من الطوافين عليكم أو الطوافات))[٢].

---

(١) رواه الترمذي (٩١) وقال: هذا حديثٌ حسنٌ صحيح. و الراجح أن الغسل من ولوغ الهرة مدرجٌ من قول أبي هريرة موقوفاً بسندٍ صحيح. ينظر: المسند الجامع لبشار عواد (١٦\٥٢٨) و تحفة الأحوذي (١\٩٢ ـ ٩٤).

(٢) رواه الترمذي في جامعه (٩٢) وقال: هذا حديثٌ حسنٌ صحيح. و هو قول أكثر العلماء من أصحاب النبـي (صلى الله عليه وسلم) و التابعين و مَنْ بعدهم: مثل الشافعي وأحمد و إسحاق: لم يروا بسؤر الهرة بأساً.

فائدة: ذهب الطحاوي إلى أن سؤر الهرة مكروهٌ كراهة تحريم، ونصر قوله بما تجده في شرح معاني الآثار(١\١٧)، و ينظر: تحفة الأحوذي (١\٩٤ـ ٩٥ ط القديمة).

پرسیاری دوانزەهەم:

حوکمی شوێن دەمی گیاندار چییە؟

وەڵام:

زانایانی موسڵمانان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە سەگ و بەراز پیسن، شوێن دەمیشیان پیسە.

نزیکترین بۆچوون لە بەڵگە لە بۆچوونە جیاوازەکانی زانایان سەبارەت گیاندارانی دیکە، ئەوەیە کە هەر گیاندارێك گۆشتی نەخۆرێت شوێن دەمی پیسە و هەرگیاندارێکیش حەڵاڵ بێت شوێن دەمیشی خاوێنە.

بەڵگە:

١ ـ عن عمرو بن خارجة (رضي الله عنه) قال: ((خطبنا رسول الله صلى الله عليه وسلم بِمِنىً، و هوَ على راحلته، و لُعابُها تسيلُ على كَتفي))[١] .

٢ ـ عن ابن عمر (رضي الله عنه) قال : سمعتُ النبـي (صلى الله عليه وسلم) يُسْأَلُ عن الماء يكون بأرضٍ فلاة، و ما ينوبهُ من الدوابِ و السِّباع؟ فقال النبـي صلى الله عليه وسلم: ((إذا كان الماء قُلَّتَيْنِ لم يَحْمِلِ الخَبَثَ))[٢]

(١) رواه أحمد(٤\١٨٧ ط الميمنية) و الترمذي (٢١٢١)وصححه.

(٢) رواه أحمد (٨\٢١١ ط المؤسسة) و ثمة التخريج.

پرسیاری سێنزەهەم:

حوکمی شوێن دەمی مرۆڤ چییە؟

وەڵام:

شوێن دەمی مرۆڤ ئەگەر کافر بێت یان موسڵمان خاوێنە لای گشت زانایان [١] .

بەڵگە:

* عن عائشة (رضي الله عنها) قالت : ((كنتُ أشرب و أنا حائض، ثم أُناولُهُ النبيَّ صلى الله عليه وسلم فَيَضَعُ فاهُ على مَوضِعِ فيَّ فَيَشْرب)) [٢] .

* البراءة الأصلية.

قال الشيخ محمد ناصرالدين (رحمه الله):

الطريق الى الله طويل ونحن نمضي فيه كالسلحفاة، وليست الغاية أن نصل لنهاية الطريق، ولكن الغاية أن نموت ونحن على الطريق.

(١) قال ابن قدامة المقدسي في المغني (١\٣٧): سؤر الآدمي طاهر مسلماً كان أو كافراً عند عامة أهل العلم. و ينظر: الموسوعة الفقهية الكويتية

(٢) رواه مسلم (١\٢٤٥-٢٤٦ ط الحلبي).

پرسیاری چواردەهەم:

ئایا جیاوازی هەیە لە نێوان زبلی گیانداری حەڵاڵ و ئەو گیاندارانەی کە گوشتیان نەخۆرێت ؟

وەڵام:

هەرگیاندارێك گوشتی بخۆرێت (حەلال) زبلی خاوێنە، هەر گیاندارێکیش گوشتی نەخۆرێت زبلی پیسە.

بەڵگە:

١ ـ عن جابر بن سَمُرَةَ (رضي الله عنه) قال : أن رجلاً سألَ رسول الله (صلى الله عليه وسلم) : أُصلي في مرابض الغنم ؟ قال : ((نَعَمْ)). قال : أُصلي في مَبَارِك الإبِلِ؟ قال: ((لا))[١] .

و النهي عن مَبَارك الإبل ليس من أجل النجاسة، لأن النبـي (صلى الله عليه وسلم) أذن للعرنيين أن يلحقوا بإبل الصدقة و يشربوا من ألبانها و أبوالها[٢] ، و إنما لما ورد من حديث لبراء بن عازب (رضي الله عنه) قال سئل رسول الله (صلى الله عليه وسلم) عن الصلاة في مبارك الإبل؟ فقال: ((لا تصلوا في مبارك الإبل، فإنها من الشياطين..))[٣]

٢ ـ عن عبد الله بن مسعودٍ (رضي الله عنه) قال : أراد النبـي (صلى الله عليه وسلم) أن يتبَرَّزَ، فقال: ((ائتني بثلاثة أحجار)). فوجدتُ له حجرين و روثة حمار، فأمسك الحجرين و طرح الروثة، و قال هي رجس [٤] .

---

(١) رواه مسلم (٣٦٠).

(٢) أخرجه البخاري (٢٣٣) ومسلم (١٦٧١).

(٣) أخرجه أحمد في مسنده(٣٠\٥٠٩ ـ ٥١٠) و أبو داود في سننه (١٨٤) و الترمذي في جامعه (٨١).

(٤) أخرجه ابن خزيمة في صحيحه (٧٠) و أصله عند البخاري (١٥٦) و الترمذي (١٧) والنسائي(٤٢) و أحمد (٣٩٦٦).

پرسیاری پانزەهەم:

ئایا گیانەوەر بە مردن پیس دەبێت؟

وەڵام:

بەڵێ گشت گیاندارێك ئەگەر مرداربوو پیس دەبێت، بێجگە لە (کوللە و ئەو مێش و مەگەزانەی کە خوێنیان نییە) و (ماسی و ئەو گیاندارانەی کە لە دەریادا دەژین)، و ئەوەی نزیکترە بۆ بەڵگە گیانداری حەلال بەمرداربوون دەبێتە سێ بەش:

*گوشتەکەی و بەشی ناوەوەی کە تەڕە، پیس دە بێت.

*تووکەکەی و بەشی دەرەوەی کە وشکە، خاوێنە.

*پێستەکەی (نێوان دوو بەشەکە) بە دیباغ خاوێن دەبێتەوە.

بەڵگە:

١ ـ عن مَيمونةَ (رضي الله عنها) قالت : مَرَّ النبـي (صلى الله عليه وسلم) بشاةٍ يَجُرُّنها، فقال: ((لو أخذتم إهابها؟)) فقالوا: إنها ميتةٌ، فقال: ((يُطَهِّرها الماءُ و الْقَرَظُ))[١]. و في لفظ في المسند [٢]: ((ألا انتفعتم بإهابها ؟ ألا دبغتموه؟ فإنه ذكاته)).

٢ ـ عن أبي واقد الليثي (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم): ((ما قُطِعَ مِنَ البهيمةِ و هيَ حيَّةٌ فهو مَيِّتٌ))[٣] .

(١) رواه أبو داودفي سننه(٤١٣٦)، و النسائي سننه(٧\١٧٥،١٧٤).

(٢) ينظر: المسند (٢٠٠٣)(٢٠٠٦١)(٢٠٠٧١).

(٣) رواه أبو داود في سننه (٢٨٥٨) و الترمذي في جامعه (١٤٨٠) و حسَّنه.

٤ ـ عن أبي هريرة (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم) : ((إذا وقع الذبابُ في شرابِ أحدِكم فلْيَغْمِسْهُ، ثُمَّ لْيَنْزَعْهُ، فإنَّ في أَحَدِ جناحيهِ داءً و في الآخرِ شِفَاء))[١] .

٥ ـ عن ابن عمر (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم) : ((أُحِلَّتْ لنا مَيْتَتانِ و دَمَانِ، فأما الميتتان: فالجرادُ و الحوتُ، و أما الدَّمانِ: فالكَبَدُ و الطِّحالُ))[٢].

پرسیاری شانزەهەم:

ئایامرۆڤ بە مردن پیس دەبێت؟

وەڵام:

مرۆڤ خاوێنە و بەمردن پیس نابێت. شوشتنی جەنازەی موسڵمان، لە مافەکانی مردووە بە پێی شەرع، بەڵگە نییە بۆ پیسی جەنازە.

بەڵگە:

* عن ابن عباسٍ (رضي الله عنه) قال : ((ليسَ عَلَيْكُم في غَسْلِ مَيِّتِكُم غُسْلٌ إذا غَسَلْتموهُ، فإنَّ مَيِّتَكُم ليسَ بِنجسٍ، فَحَسْبكم أنْ تَغسلوا أيديكم))[٣] .

---

(١) رواه البخاري في صحيحه (٣٣٢٠) و أبوداود في سننه (٣٨٤٤).

(٢) رواه أحمد في المسند(٢\٩٧)،و ابن ماجة في سننه (٣٣١٤).

(٣) أخرجه الحاكم في مستدركه (١\٣٨٦)مرفوعاً و صححه، و البيهقي سننه الكبير(٣\٣٩٨) موقوفاً . قال محققوا المسند(١٣\١٢٣): رواية الوقف اصح. و ينظر: صحيح ابن حبان (٣\٤٣٧).

پرسیاری حەڤدەهەم:

ئایا جیاوازی هەیە لە نێوان خوێنی مرۆڤ و خوێنی گیاندارەکان لە ڕووی خاوێنی و پیسییەوە؟

وەڵام

کە باس لە پاکی و پیسی خوێن دەکرێت، مەبەست خوێنی دەرهاتووە لە جەستە، چ بە ڕژان کاتی کوشتنەوەی گیاندارێك، یان بە بریندارباوون، یان دەرهاوێشتە وەکو سووڕی مانگانەی ئافرەت ....هتد.

زانایان بەفراوانی باسی ئەم بابەتەیان کردووە، کە دەتوانین بۆ پێنج بەش دابەشی بکەین کە ئەمانەن:

یەکەم : ئەو خوێنەی کە کاتی کوشتنەوە یان بریندارباوون لە گیاندار دەردێت، پیسە بە یەك ڕایی زانایان.

دووەم: خوێنی سووڕی مانگانەی ئافرەت(حیض)، یان منداڵ بوون(نفاس)، پیسە بە یەك ڕایی زانایان.

سێیەم: ئەو خوێنەی کاتی بریندارباوون لە ئادەمیزاد دەردێت پیسە لە ڕاسترین ڕای زانایان.

چوارەم: خۆینی ماسی خاوێنە، چونکە مردووەکەی خاوێن و حەڵاڵە.

پێنجەم: ئەو خوێنەی کە لە لەشی گیاندارا دەمێنێت پاش کوشتنەوەی، هەروەها خوێنی جەرگ و فاتە ڕەشە، ئەمانە گشتیان خاوێنن.

بەڵگە:

١ ـ ﴿قُل لَّآ أَجِدُ فِي مَآ أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَىٰ طَاعِمٍ يَطْعَمُهُۥٓ إِلَّآ أَن يَكُونَ مَيْتَةً أَوْ دَمًا مَّسْفُوحًا أَوْ لَحْمَ خِنزِيرٍ فَإِنَّهُۥ رِجْسٌ﴾[١] .

٢ ـ عن أسماءَ بنتِ أبي بكرٍ(رضي الله عنهما): أن النبـيَّ (صلى الله عليه وسلم) قال في دمِ الحيضِ يُصيبُ الثَّوبَ: ((تَحُتُّهُ، ثُمَّ تَقْرُصُهُ بِالمَاءِ، ثُمَّ تَنْضَحُهُ، ثُمَّ تُصَلِّي فِيهِ))[٢]. و في قوله (صلى الله عليه وسلم) ((ثُمَّ تُصَلِّي فِيهِ)) إشارة أن غسله لنجاسته لا لأجل النظافة فقط.

٣ ـ عن سهل بن سعد الساعدي، و سأله الناسُ: بأي شيءٍ دووي جُرحُ النبـي (صلى الله عليه وسلم)؟ فقال مابقي أحدٌ أعلم به مني: ((كان عليٌّ يجيءُ بِتُرْسِهِ فيهِ ماءٌ، و فاطمةُ تَغْسِلُ عَنْ وجهه الدمَ، فأُخذ حصيرٌ فأُحرقَ، فحُشيَ بهِ جُرحُهُ))[٣].

٤ ـ عن عائشة (رضي الله عنها) قالت: جاءت فاطمةُ بنتُ أبي حُبيشٍ إلى النبـي (صلى الله عليه وسلم) فقالت: يا رسول الله إني امرأةٌ أُستحاضُ فلا أطهرُ أفأدعُ الصلاة؟ فقال رسولُ الله (صلى الله عليه وسلم) : ((لا، إنَّما ذلكِ عِرقٌ، و ليسَ بحيضٍ، فإذا أقبلتْ حَيْضَتُكِ فَدَعي الصَّلاة، و إذا أدبرتْ فاغْسِلِي عَنْكِ الدَّمَ ثُـمَّ صَلِّي))[٤] .

و هذا الحديث قرينة تدل على أن غسل فاطمة (رضي الله عنها) الدَّم عن وجه النبـي (صلى الله عليه وسلم) ماكان لنظافة، بل تطهيرٌ شرعيٌ متقررٌ عندهم. أما صلاة عمر

---

(١) الأنعام:١٤٥ في تفسيرها ينظر: فتاوى الشيخ محمد صالح(١١\٢٦٤)

(٢) متفقٌ عليه . البخاري(٢٢٧)(٣٠٧) و مسلم(٢٩١). و الحتُّ: الدلك، و القرص: الدلك بطرف الأصابع، و النضح الغسل بالماء.

(٣) متفقٌ عليه: البخاري (٢٤٣)(٣٠٣٧)(٥٢٤٨)، و مسلم (١٧٩٠)(١٠٣) ينظر: مسند أحمد (٣٧\٤٥٩).

(٤) متفقٌ عليه . البخاري (١\٥٥ ط: البغا)، و مسلم (٣٣٣).

(رضي الله عنه) حين طعن و جرحه يثعبُ دماً، فإن هذا لعدم إمكان التحرز منه[١].

(١١\٢٦٦ فتاوى الشيخ محمد صالح العثيمين).

٥ ـ عن رافع بن خديج (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم) : ((ما أنهَرَ الدَّم و ذُكِر اسمُ اللهِ عليه فَكُل))[٢]. في قوله (صلى الله عليه وسلم): ((ما أنهَرَ الدَّم)): أن علة تحريم الميتة و نجاستها بقاء الدم فيها، و على هذا يكون دم السمك طاهراً، إذ ميتته طاهرٌ حلال كما في قوله (صلى الله عليه وسلم):

٦ ـ ((أُحِلَّتْ لنا مَيْتَتانِ و دَمَانِ، فأما الميتتان: فالجرادُ و الحوتُ، و اما الدَّمانِ: فالكَبَدُ و الطِّحالُ))[٣].

٧ ـ الإجماع على نجاسة الدم المسفوح، غير دم السمكِ و دم الآدمي ففيهما خلافٌ[٤].

---

(١) ينظر: فتاوى الشيخ محمد بن صالح العثيمين (١١\٢٦٦).

(٢) متفقٌ عليه: أخرجه البخاري (٥٥٠٣) و مسلم (١٩٦٨ ـ ٢٢) و ينظر مسند أحمد (٢٥\١١١).

(٣) مضى تخرجه قريباً من حديث ابن عمر (رضي الله عنه).

(٤) نقله ابن رشد في بداية المجتهد (٢\٧٣) قال: اتفق العلماء أن دم الحيوان البري نجسٌ، و ختلفوا في دم السمك... فقال قوم دم السمك طاهر وهو أحد قولي مالك و مذهب الشافعي.أهـ

وفي مسألة نجاسة دم الآدمي خلافٌ طويلٌ بين الفقهاء وذهب إلى نجاسته المذاهب الأربعة و ابن حزم و شيخ الإسلام ابن تيمية. ينظر: آراء الشيخ الألباني الفقهية في العبادات دراسة فقهيةٌ مقارنة (١\٣٤٧ ـ ٣٥٨).

و ينظر: فتاوى محمد صالح العثيمين(١١\٢٦١).

پرسیاری هەژدەهەم:

ئایا هۆکاری حەرامی خواردنەوەی عەرەق(خمر)، ئەوەیە کە پیسە؟

وەڵام:

خواردنەوەی عەرەق حەرامە، چونکە خودا حەرامی کردووە[١]! یەکێك لە هۆکارەکانی حەرامکردنی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بێهۆشکەرە، لە ڕووی واتاییەوە (معنوی) بە یەك ڕای زانایان پیسە. بەڵام ئایا خودی عەرەقەکە پیسە؟ ئەمە جێی خیلافە لە نێوان زانایاندا، زۆربەیان بۆ ئەوەدەچن کە خودی عەرەق پیسە[٢]، ئەو زانایانەی کە بۆ ئەوەدەچن عەرەق زاتەکەی خاوێنە، پیسییەکەی بۆ ماناکەی دەگەڕێتەوە، بەڵگەی بەهێزیان بە دەستەوەیە.

بەڵگە:

* ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَٱجۡتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ٩٠ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱلشَّيۡطَٰنُ أَن يُوقِعَ بَيۡنَكُمُ ٱلۡعَدَٰوَةَ وَٱلۡبَغۡضَآءَ فِي ٱلۡخَمۡرِ وَٱلۡمَيۡسِرِ وَيَصُدَّكُمۡ عَن ذِكۡرِ ٱللَّهِ وَعَنِ ٱلصَّلَوٰةِۖ فَهَلۡ أَنتُم مُّنتَهُونَ ٩١﴾[٣] . الذين قالوا الرجس

---

(١) لە بنەماکانی ئیسلامەتی بڕوابوون بەوەی کە (حەلال) و (حەرام) بۆ (ئەمر) و (نەهی) خودا و پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەگەڕێنەوە. دایکی موسلمانان عائشە (رضي الله عنها) ئاماژە بۆ ئەم بنەمایە دەکات، کاتێ پرسیاری لێ دەکرێت: بۆچی ئافرەتی حەیزدار ڕۆژوو قەزا دەکاتەوە، بەڵام نوێژ قەزا ناکاتەوە؟ حیکمەتەکە چییە؟ ئەویش لە وەڵامیدا دەفەرمێت حیکمەتەکە ئەوەیە کە لە زەمانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمانمان پێدەکرا ڕۆژوو قەزابکەینەوە، نوێژ قەزانەکەینەوە!

پێی نەفەرموو: قەزاکردنەوەی ڕۆژوو ئاسانە سالێ یەك جارە، بەڵام قەزاکردنەوەی نوێژ قورسە، چونکە ڕۆژانەیە. ينظر: صحيح مسلم (٣٣٥)(٦٩).

(٢) منهم المذاهب الأربعة.

(٣) المائدة: (٩٠ ، ٩١).

هنا نجاسةٌ معنوية، قالوه بقرينة قوله تعالى : ﴿رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ﴾ فالعمل هنا شيء معنوي. وكذلك إقتران الخمر في الآية بالميسر و الأزلام و الأنصاب تؤيد عدم نجاستها حساً إذ نجاسة هذه الأشياء معنوية غير حسية اتفاقاً.

أضف إلى هذا أن البراء الأصلية تقتضي عدم النجاسة، كذا السنة التركية إذ لما حرمت الخمر أُريقت في الشوارع، فلو كانت نجسة لأمر النبـي (صلى الله عليه وسلم) بصيانة الشوارع و الأواني من ذلك. و قاعدة : كل نجس حرام لا تنعكس فليس كل حرامٍ نجس، فالسُّم حرامٌ أكله و شرابه مع كونه طاهراً[1].

﴿أَلَا لَهُ ٱلۡخَلۡقُ وَٱلۡأَمۡرُۗ تَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾

الأعراف:٥٤

(١) ينظر: فتاوى الشيخ محمد صالح العثيمين(١١\١٥٠-٢٥٤) و مجلة المنار (م٢٣ ج٩ ص٦٤١-٦٧٩).

پرسیاری نوزدەهەم:

حوکمی بەکارهێنانی کحول (Alchol) لە کاری پزیشکی و بۆن سازیدا چییە؟

وەڵام:

کحول ماددەیەکە بەتێکەڵکردنی لەگەڵ چەند ماددەیەکی تر دەبێتە بێهۆشکەر، هەموو بێهۆشکەرێکیش عەرەقە ((کل مسکرٍ خمر))[1] ، کە خواردنەوەی بە بەڵگەی قورئان و فەرموودە و یەکڕایی زانایان حەرامە.

بەڵام بەکارهێنانی کحول لە پیشەسازیدا بەتایبەتی لە پیشەسازی وەکو دەرمان وخاوێنکەرەوە، بۆن سازیدا دروستە بە دوو مەرج:

١ ـ بە ڕێژەیەك کە پێویست بێت بۆ پیشەسازییەکە.

٢ ـ پزیشکی شارەزا و دەست پاك، بڕیاری لەسەربدات.

ئەوەی لەم بارەیەوە بۆ کحول ڕێگای پێدەدرێت بۆ عەرەق ڕێگای پێنادرێت، هەرچەندە کحول لە پێکهاتەکانی عەرەقە. ئەمەش لەبەر دوو هۆکار:

١ ـ ئاوێتەکردنی کحول بۆ دەرمان یان بۆن یان خاوێنکەرەوە،کارێکی سوودبەخشە بۆ مرۆڤ و پێویستە لە پیشەسازیدا، جیاوازە لە ئاوێتەکردنی کحول بۆ عەرەق.

٢ ـ ئاوێتەکردنی عەرەق بۆ بۆن یان خاوێنکەرەوە یان دەرمان، دەرگایەکی بڵاوبوونەوەی عەرەق دەکاتەوە، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا کارێکی ترسناکە.

---

(١) حديث: ((كل مسكر خمر و كل مسكر حرام)) أخرجه مسلم و غيره . ينظر تخرجه في مسند أحمد (٨\٤٤٦،٤٤٥،٢٦٨،٢٦٩)(١٠\ ٣٤٧،٣٢١،٨٤،٢٤)(٢٤\٣٧٠،٢٣١).

بەڵگە:

*عن أنسٍ (رضي الله عنه) قال: سُئل رسول الله (صلى الله عليه وسلم) عن الخمر تتَّخذ خَلاًّ؟ فقال : (لا)[١].

و المسأله من النوازل

١ ـ (قرر مجلس المجمع الفقهي في دورته السادسة عشرة المنعقدة بمكة المكرمة في المدة من ١٤٢٢هـ \١٠\٢١ـ٢٦ جواز إستعمال الأدوية المشتملة على الكحول بنسب مستهلكة، تقتضيها الصناعة الدوائية، التي لا بديل عنها، بشرط أن يصفها طبيبٌ عدل، كما يجوز إستعمال الكحول مطهراً خارجياً للجروح، و قاتلاً للجراثيم، و في الكريمات و الدهون الخارجية ـ والله تعالى أعلم ـ)[٢].

٢ ـ قاعدة ما ترك لشبهة جاز عند الحاجة [٣] .

---

(١) أخرجه مسلم في صحيحه(١٩٨٣) و الترمذي في سننه(١٢٩٤).

(٢) ينظر: منحة العلام شرح بلوغ المرام (٨\٥٣٣) و فتاوى رشيد رضا (ص١٦٣١) و (توصيات الندوة الثامنة للمنظمة الإسلامية للعلوم الطبية بالكويت من ٢٢ ـ ٢٤ \١٢\١٤١٥ هـ) ضمن المجلد(٧) ص٥٢٦١ـ٥٢٦٦ من كتاب الفقه الإسلامي و أدلته لدكتور وهبة الزحيلي ـ رحمه الله ـ.

(٣) ينظر: فتاوى الشيخ محمد صالح (١١\٢٥٤).

دوا بابەتەکان

یەکەم:

لەگەڵ (صدام حسین) و دووبارە نووسینەوەی مێژوو!

هەندێك ناو هەن کاتێ دەیان بیستی، هەست بە جۆرێك ئازار دەکەیت، چونکە یان ستەمکارێك یان ستەم لێکراوێك دێتە یادت، لەو ناوانە: (تاوان ـ الجریمە). بۆیە تاوان بابەتێکە وای کردووە، کە زۆر چین و توێژی کۆمەڵگا وەکو ئەدیب و مێژووناس دەست بدەنە خامە و خەمەکانیان بنووسن، چونکە ستەم لێکراون، خەمی دڵیان باس دەکەن. زۆر لە چین و توێژی کۆمەڵگاش بن بە وتار خوێن، یان وەکو پارێزەران هەڵسوکەوت بکەن، چونکە ستەمکارن ، لە پاساو دەگەڕێن بۆ تاوانەکانیان.

ئەوەی لەم بابەتەدا دەنووسرێت، زیاتر لە بابەتی مێژوو نزیکە، چونکە باس لە تاوانێك دەکات دژ بە مێژوو و بەتایبەت مێژووی ئیسلام ئەنجامدراوە، ئەویش هەوڵدانی بەعسییەکانە، بۆ دووبارە نووسینەوەی مێژوو، کە جۆرێکی تایبەتی تاوانە لە تاوانە زۆرەکانی بەعس دژ بە مرۆڤایەتی! بەڵکو ئەوەی گومانی تیادا نییە، ئەم تاوانە (دووبارە نووسینەوەی مێژوو) زۆر لە تاوانەکانی دیکەی بەعس وەکو کوشتن و سووتاندن و کاوڵکردن گەورەترە، چونکە تاوانێکە بۆ چەواشەکردنی سەرچاوەی چاکسازیبوونی مرۆڤ ، کە ئیسلامە.

لە ڕۆژگاری دەست بەکاربوونی صدام حسین لە جڵەوی دەسەڵاتی عێراق، لە یەکەم کارەکانی چەواشەکردنی مێژووی موسڵمانان بوو، بە ناوی دووبارە نووسینەوەی مێژوو!

ئەمەش وەکو دەروازەیەك بۆ دوورخستنەوەی موسڵمانان لە ڕاستی ئیسلام، بە تەسککردنی ئیسلام لە عروبەدا.

کاتێ سەروتاری گۆڤاری (المورد) (مجلد٨\عدد٢\سنة ١٩٧٩ص٩ـ ١٨) دەخوێنینەوە، کە وتارێکی (صدام حسين)ە بە ناونیشانی: (**حول كتابة التأريخ**) ئەم ڕاستییە دەکەوێتە بەرچاومان لە دوو ڕوویەوە:

یەکەمیان:

صدام حسين و حیزبەکەی بڕوایان بەوەنییە، کە نیزامێك هەبێ بۆ گشت مرۆڤایەتی بە جیاوازی میللەتەکانی، بەڵکو لە هزری صدام حسين و حیزبەکەی، تێکەڵبوونی نیزامە جیاوازەکانی میللەتان بریتین لە یاسای چاکساز و هزری دروستی ژیان بۆ گشت میللەتان.

لە وتارەکەی صدام حسين دا هاتووە: (**لا بدَّ من إدراك أنه لا توجدُ نظريةٌ للحياة تصلح لكل الأمم، و إنما نظريات كلِّ الأمم في الحياة تصلحُ لأن تكونَ نظرية الحياة الأُممية لكل العالم.. أي أن حاصل الجمع المتفاعل الذي هو بمثابة الحصيلة النهائية لتفاعل نظريات كل الأمم، هو النظرية الصالحة و القانون الذي يصلحُ لكل الأمم في أساسياته العامة**)[١]. ئەمەش خۆی لە خۆیدا دژایەتییە بۆ عالەمییەتی(جیهانگیری) ئیسلام، کە پەروەردگار دەفەرمێت: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ﴾[٢].

(١) المورد ص٩ ـ ١٠ (المجلد٨ العدد٢)

(٢) الأنبياء: ١٠٧

بۆیە کادری بەعس لەسەر ئەوە پەروەردەکرا، کە ئیسلام تەنها کەلتورە، جێگای مزگەوتە وەکو هەردیانەتێکی تر، پەیوست نییە بە رێساو یاسای ژیانەوە، بە واتایەکی تر بە بۆچوونی بەعس تۆ دەتوانی موسڵمان بی، لە هەمانکاتدا نیزامی ئیشتراکی شوعییەتت پێ باشتربێ لە شەریعەتی ئیسلام!، بە پاساوی گۆڕانی زەمان و زەمینە! کە ئەمەش کوفرێکی زەبەلاحە.

دووەمیان:

صدام حسین و حیزبەکەی بڕوایان وایە کە عروبە گەورەیە، ئیسلامیش بەشێکە لە عروبە! و کەلتورێکی عەرەبییە، بۆیە مێژووی ئیسلام بە گشت دەقەکانییەوە، پێویستە لە خزمەت عروبەدا بخرێتە ڕوو.

لە وتارەکەی صدام حسین دا هاتووە: **(نحن العرب أمةٌ واحدة، و جغرافية أرضِنا هي الوطنُ العربيُّ كلُّه، هذه هي النتيجة الحاسمة التي نُعطيها اهتمامَنا، و لذلك يجبُ أن تكون قراءتنا للتأريخ وفقَ كيفيةٍ تخدمُ هذه الحقيقة...)**[1] .

ئەمەش تەماشاکردنی ئیسلامە بە گشت لاپەڕەکانی مێژوویەکەی و بەگشت دەقە پیرۆزەکانییەوە، وەکو خزمەتکارێکی بچووك بۆ عروبەی گەورە!

هەروەها ئەم جۆرە تەماشاکردنە بۆ ئیسلام و مێژوویەکەی، تاکە پەنجەرەیە کە بۆ کەسی بەعسی موسڵمان! ڕەوابێ بەناویدا تەماشای ئیسلام بکات! سەربەستیشە لە

(١) الموردص١١(المجلد٨ العدد٢) و نحوه ص١٣،١٢ منه.

تەماشاکردنی بۆ ئیسلام هەر چۆنێك بیەوێت، بەمەرجێك لە پەنجەرەکەی خۆیانەوە بێت، ئیسلام لە خزمەت عروبەدا بیت! ئەگەر نا، ئەوا کونەپەرستە.

ئەمەش بە میزانی سەرانی بەعس شتێکی ڕەوایە، چونکە ئەگەر بە فراوانتر تەماشای ئیسلام بکرێت، ئەوا عروبە بچووك دەبێتەوە، ئەمەش لای سەرانی بەعس هەرگیز قەبوول نییە.

سەبارەت بەمە لە هۆکاری ڕەتکردنەوەی هەر تێڕوانینێك بۆ ئیسلام بێجگە لە تێروانینی خزمەتکاری بۆ عروبە ، صدام حسين لە وتارەکەیدا دەڵێت : **(لكي لا تبدو هذه الأمة و كأنها خُلِقَتْ بالإسلام، بما يقوي منطق الرجعيةِ الدينية!)**[١].

ئەم مانایەش دووپاتدەکاتەوە بەوەی کە ئیسلام بەشێکە لە مێژووی عەرەب نەك هەموو مێژووی عەرەبە و دەرگای شانازیکردن بە مێژووی نەفامی عەرەب لە پێش ئیسلامدا دەکاتەوە، بۆ خۆی و سەرانی حیزبەکەی، لەم بارەیەوە صدام حسين لە وتارەکەیدا دەڵێت: **(يجبُ أن ندعمَ نظريتنا بالتأريخ القديم، مؤكِّدينَ أن تأريخ الأمة العربية يمتدُّ إلى عصورٍ سحيقةٍ في القِدم، و أن كل الحضارات الأساسية التي نشأت في الوطن العربي إنما هي تعبيرٌ عن شخصية أبناء هذه الأمة الذين نبعوا من أصل المنبع الواحد)**[٢].

هەر لەبەر ئەمەش صدام حسين و حیزبەکەی عومەری کوڕی خەتابیان(رضي الله عنه) پێ قەبوولە، وەکو پاڵەوانێکی عەرەب! بەڵام وشە زێڕینەکەی بەرامبەر لەشکری

(١) المورد ص١٣ (مجلد٨ عدد٢)

(٢) الموردص١٣ (مجلد٨ عدد٢)

ئیسلام لە شام : (**إنا كنا أذل قوم**، فأعزَّنا الله بالإسلام، فمهما نطلب العزة بغير ما أعزنا الله به أذلنا اللهُ)[١] پێویستە خوێندنەوەی قەدەغە بکرێت.

جەعفەری کوڕی ئەبو تالیبیان (رضي الله عنه) پێ قەبوولە وەکو پاڵەوانێکی عەرەب! بەڵام وشە زێڕینەکەی بەرامبەر نەجاشی: (أيها الملك، كنَّا قوماً أهل جاهلية، نعبدُ الأصنام، و نأكل الميتة، و نأتي الفواحش، و نقطع الأرحام، و نُسيء الجوار، يأكل القوي منا الضعيف، فكنا على ذلك **حتى بعث الله إلينا رسولاً منا**، نعرفُ نسبه، و صدقه، و أمانته، و عفافه، فدعانا إلى الله لنوحده، و نعبدهُ، و نخلع ما كنا نعبد نحنُ و آبائنا من دونه من الحجارة و الأوثان، و أمرنا بصدق الحديث، و أداء الأمانة، و صلة الرحم و حُسن الجوار، و الكف عن المحارم و الدماء، و نهانا عن الفواحش، و قول الزور، و أكل مال اليتيم....)[٢].پێویستە لە سەر لاپەڕەکانی مێژوو لا ببرێت!.

---

(١) ماناکەی: (ئێمەی عەرەب سەرشۆڕترین میللەت بووین، **خودا بە ئیسلام سەربەرزی کردووین**، هەرکات بە بێجگە لە ئیسلام داوای سەربەرزی بکەین خودا سەر شۆڕمان دەکاتەوە). أخرجه الحاكم في المستدرك (١\٦١ الطبعة القديمة) و صححه على شرط الشيخين.

(٢) پوختەی ماناکەی: (جەنابی پاشا، ئێمەی عەرەب، گەلێکی نەفام بووین، بت پەرستیمان دەکرد، مرداربوومان دەخوارد، داوێن پیس بووین، خراپەمان لەگەڵ جیران و خزم و کەس ئەنجامدەدا، بەهێز بێ هێزی قوت دەدا، **ئەمە حاڵمان بوو، تاوەکو خودا پێغەمبەرێکی بۆ ناردین**، کە لە ئێمەیە و لە نەسەب و بنەماڵەیەکی ناسراوە و بە ڕاستگۆیی و داوێن پاکی و دەستپاکی دەی ناسین، بانگهێشتی کردین بۆ یەك خوداپەرستی، بەجێ هێشتنی بت پەرستی باب و باپیران، فەرمانی پێکردین بە: ڕاستگویی و دەست پاکی و چاکە لەگەڵ خزم و کەس و دراوسێ، دوورکەونەوە لە تاوان...). أخرجه ابن خزيمة في صحيحه (٢\١٠٧٩ ـ١٠٨٠ رقم: ٢٢٦٠ ط: المكتب الإسلامي). وينظر: الإسلام و حضارة العرب (١\١٣٢) لمحمد كرد علي. و (نقد القومية العربية على ضوء الإسلام و الواقع) لشيخ عبدالعزيز ابن باز، طبعت مستقلة وهو ضمن مجموع فتاوى الشيخ ابن باز(١\٢٨٠ـ٣٢٣ ط: الشويعر).

تەنانەت کەسایەتی پێغەمبەریان (صلى الله عليه وسلم) پێ قەبوولە وەکو سیمبولێکی نەتەوەیی[١]! نەك وەکو کەسایەتی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)، کە بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەفەرمێت: (كلكم بنو آدم، و آدم خُلقَ من تراب، لينتهين قومٌ يفخرون بآبائهم أو ليكونن أهون على الله من الجُعَلان)[٢]. واتە: (گشت مرۆڤایەتی بۆ یەك باوك دەگەڕێتەوە، کە ئادەمە، ئادەمیش لە خۆل دروست کراوە، با کەسانێك وازبێنن لە شانازیکردن بە باب وپیرانیان ـ نەك بە دینەکەیان ـ ئەگەر نا، ئەوا لای خودا بێڕێزتر دەبن لەو سیسرکەیەی، کە بە لووتەکەی یاری بە پیسایی دەکات).

تەنانەت صدام حسين و سەرانی حیزبەکەی، هەڵگرانی ئەم دەقانە لە موسڵمانان بە چاوێکی سووك تەماشایاندەکردن، بە(غَيْبـي) و (سَلَفي) ناویان دەبردن، وەکو ئاماژەکردن کە ئەمانە کەم عەقلن، بڕوایان بە (غیب) هەیە لەم سەردەمەدا! هەروەها لەم سەردەمەدا وەکو پێشینان (سلف الأمة) بیردەکەنەوە، کە سەربەرزی تەنها بە ئیسلامە نەك بە عروبە. بۆ ئەم مەبەستە صدام حسين لە وتارەکەیدا دەڵێت: (**فحين يتحدثُ الغَيْبـيُّ السَّلَفي بالإتجاه الإسلامي التقليدي (القديم) الذي يصور العرب ـ قبل الإسلام ـ بأنهم أمةٌ متفسخة متصوراً أنه بذلك يقوي الدعوة الإسلامية و يوفِّرُ أسس و مستلزمات مشروعيتها الدنيوية إنما يرتكب خطأً كبيراً...**)[٣].

---

(١) ينظر: مجموعة الفتاوى(١٠\٢٧٣) و كلام علمي دقيق لشيخ الإسلام حول محبة أبو طالب لنبـي (صلى الله عليه وسلم) مع عدم إيمانه به!.

(٢) أخرجه البزار في مسنده البحر الزخار (٧\٣٤٠ ـ ٣٤١ رقم:٢٩٣٨ من حديث حذيفة بن اليمان) و يشهد لمعناه ما أخرجه أحمد في مسنده (٤\٤٧٠ من حديث ابن عباسٍ)(٢٨\٦٥١ من حديث عقبة بن عامر الجهني). و ينظر: مجمع الزوائد و منبع الفوائد باب: فيمن افتخر بأهل الجاهلية (٨\٨٦ ط: القديمة)(٨\١٦١ط: دار الفكر)

(٣) المورد ص١٦ (المجلد٨ العدد٢).

بەم پێوەرە صدام حسین و سەرانی حیزبەکەی، ئیسلامیان بە مێژوویەکەیەوە دەکردە خزمەتکار تەنها بۆ عروبە، وا پیشانیاندەدا کە ئەگەر عەرەب نەبووایە ئیسلام نەدەبوو، بەڵام ئەگەر ئیسلامیش نەبووایە عەرەب هەر دەبوون، وەکو گەڵێکی لێهاتوو بۆ سەرکردایەتی جیهان!. ئەمە بیروباوەڕی بەعسە، بە (میشێل عەفلەق) و (صدام حسین) و سەدان سەرانی تر کە بۆ ماوەی نزیکەی نیو سەدە بە ئاگر و ئاسن ئەم بیروباوەڕەیان دەسەپاند، ئیسلامیان چەواشە دەکرد لە بیری خەڵکدا، تەنانەت ئەوەی وەکو ئەوانیش بیرنەکاتەوە، پێویست بوو لەسەری کە بمرێت و بیرنەکاتەوە!

ئەمە لە لایەکی تەرازوو دابنێ و ئەوەی عومەر و جەعفەر (رضي الله عنهما) گوتیان لە لایەکەی تری تەرازوو دابنێ، تاوەکو جیاوازی نێوان : کوفر و ئیمان بزانی!. بەو موصحەفە هەڵنەخەلەتێی کە لە ناو دەستی سەرانی بەعسدا بوو لە قەفەسەکەدا! بێ ئەوەی بڕیاری پاشگەزبوونەوە لەم بیروباوەڕە بۆگەنە بدەن!.

دووەم:

گەندەڵی بەناوی ئایین.....!

هەنگاوی یەکەمـــــــــ(١)

ناونیشانی ئەم بابەتە سەرنج ڕاکێش نییە، چونکە واقعێکە خەڵك ڕۆژانە لە ناویدا دەژین! بەشێکە لە پرۆژەی گەندەڵی بەناو چاکسازی، کەڕووی سیاسی و ئابوورییەکەی زیاتر دیارە، بەڵام گەندەڵی بەناوی ئایین و تێگەیشتنێکی نوێ بۆ ئیسلام، یان لێکدانەوەیەکی نوێ بۆ قورئانی پیرۆز، زۆر دیارنییە، **لە بەر چەند هۆیەك لەوانە:**

* ئاست نزمی تێگەیشتنی موسڵمانان بۆ ئاینەکەیان.
* بێزاربوونی موسڵمان لە دیاردەی بەکارهێنانی ئایین بۆ مەبەستی سیاسی.

بۆیە لەم بابەتەدا ـ ئەگەر خودا پشت وپەنا بێت ـ ڕۆشناییەك دەخەینە سەر دیاردەی گەندەڵی بەناوی ئایین، **لە دەزگا گەورەکانی ڕاگەیاندندا کە:**

* بە دەستی کەسانێکی ناشارەزا لە زانستە شەرعییەکان، دەف لێدەدەن بۆ نوێخوازی لە تێگەیشتنی قورئانی پیرۆز!
* بە زمانێکی زۆر بلیمەت لە هەڵبژاردنی وشەکان، وا پیشاندەدەن کە پەیامەکەیان دژایەتییە بۆ تیرۆر!

بەڵام بە ڕاشکاوی ئەمە دژایەتی تیرۆر نییە، **بەڵکو هێڵانەیەکە بۆ دروستکردنی تیرۆر چونکە:**

* خزمەت کردن نییە بە قورئان.
* بەڵکو زەحمەت کردنە بۆ پەیامی ئیسلام.

هەر لەبەر ئەمە، **بابەتەکەمان کورتە وەڵامێکە بۆ:**

* ئەو دەستانەی کە لەپاڵ بانگەواز خوازانی ئەم هزرەن لە ڕاگەیاندنەکاندا.
* خودی بانگەواز خوازەکانی ئەم هزرە ترسناکە.

لە ڕێگای وەڵامەکەش ڕۆشناییەك دەکەوێتە سەر دیاردەی گەندەڵی بەناوی ئایین، **تەنها بۆ کەسێك کە:**

* حەزی لە بینینی ڕاستی بێت!
* نەك حەزی لە مەلەوانی بێت لە ئاوی لێلدا!.

ئەم دوو مەرجەش بە دەگمەن لە سەرانی ئەم قوتابخانەیە دەردەکەون، **بەڵام:**

* هەبوونیان موستەحیل نییە.
* نەبوونیشیان ڕێگرنییە لە وەڵامەکە.

ئەمە لە کاتێکدا، کە وەڵامدانەوەی ئەم سەرانە کە خۆیان بە نوێخواز دەزانن، ئەرکێکی شەرعی پیرۆزە، بە ڕادەیەك **ئەگەر بۆ نەخوێندەوارێکیش بنووسرێت، پێویستە هەربنووسرێت! چونکە:**

* لە چاندنی نەمامێك پیرۆزترە، کە پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) فەرمان بە چاندنی دەکات، ئەگەر سوڕ بزانرێت پاش چاندنەکەی قیامەتە[1]!

---

(١) عن أنسٍ قال: قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم): ((إن قامت على أحدكم القيامة، و في يده فسيلة فليغرسها)) أخرجه أحمد(١٢٩٠٢)(٢٠\٢٥١)

* لە تێکۆشانێك پیرۆزترە، کە بەرگری لە مافی ستەم لێکراوان دەکات بەڕوح و گیان، چونکە تێکۆشان بە زانستی شەرعی بۆ بەرگریکردن لە ئیسلام لە هەموو جۆرەکانی تێکۆشان گەورەترە[١].

لە دەست پێکی ئەم وەڵامەشدا بە برا نوێخازەکانمان و **بە گشت ئەوانەی حەزیان لە بینینی جوانی ئیسلامە دەڵێین :**

* نوێخوازی پەیوەستە بە کاری (دونیا)وە، چونکە سەرچاوەکەی عەقلە، کە پڕکەم و کورتییە.

* بەڵام نوێخوازی پەیوەست نییە بە کاری (ئایین)ەوە، چونکە سەرچاوەکەی ئاسمانییە!

هەروەها **لە سەرەتای ئەم باسەدا دەڵێین:**

* لە باسکردنی (ئیسلام) و (ئیمان)دا هەموو کات وەبیرخستنەوەی مێژوویەکی خاوێنی ئیسلام بە تێگەیشتنی پێشینان، نوێکردنەوەی ئیسلامە لەوەی کە پێوەی لکێنراوە.

* نەك نووسینەوەی ئەمڕۆیەکی لێل بە تێگەیشتنە جیاواز و دژ بەیەکەکانی نوێخوازان!.

چونکە **مەبەست فێربوونی ئایینە وەکو:**

* ئایین لەسەرچاوەوە.

* نەك فێربوونی شتێك کە ناوی ئایین بێ، بەناوەڕۆکێکی وەکو دەگوترێت (مودێرن) یان سەردەمیانە.

---

(١) قال ابن القيم ـ رحمه الله ـ (مقدمة الكافية الشافية١\١٦ط: عالم الفوائد): الجهاد بالحجة و البيان مقدَّمٌ على الجهاد بالسيف والسنان، و لهذا أمر به تعالى في السور المكية حيث لا جهاد باليد إنذاراً و تحذيرا. فقال: ﴿فَلَا تُطِعِ ٱلۡكَٰفِرِينَ وَجَٰهِدۡهُم بِهِۦ جِهَادٗا كَبِيرٗا﴾(الفرقان:٥٢).

كە لە ژێر دروشمی جیا جیا:

* دەقەكان بە پێی ئارەزوو لول دەدرێن، بە پاساوی گۆڕانی زەمان !
* وا پیشان دەدرێت كە هیچ شتێك لە ئایيندا جێگیر نییە، لەبەر گۆڕانی زەمینە!
* وا دەخوێنرێتەوە كە بێجگە لە زمانی عەرەبی بۆ تێگەیشتنی قورئان و فەرموودە هیچ میزانێك نییە!؟

لە سەر ئەم بناغەیە، **تەفسیری سەیر و سەمەرە بۆ دەقە شەرعییەكان دەكەن:**

* كاتێ گوێ بیستیان دەبی، هەست دەكەی كە هەموو ئایەتێكیان بەدڵ نییە!.
* كاتێ نووسینەكانیان دەخوێنیتەوە، هەست دەكەی كە هەموو لاپەڕەیەكی ژیاننامەی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) لایان سپی نییە!.
* كاتێ دەم و چاویان دەبینی، هەست دەكەی دەقی فەرموودەكانی پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) بەپێی هزر و بیری جیاجیای خۆیان قەبوولیانە یان قەبوولیان نییە!

ئەم قوتابخانە ترسناكە بەوە ناوەستێت كە شتێك بڵێت وەكو زیادەیەك لەوەی كە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) و هەڤاڵانی (رضي الله عنهم) لەسەربوون! بەڵكو زۆربەی ئەوەی نوێخوازەكان دەڵێن، سەرپێچی كردنە بۆ تێگەیشتن و بەیانكردنی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) و هەڤاڵانی (رضي الله عنهم) بۆ ئیمان و ئیسلام، **تەنانەت لە بابەتە گرنگەكانی وەكو:**

*(بیرو باوەڕ) !
*(ئەحكامی قورئان) !

بە ڕادەیەك لە **ژێر ناوی ئیسلام:**

* بگوترێت: (بۆ لە خودا بترسیم!)

* یان بگوترێت: (أبوبكر و عمر ـ رضي الله عنهما ـ نەیان دەزانی ئێمە دەزانین!)
* یان بەسەرهاتی قورئانی پیرۆز بە (سیناریو) ناو ببەن!

ئەمە حاڵی ئەم قوتابخانە نوێخوازەیە کە:

* بێ سەروبەرە!
* بێ سەرو بنە!

بەناوی چاکسازی و نوێخوازی، گەندەڵی بە دین دەکات ! **ئەمانە بێ سەروبەرن چونکە:**

* **ئەگەر پێیان بڵێیت ئەمە سەرپێچییە بۆ دەقی قورئانی پیرۆز؟!** پێت دەڵێن (القرآن حمالة الوجوه)[1] واتە ئایەتەکانی قورئان دەتوانین بە زۆر شێوە تەفسیریان بکەین!.
* **ئەگەر پێیان بڵێیت ئەمە سەرپێچییە بۆ فەرموودەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)؟!** پێت دەڵێن (بوخاری)[2] وەکو من و تۆ مرۆڤ بووە، هەڵەی کردووە، نابێ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وای فەرموویێ!.

---

(١) الأثر بنحوه ينسب لعليٍ(رضي الله عنه) لما أرسل ابن عباس (رضي الله عنهما) لمخاصمت الخوارج و أمره أن يجادلهم بالسنة لأن القرآن حمال ذو وجوه، عزاه السيوطي في الدر المنثور (١\٤٢ ط: دار الكتب العلمية) إلى ابن سعد في الطبقات ولكن الأثر ليس في النسخ المطبوعة من الطبقات.

و بنحوه رواه الدارقطني في سننه (٥\٢٥٥ ط: مؤسسة الرسالة) مرفوعاً بسندٍ ضعيفٍ جداً فيه زكريا بن عطية، قال أبو حاتم منكر الحديث و قال العقيلي: هو مجهول. ينظر: السلسلة الضعيفة (٣\١٢٧)(رقم:١٠٣٦).

هەروەها بڕوانە: ژمارەی (١) ی گۆڤاری ئەیووبی ل٩٩ـ١٠١.

(٢) صاحب كتاب (الجامع المسند الصحيح المختصر من أمور رسول الله صلى الله عليه وسلم و سننه و أيامه) المشهور بـ(صحيح البخاري). أجمعت الأمة على أنه الكتاب الثاني في الأمة بعد القرآن. كما أجمعوا على إمامة البخاري حفظاً و عدالة. أفرد العلماء سيرته بالتصنيف منهم:

*الحافظ ابن حجر العسقلاني (ت:٨٥٢) في كتابه: (هداية الساري لسيرة البخاري) ط: البشائر .

*الحافظ ابن ناصر الدين الدمشقي(ت:٨٤٢) في كتاب موسوم بـ(تحفة الأخباري بترجمة البخاري) ط: البشائر.

* **ئەگەر پێیان بڵێیت ئەمە موخالفەی (إجماع)ە؟!** پێت دەڵێن: (إجماع) درۆیە کوا (إجماع)؟ ئەی ئیمام (ئەحمەد) نافەرمێت: (من ادعى الإجماع فقد كذب) [١] واتە: ئەو کەسەی بڵێت إجماع هەیە هەڵە دەکات؟

هەروەها **ئەمانە بێ سەروبنن، چونکە :**

* بە بێ هیچ بنەمایەکی زانستی خۆیان بە نوێخواز(مجدد) تێدەگەن، دەڵێن دین کۆن دەبێ، ئەی پێغەمبەرمان(صلى الله عليه وسلم) نافەرمێ : (إن الله عز وجل يبعث لهذه الأمة على رأس كل مئة سنة من يُجَدِّدُ لها دينها)[٢] واتە: سەری هەموو سەد ساڵێك خودا کەسانێك دەنێرێت ئەم دینە نوێ بکەنەوە!؟

---

*العلامة عبدالسلام المباركفوري (ت:١٣٤٢) في كتابه الموسوم بـ(سيرة الإمام البخاري سيد الفقهاء و إمام المحدثين) ط: دار عالم الفوائد. و غير ذلك كثير.

(١) هذا القول بهذا اللفظ ينسب لأحمد و ومانُقل بنحوه و أو معناه حمله العلماء على أمور منها إنما قاله أحمد:

*لصعوبة الإجماع في فروع الفقه و أحكامه بعد عصر الصحابة.

*أو قاله بحق من ليس له معرفة بخلاف السلف.

*أو قاله على جهة الورع، لجواز ان يكون هناك خلاف لم يبلغه.

*أو قال في (الإجماع السكوتي) فلا يقال فيه أجمعوا، لإحتمال أن الساكت مخالف.

*أو للإنكار على المعتزلة الذين يدعون إجماع الناس على ما يقولونه، مع قله معرفتهم بأقوال الصحابة!

أو غير ذلك... لا عدم وقوعها، إذ أحمد رحمه الله استدل بالإجماع في غير ما مسألة في الفقه من ذلك ما ذهب إليه من التبكير من غداة يوم عرفة إلى آخر أيام التشريق مستدلاً بالإجماع ، وفي التفسير ﴿وَإِذَا قُرِئَ ٱلْقُرْءَانُ فَٱسْتَمِعُواْ لَهُۥ وَأَنصِتُواْ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴾(الأعراف:٢٠٤) قال فيه احمد: (أجمع الناس على أن هذه الآية في الصلاة) و غير ذلك . ينظر: (الفتاوى المؤصلة من دار الإفتاء المصرية (١\٣٧٦ ـ ٣٩١) و الوجيز في اصول الفقه لعبد الكريم زيدان ص١٨٩ ـ ١٩٣ و كتاب الفكر الأصولي عند الإمام أحمد ص١٢٣ ـ ١٢٤و كتاب موقف الفكر الحداثي العربي من أصول الإستدلال في الإسلام ـ دراسةٌ تحليليةٌ نقدية ـ ص٤٥١ـ٤٥٨ تأليف محمد بن حجر القرني).

(٢) رواه أبوداود في سننه ٦\٣٤٩ .

* بەبێ هیچ بنەمایەکی عەقلی، بە پێویست دەزانن ئیسلام بەپێی هزری ئەوان بگۆڕدرێت، نەك ئەوان خۆیان بگۆڕن بەپێی وەحیی ئیسلام!

بەڕاستیش بێسەروبەری و بێ سەرو بنییە، کە کەسانێکی موسڵمان وا هزر بکەن کە تێگەیشتنی: (المهاجرين و الأنصار رضي الله عنهم) کە لەبەر دەستی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) پەروەردەکراون **کە موکورتییەکی زۆری تیادایە، چونکە کۆنە:**

* هی زەمانێکی دوورە!
* هی زەمینەیەکی ناشارستانە!

پێویستە لا بدرێت و تێگەیشتنی خۆیان جێی بگرێتەوە، تێگەیشتنێکی سەردەمیانە! **ئەمەش خۆ دووبارەکردنەوەی مێژوویە، چونکە:**

* هەمان بیرۆکەی (خەوارج)ە کە لە ڕۆژگارێکی مێژوودا تێگەیشتنێکی نوێیان بەخشی بە ئایەتی ژمارە (٤٤)ی سورەتی (المائدە) : ﴿وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ﴾ کە ئەمڕۆ چەندین لایەن هەن هەمان تێگەیشتن دووبارە دەکەنەوە، موسڵمانانی پێ کافردەکەن[1].

* هەمان بیرۆکەی (مورجیئە) یە، کە لە ڕۆژگارێکی مێژوودا تێگەیشتنێکی نوێیان بەخشی بە ئایەتی ژمارە (١٧)ی سورەتی (یوسف) : ﴿وَمَآ أَنتَ بِمُؤۡمِنٖ لَّنَا وَلَوۡ كُنَّا

(١) قال ابن كثير ـ بعد سرد قصتهم و استدلالهم بآية المائدة على تكفير عليٍّ رضي الله عنه ـ: (و هذا الضرب من الناس ـ يقصد الخوارج ـ من أغرب أشكال بني آدم، فسبحان من نوَّع خلقه كما أراد، و سبق في قدره ذلك) (ينظر: البداية و النهاية ١٠\٥٧٩ ـ ٥٨٠ ط التركي). قلتُ: فكيف لو سمع ابن كثير أخبار خوارج اليوم: داعش و أخواتها!!

صَـٰدِقِينَ ﴾ کەئەمڕۆ چەندین لایەن بەناوی مەدەنیەت دووبارەی دەکەنەوە، کافریشیان پێ خەڵکی بەهەشتە[١].

* هەمان بیرۆکەی (موعتەزیلە)یە، کە لە ڕۆژگارێکی مێژوودا ئاژاوەی (خلق القرآن)یان بەرپاکرد، بە بەخشینی تێگەیشتنێکی نوێ بە ئایەتی ژمارە (٦٢)ی سورەتی (الزمر): ﴿ٱللَّهُ خَـٰلِقُ كُلِّ شَىْءٍ ﴾. واتە: (خودا خالقی هەموو شتێکە)، قورئانیش شتە، کەواتە مەخلوقە[٢].

ئەمڕۆ براکانمان لە نوێخوازەکان، ئەم جۆرە بیروباوەڕانە دووبارە دەکەنەوە بە شێوازێکی نوێ، بەڵام لەسەرهەمان ڕاڕەوەی (خوارج ، مرجئە ، معتزلە ...) دەیان بیرۆکەی تر **کە گشتیان یەك ڕان لە سەر:**

---

(١) قال شيخ الإسلام:((المرجئة) لما عدلوا عن معرفة كلام الله ورسوله ، أخذوا يتكلمون في مسمى (الإيمان) و (الإسلام) و غيرهما بطريقةٍ ابتدعوها ، مثل أن يقولوا: (الإيمان في اللغة) هو التصديق ، و الرسول إنما خاطب الناس بلغة العرب لم يغيرها ، فيكون مراده بالإيمان التصديق ، ثم قالوا و التصديق إنما يكون بالقلب و اللسان أو بالقلب ، فالأعمال ليست من الإيمان ، ثم عمدتهم في أن الإيمان هو التصديق قوله ﴿وَمَا أَنتَ بِمُؤْمِنٍ لَّنَا﴾ أي بمصدقٍ لنا...) ثم أشبع الردَ عليهم. (ينظر: مجموعة الفتاوى لشيخ الإسلام ٧\٢٨٨ ـ ٢٩١).

(٢) احتج المعتزلة على أحمد بآية الزمر ﴿ٱللَّهُ خَـٰلِقُ كُلِّ شَىْءٍ ﴾ (الزمر:٦٢) على أن القرآن مخلوق، فقال أحمد في جوابهم ﴿تُدَمِّرُ كُلَّ شَىْءٍۭ بِأَمْرِ رَبِّهَا فَأَصْبَحُوا۟ لَا يُرَىٰٓ إِلَّا مَسَـٰكِنُهُمْ ﴾ (الأحقاف:٢٥) فهل دمرت إلا ما أراده الله؟ و صبر أحمد على ماكان عليه الصحابة و التابعون بأن القرآن كلام الله كما في قوله تعالى: ﴿وَإِنْ أَحَدٌ مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ٱسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّىٰ يَسْمَعَ كَلَـٰمَ ٱللَّهِ ﴾ (التوبة:٦) إلى أن نصره الله و أصبح إمام أهل السنة دون منازع) ينظر: المجلد(١٢) من مجموعة الفتاوى لشيخ الإسلام، ـ و هو مجلدٌ جمع فيه كلام شيخ الإسلام حول هذه المسألة ـ ، و مناقب أحمد لإبن الجوزي ص٤٣٥ ط هجر، و مسألة خلق القرآن و اثرها في صفوف الرواة و المحدثين و كتب الجرح و التعديل، بقلم عبد الفتاح أبوغدة ص٥ ـ ١٠).

* پێش خستنی (عەقل و تێگەیشتنی خۆیان) بەسەر (نەقل و تێگەیشتنی پێشینان)[١] بۆ بنەماکانی ئیسلام و ئیمان بە گوفتار یان بە کردەوە.

* دیار خستنی هزر و بۆچوونی خۆیان، شاردنەوە و ڕەتکردنەوەی هەزاران لاپەڕەی مێژوو، لە دەزگا گەورەکانی ڕاگەیاندندا.

واتە: یەك ڕان لە سەر لادانی تێگەیشتنی قورئانی پیرۆز و فەرمودەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، بەتێگەیشتنی ئەوانەی کە پێغەمبەرمان(صلى الله عليه وسلم) پەروردەیکردوون، لە کاتێکدا کە ئەوان خاوەنی تێگەیشتنی دروستن بۆ قورئانی پیرۆز و فەرمودەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، **بە بەڵگەی عەقلی و نەقلی:**

* **بەڵگەی عەقلی:** ئەمانە شاهێدی دابەزینی قورئانی پیرۆز بوون، کە چۆن دابەزیوە هەر ئایەتێك بۆ چ مەبەستێك دابەزیوە. شاهێدی بەجێگەیاندنی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزیش بوون، کە چۆن پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بە کردەوە و گوفتار بەجێی دەگەیاندن.

* **بەڵگەی نەقلیش:** ئایەتی (١٠٠)ی سورەتی (التوبە) بە ڕەوانی باسی ئەم ڕاستییە دەکات کە پەروەردگار دەفەرمێت: ﴿وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلۡأَوَّلُونَ مِنَ ٱلۡمُهَٰجِرِينَ وَٱلۡأَنصَارِ وَٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُم بِإِحۡسَٰنٖ رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ وَرَضُواْ عَنۡهُ وَأَعَدَّ لَهُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي تَحۡتَهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۚ ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ﴾ واتە : (ئەوانەی کە خودا لێیان ڕازی بووە و ئەوانیش لە خودا ڕازی بوون، بەهەشتیان بۆ ئامادەکراوە، لە موهاجرین و ئەنصاریەکان. هەروەها ئەوانەی شوێن کەوتووی ئەوانیشن بە چاکە، بە هەمان شێوە خودا لێیان ڕازی بووە ئەوانیش لە خودا ڕازی بوون، بەهەشتیان بۆ ئامادەکراوە، کە بۆ هەتا هەتایە لە ناویدا دەژین، ئەمەیە بردنەوەی گەورە).

---

(١) مەبەست لە(نەقل): دەقەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانە. مەبەست لە (عەقل)یش: لێکدانەوەی دەقەکانە. ینظر: كتاب منهج السلف و المتكلمين في موافقة العقل للنقل لشيخ جابر إدريس ٣\٨٨٣، ٩٣٥.

هەروەها لە صەحیحی بوخاری و مسلم دا هاتووە، کە پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمێت: (خير الناس قرني ثم الذين يلونهم ثم الذين يلونهم ...)[١] واتە: (باشترینی خەڵکی، ئەوانەی سەردەمی منن ـ الصحابه ـ پاشان ئەوانەی دوای ئەوانن ـ التابعين ـ پاشان ئەوانەی دوای ئەوانن ـ أتباع التابعين ـ) .

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە هەڤاڵانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) و شوێنکەوتووانیان هەڵگری ڕاستی تێگەیشتنی مەبەستەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەرن (صلى الله عليه وسلم)، نەك کەسانێکی تر، کەواتە هەڤاڵانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) و شوێنکەوتووانیان میزانن بۆ هەڵسەنگاندنی هەر سوود وەرگرتنێکی نوێ بو قورئان و فەرموودە، نەك تەنها زمانی عەرەبی میزانە! ئەگەر گریمان بڵێین تەنها زمانی عەرەبی میزانە، وەکو چۆن لە فەرهەنگە عەرەبییەکاندا هاتووە، ئەوا بێگومان زمانی هەڤاڵانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) و شوێنکەوتووانیان (التابعين) بە هێزتربووە لە زمانی خودی ئەو کەسانەی کە فەرهەنگە عەرەبییەکانیانی نووسیوە، چونکە خۆیان و سەردەمەکانیان خاوەنی خاوێنی زمانەکەن[٢].

---

(١) متفق عليه. و جاء لفظ (ثم الذين يلونهم) في الرابعة و الخامسة في بعض كتب الحديث! و هي زيادةٌ لا تصح كما حرره الشيخ ناصر في الضعيفة (٨\٥١ ـ ٦٢).

(٢) سمى الصحابي الجليل أنس بن مالك جَورب الصوف خُوفا في أثرٍ صحيح عند الدولابي في الكنى (١\١٨١) و غيره. قال العلامة أحمد محمد شاكر: و قول أنسٍ في هذا أقوى حجةً ألفَ مرةٍ من أن يقول مثله مؤلفٌ من مؤلفي اللغة ، كالخليل و الأزهري و الجوهري و ابن سيده و اضرابهم . لأنهم ناقلوا للغة، و أكثر نقلهم يكون من غير إسناد، و مع ذلك يحتج بهم العلماء ، فأولى ثم أولى إذا جاء التفسير اللغوي من مصدر أصلي من مصادر اللغة ، و هو الصحابي العربي من المصدر الأول ، بإسنادٍ صحيحٍ إليه)(المسح على الجوربين ص١٤)

لێرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە ئەوانەی ئەمڕۆ دەڵێن : (هم رجال و نحن رجال!) بەمانای: (هەڤاڵانی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) و پێشەواکانی ئیسلام پیاوبوون، بە پێی زەمانی خۆیان و بە عەقلی ئەو کات لە قورئان تێگەیشتوون، ئێمەش پیاوین وەکو ئەوان، بەپێی زەمانی خۆمان و بە عەقلی خۆمان لە قورئان تێدەگەین!).

بە دوو خاڵ وەڵامیان دەدەینەوە :

* **یەکەمیان:** دەست نیشانکردنی جێی کێشەکە، چونکە کێشە ئەوەنییە کە بۆ هەموو بابەتێکی نوێ حوکمێکی نوێی پێویست بیت، ئەمە بابەتی فیقھ و ئصولی فیقھە، کە زانایان بە درێژایی مێژوو لەسەری دەنووسن تاوەکو ئەمڕۆمان، بەڵام واقیعی ئەم هزرە نوێخوازە بریتییە لە سووتاندنی ئەم هەموو مێژوویە، بێجگە لە لاپەڕەکانی قورئانی پیرۆز، لەپاشان تێگەیشتنێکی نوێ بۆ ئەم لاپەڕانە، **کە تێگەیشتنێکی:**

ـــ دابڕاوە لە مێژوو.

ـــ سەرپێچیکارە بۆ لێکدانەوەی هەڤاڵان و شوێنکەوتووانیان.

ـــ زیادەکارە لەو بابەتانەی کە زیادە قەبوولناکەن.

بە بەڵگەی: (هم رجال و نحن رجال)! واتە : ئەوان پیاون و ئێمەش پیاوین! ـ کلمة حقٍ یراد بها الباطل ـ

* **دووەمیان:** ئەگەر ئێوە لە ناخی خۆتاندا پێتان وایە سەرپێچی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ناکەن! ئێوە سەرپێچی ڕێگای ئیمانداران دەکەن، هەروەك لە ئایەتی(١١٥)ی سورەتی(النساء)دا هاتووە کە پەروەردگار گەف لەم جۆرە

سەرپێچیکارانە دەکات و دەفەرمێت : ﴿وَمَن يُشَاقِقِ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ ٱلۡهُدَىٰ وَيَتَّبِعۡ غَيۡرَ سَبِيلِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصۡلِهِۦ جَهَنَّمَۖ وَسَآءَتۡ مَصِيرًا﴾ واتە: (هەر کەسێك پاش ئەوەی ڕێگای ئیسلامی بۆی ڕوون بوویەوە، سەرپێچی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) بکات و پشت لە ڕێگای ئیمانداران بکات، ڕووی لە دۆزەخ دەکەین لەگەڵ چارەنووسێکی زۆر خراپ).

گومانیش لەوەدا نییە کە ڕێگای موسڵمانان ﴿سَبِيلِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ﴾ ـ کە پەروەردگار گەف لە سەرپێچیکارەکەی دەکات، وەکو چۆن گەف لە سەرپێچیکاری ڕێگای پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەکات ـ بریتییە لە ڕێگای (مهاجرین) و (ئەنصار) و شوێنکەوتووانیان بەدەقی قورئان: ﴿وَٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُم بِإِحۡسَٰنٖ﴾[1] نەك ڕێگایەکی مودێرن.

ئەگەر ئەم برا نوێخوازانە بڵێن: ئەمڕۆ ئێمەین ﴿سَبِيلِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ﴾، نەك (مهاجرین) و (أنصار)! ئەوا **گفتوگووەکانمان کۆتایی دێن لە بەر دوو بەڵگە :**

* **یەکەمیان** (نەقل): ئایەتی ژمارە (٤٣)ی سورەتی (الفرقان) کە پەروەردگار دەفەرمێت: ﴿أَرَءَيۡتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ أَفَأَنتَ تَكُونُ عَلَيۡهِ وَكِيلًا﴾[2] واتە: (دەبینیت چۆن کەسانێك هەواو هەوەسی خۆیان دەکەنە پەرستراوی خۆیان! تۆ هیچت لەگەڵ ئەمانە پێناکرێ و ناتوانی ڕێنماییان بکەی یان هیدایەتیان بدەی).

---

(١) التوبة: ١٠٠. و مضى قريباً الآيةُ بأكملها .

(٢) الفرقان: ٤٣.

* دووەمیان (عەقل) : کە لە مەجلیسی زانایاندا پێی دەگوترێت پێ ڕاکێشانی (ئەبو حەنیفە)[١]!.

پوختەکەی ئەوەیە کە پیاوێکی خاوەن هەیئەت لە مەجلیسی وانە گوتنەوەی ئەبوحەنیفە دادەنیشێت، کەسیش نایناسێت، بەڵام لەبەر هەیئەتەکەی کە وەکو پیاو ماقول دیارە و جەند ڕۆژێکیشە بێدەنگە لە مەجلیسەکە. ئیمام ئەبوحەنیفە وەکو ڕێزگرتن بۆی کە میوانە لە دەرسەکە، و خاوەن هەیئەتیشە پێیەکانی درێژ ناکات بۆ چەند ڕۆژێك، پاشان لێی دەپرسێت:

ــ پیاوی میوان بۆ قسەیەك ناکەی؟

ئەویش دەفەرمێت پرسیارێکم هەیە:

ــ کەی نۆێژی مەغریب دەبێت؟

ئەبوحەنیفەش لە وەڵامیدا دەفەرمێت:

ــ کاتێ ڕۆژ ئاوا دەبێت.

میوانەکە دەڵێت:

ــ ئەی ئەگەر ڕۆژ ئاوانەبێت تا نیوە شەو!؟

ئەبو حەنیفە بەم قسەیەی میوان بۆی دەردەکەوێت، کە میوانەکەی کەسێکە تێناگات! پێیەکانی درێژ دەکاتەوە و دەفەرمێت:

ــ ئێستا کاتی ئەوەهات کە پێیەکانم درێژ بکەمەوە.

---

(١) ينسب القصة أو الحكاية، للفقيه أبي يوسف تلميذ أبو حنيفة، قال الأشبيلي في كتابه (الذخائر و الأعلاق ص١١٦ ط دار ابن حزم): حُكي أن رجلاً كان يلازمُ مجلس الفقيه أبي يوسف فيطيل الصمت، فقال له أبو يوسف يوماً: مالك لا تتكلم و تسألُ عما بدا لك؟ فقال: بلى أيها الفقيه إنني سائلك عن شيء. فقال: سل. قال: متى يفطر الصائم؟ قال: إذا غربت الشمس. قال: فإن لم تغرب الشمس إلى نصف الليل؟ فتبسم أبو يوسف، و تمثل بقول القائل:

و للصمت سترٌ للغيِّ و إنما صحيفةُ لبِّ المرءِ أن يتكلماً.

و ينسب هذه القصة أيضاً لأبي حنيفة ففي كتاب (زهر الأكم في الأمثال و الحكم١\١٤٣)أن صاحب القصة أبو حنيفة رحمه الله، لما تبين له جهل صاحب الهيئة الغريب، مدَّ رجليه وقال: الآن يمدُ أبو حنيفة رجله. فطار مثلاً.

هەنگاوی دووەمـــــــــــ(٢)

ئەوەی باسکرا کۆتایی بابەتەکەمان بوو، بابەتی: (گەندەڵی بەناوی ئاین)، بەڵام چونکە بابەتەکە بە بابەتی چاکسازییەوە لکاوە لە زۆر ڕوویەوە، بۆیە پێویستە لەگەڵ بابەتەکە هەر بەردەوام بین، هەنگاوێکی تر بچینە پێشەوە، لە سەرەتایەکەیدا دەڵێین، **دوو کەس بانگەوازی چاکسازی دەکەن :**

* کەسی یەکەم بڵێت: چارەسەری گەڕانەوەیە بۆ ئایین بە مانا فراوانەکانی!
* کەسی دووەم بڵێت: ئایین جێگای تەنها مزگەوتە!

ئێمەش بەم دوو برادەرە دەڵێین: **ئێمە لە وڵاتێکی موسڵمان نشیندا دەژین، کەواتە:**

* زۆر دوورە کەسێك خۆی بە موسڵمان بزانێ هەست بکات کە سەرچاوەیەك هەیە بێجگە لە قورئان و فەرموودە بۆ خاوێنکردنەوەی ناخی مرۆڤ، کە چاکسازی لەوێ دەستپێدەکات!
* زۆر هەڵەیە کەسێك بڵێت سەرچاوەی چاکسازی نابێت ئایین بێت، یان بڵێت چاکسازی لە ناخی مرۆڤەوە دەست پێناکات و خۆشی بە موسڵمان بزانێت!

کەواتە با لەبیر نەکەین کە: وەبیرخستنەوەی مێژوویەکی خاوێن بە تێگەیشتنی پێشینان، ڕاستی ئیسلامە و سەرکەوتنی ئینسانە، لە هەر لایەنێکی ژیان بێ، نەك نووسینەوەی ئەمڕۆیەکی لێل، ئەوجا ئەم لێلاتییە، کە تێگەیشتنی زەحمەتە، چونکە لێلە و دژبەیەکە و بێ رەحمەتە! **جیاوازییەکی ئەوتۆی تیادا نییە کە:**

* بەناو ئیسلامێکی مودێرنەوە بێت.
* یان عەلمانییەتێکی بێ پێناسە.

هەردووکی ڕەشە، لە سەر ڕەش هەر نەخشەیەك بکێشرێت و هەر پلانێك دابڕێژرێت نابینرێت، **ئەمە لە کاتێکدا کە:**

* لە ولاتە خوشەویستەکەمان، کاری بێ نەخشە دەبینین!

* لە ولاتە خوشەویستەکەمان، هەنگاوی بێ پلان دەهاوێژین!

سەرەڕای ئەمە، **ئیسلام ناهێلێت موسڵمان بێ هیوا ببێت، چونکە:**

* ڕەشبینی بە پێی بیروباوەڕی ئیسلامەتی، جۆرێکی هاوبەشی دانانە بۆ خودا[١]!

* کەسێك تەنها بە جوانی لە قورئان تێبگات، بۆی دەردەکەوێت کە هەرکات شەو زۆر تاریك بێت، ئەو کات تروسکە هیواکان زیاتر دەدرەوشێنەوە ﴿فَإِنَّ مَعَ ٱلۡعُسۡرِ يُسۡرًا ۝ إِنَّ مَعَ ٱلۡعُسۡرِ يُسۡرًا﴾[٢].

ئەم گەشبینییە کۆتایی بابەتەکەمانە، بەڵام وەکو هەربابەتێك لە کۆتاییەکەیدا پێویستی بە پوختکردنەوە هەیە، بۆ ئەم مەبەستە لەسەر لاپەڕەیەکی مێژووی پڕشنگداری یەکێ لە هەڤاڵانی پێغەمبەرمان(صلى الله عليه وسلم) دەوەستین کە (عەبدوللای کوڕی مسعود)[٣]ە(رضي الله عنه)، کە دەقی لاپەڕە مێژووییەکە لە (مسند الدارمي)[٤]دا دەبینی،کە ئەمە پوختەکەیەتی:

---

(١) قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم): (الطيرة شرك ، الطيرة شرك) أخرجه أحمد وغيره ينظر: المسند(٦\٢١٣ ـ ٢١٤)(٧\٢٥٠)ط: المؤسسة. و الطيرة: التشائم.

(٢) الشرح: (٥ ـ ٦)

(٣) عبد الله بن مسعود (رضي الله عنه): الإمام الحبر، فقيه الأمة، كان من السابقين الأولين الذين هاجروا الهجرتين، مناقبه جمة، قال فيه الرسول (صلى الله عليه وسلم): ((رضيتُ لأمتي ما رضي لها ابن أمِ عبد ـ أي ابن مسعود ـ)) أخرجه الحاكم(٣\٣١٧) وصححه . و قال (صلى الله عليه وسلم): ((اقتدوا بالذين من بعدي أبي بكر و عمر و اهتدوا بهدي عمار، وتمسكوا بعهد ابن أمِّ عبد)) أخرجه أحمد(٥\٤٠٢،٣٨٥). ينظر: السير لذهبي(١\٤٦١ ـ ٥٠٠) ط المؤسسة وقد أشار المحققون إلى مضان ترجمته.

(٤) مسند الدارمي ١\٢٨٦ ـ ٢٨٧ و شرحه ٣\٦٩١ ـ ٧٠٢.

عەبدوللای کوڕی مەسعود(رضي الله عنه) خەڵکانێك لە مزگەوتدا دەبینێت کە بە شێوازێك خواپەرستی دەکەن، دوور لەوەی کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و هەڤاڵانی لە سەر بوون، شێوازەکە داهێنانێکی نوێ بوو لە چۆنیەتی زیکرکردنی خودا بەنییەتێکی پاك، سەرەڕای ئەمەش عەبدوللای کوڕی مەسعود(رضي الله عنه) لە وەڵامیاندا دەفەرمێت: ((و الذي نفسي بيده إنكم لعلى ملة هي أهدى من ملة محمد صلى الله عليه وسلم أو مفتتحوا باب ضلال)) واتە : بەو خودایەی کە ژیانی منی بەدەستە، ئێوە یان لەسەر ڕێگایەکی ڕۆشەنترن لە ڕێگای پەیڕەوکارانی محمد (صلى الله عليه وسلم) یان دەرگای گومڕایی دەکەنەوە.

جێی شاهێد لەم لاپەڕە مێژووییەدا ئەوەیە کە:

* وەڵامە توندەکەی عەبدوللای کوڕی مەسعود (رضي الله عنه) تەنها لە بەرگۆڕینی شێوازێك بوو لە زیکردا!؟

* ئەی گۆڕینی شێوازی تێگەیشتنی قورئانی پیرۆز لە فیکردا؟!

ئەوەی گومانی تێدانییە ئەوەیە کە ئەگەر گریمان پرسیاری سەرانی ئەم قوتابخانە نوێخوازانە لە ابن مسعود(رضي الله عنه) یان هەر هەڤاڵێکی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کرابا، پێیان دەفەرموو : ((و الذي نفسي بيده إنكم لعلى ملة هي أهدى من ملة محمد ـ صلى الله عليه وسلم ـ أو مفتتحوا باب ضلال)).

ئەگەر بگوترێت ئەمەی باسکرا سەبارەت بە (دین)ە نەك (ژین)!؟ ئەوا: وەڵامی ئەم پرسیارە **پوختەی پوختکراوی بابەتەکەمانە، ئەویش :**

* تاوەکو دڵ بە (دین) ئاسوودەنەبێ، (ژین) ئاسوودەنابێ.

* یان تاوەکو بە(ئیمان) دڵ خاوێن نەکرێتەوە، بەکردەوە وڵات خاوێن ناکرێتەوە.

* یان تاوەکو دڵ بۆ بنەما نەگۆڕەکانی ئیسلام نەگەڕێتەوە، گۆڕانکاری بەرەو باش بوون لە واقیعدا ناهێتە دی.

بۆیە (سالم)ی شاعیر ڕاستی نەگوت کاتێ فەرمووی :

مولکی بابان پڕ لە غەوغاو خاکی کوردستان خراب*مایەیی فیتنە و فەساد و ماجرابو ئاسمان[١]

بەڵکو خۆزگە بیگوتبا:

دڵی ئینسان پڕ لە غەوغاو خاکی کوردستان خراب*مایەیی فیتنە و فەساد و ماجرابو دوورە دین

گەورەترین ڕێز کە پەروەردگار لە مرۆڤی دانابێ، ئەوەیە کە ئیختیاری داوەتە دەست، داواشی لێ کردووە کە گۆڕانکاری بکات بەرەو باشترین، پێشی فەرمووە ئەم گۆڕانکارییە لە ناو ناخ دا دەست پێدەکات، پێش ئەوەی لە سەر ئاخ(خاك)دا دیاربکەوێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوۡمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِهِمۡۗ﴾[٢] واتە: تاوەکو گەلێك ناخی خۆی نەگۆڕێت، بە هیممەت کردن بۆ گۆڕان بەرەو باشترین، خودا دەستیان ناگرێت بۆ گۆڕان بەرەو باشترین.

ئەمەش بە دروستکردنی مرۆڤ دەست پێدەکات، کە تەنها بە نزیك بوونەوە لە تەقواداری ئەنجام دەدرێت، ئەنجامەکەشی خۆشی دونیاو قیامەتە ﴿وَلَوۡ أَنَّ أَهۡلَ ٱلۡقُرَىٰٓ ءَامَنُواْ وَٱتَّقَوۡاْ لَفَتَحۡنَا عَلَيۡهِم بَرَكَٰتٖ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ وَلَٰكِن كَذَّبُواْ فَأَخَذۡنَٰهُم بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ﴾[٣] واتە: ئەگەر خەڵکی شارەکان ئیمانیان بهێنایە چاکەیان کردبا، خۆیان لە تاوان پاراستبا، لە پاداشتی ئەمە، خودا دەرگای بەرەکەتی ئاسمان و زەوییان بۆ دەکردەوە.

---

(١) (ديواني سالم١\٥٢٠).

(٢) الرعد: ١١.

(٣) الأعراف:٩٦.

ئەمەش ئەوە دووپاتدەکاتەوە کە ئاوەدانکردنەوەی دڵەکان بە ئیمان، یەکەم هەنگاوی چاکسازییە لە ئیسلامدا بۆ دامەزراندنی شارستانیەتییەکی خزمەتکار بۆ مرۆڤ، بە واتایەکی نزیکتر هەموو ئاوەدانکردنێك بە ئاوەدانکرنی ناخی مرۆڤەوە دەست پێدەکات، هەموو مرۆڤێکیش خودا کلیلی ئەم ئاوەدانکردنەی داوەتەدەستی، کە لە خۆیەوە دەست پێ بکات، بەنزیك بوونەوە لە مانا بەرزەکانی ژیان، ئەمەش بە ئاشنابوون لەگەڵ ئیسلام دێتە دی: ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ لَمۡ يَكُ مُغَيِّرٗا نِّعۡمَةً أَنۡعَمَهَا عَلَىٰ قَوۡمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِهِمۡ وَأَنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٞ﴾[1] واتە : هۆی گۆڕانی ناز و نیعمەتی ژیان، بریتییە لە گۆڕانی کارو بیری خەڵك ـ هەرکاتێ خەڵك ناخی خۆیان گۆڕی بەرەو باشتر، خودا باشتریان پێدەبەخشێ ـ خودا گوێبیستی دوعاکانتانە بۆی بگەڕێنەوە، زانایە بە کردەوەکانتان چاکە ئەنجام بدەن.

ئەوەی باسمان کرد **ئەوە ناگەیەنێ کە بەبێ ئیمان و ئیسلام شارستانیەت دروست نابێ، چونکە:**

* قورئانی پیرۆز لە هەموو کاتێك.
* مێژووی دوێنێ.
* واقیعی ئەمڕۆ.
* لێکدانەوەی ژیرانە بۆ سبەی.

ئەمانە گشتیان ئەمە ڕەت دەکەنەوە، **بەڵام ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە بەبێ ئیمان و ئیسلام ناتوانین شارستانیەتێك دابمەزرێنین کە:**

---

(١) الأنفال: ٥٣

* ڕەحمەتی تێدابێ بۆ مرۆڤایەتی.
* وەکو ئامێر تەماشای مرۆڤ نەکات.
* چینایەتی تیادا پەیدا نەبێت.

بۆ ئەم ڕاستییەش **قورئان، فەرموودە، مێژوو، واقیعی ژیان، شاهێدی دەدەن:**

* **یەکەم:** قورئان

بێجگەلەوەی ئیمان ئاسوودەیی دەروونە، پەروەردگار لە قورئاندا پەیمانی پێداوین کە ئەم ئیمانە خۆشگوزەرانی دونیاشە: ﴿وَلَوۡ أَنَّ أَهۡلَ ٱلۡقُرَىٰٓ ءَامَنُواْ وَٱتَّقَوۡاْ لَفَتَحۡنَا عَلَيۡهِم بَرَكَٰتٖ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ وَلَٰكِن كَذَّبُواْ فَأَخَذۡنَٰهُم بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ﴾[١].

* **دووەم:** فەرموودە

ئاسوودەیی دەروون و خۆشگوزەرانی دونیا، پەیمانی پێغەمبەرمانە(صلى الله عليه وسلم) کە دەفەرمێت: ئەم ئایینە لە دونیادا جێگیردەبێت، کە جێگیریش بوو، ئەوا ئاسایش باڵ بەسەر دونیادا دەکێشێت: ((والله ليُتِمَّنَّ اللهُ هذا الأمرَ حتى يَسِيرَ الرَّاكبُ من المدينة إلى حضرموت لا يَخافُ إلا الله و الذِّئبَ على غَنَمِهِ))[٢].

* **سێیەم:** مێژوو

مێژوو شاهێدی دەدات کە هەرکاتێ و لە هەر شوێنێك دەوڵەتێك کاری بە شەرعی خودا کردبێت، بە پێی کار پێکردنەکە هەژاری نەماوە[٣]. کاتێ لە سەردەمی خەلافەتی

(١) الأعراف: ٩٦.
(٢) أخرجه أحمد (٣٤\٥٥٢).
(٣) ينظر: مشكلة الفقر و كيف عالجها الإسلام لدكتور يوسف القرضاوي.

عومەری کوڕی عەبدولعەزیز[١]، ئەم کارپێکردنە وەکو پێوست ئەنجامدرا، تەنها بەماوەی دوو ساڵ و چەند مانگێك، ڕێژەی هەژاری بۆ بە سفر!

* چوارەم: واقیعی ئەمڕۆمان

سەرەڕای هەبوونی نەفت و تەکنەلۆجیا، دەوڵەتە دیموکراتییەکان! کێشەی هەژارییان پێ چارەسەر ناکرێت، ڕۆژ بەڕۆژ نەخۆشی دەروونی و ڕێژەی خۆکوشتن لە کۆمەڵگاکانیاندا زیاتر دەبێت و زانستی پێشکەوتووی پزیشکی هیچ چارەسەرێك بووی نابینێتەوە.

هەر بۆیەش **لای هەموو مرۆڤێکی ژیر مەحاڵە کە بە لەیەك جیاکردنەوەی:**

* (دین) و
* (ژین)

کێشەکان چارەبکرێن، **بەڵکو گەورەترین کێشە ئەوەیە کە:**

* پرۆژەی چاکسازی، وەکو تاکە پرۆژەی چارەسەری نەڕوانێتە ئیسلام.
* یان گەندەڵی بە ئیسلام بکات، لەپاڵ گەندەڵی سیاسی و ئابووری!

پەروەردگار لە وەڵامی ئەوانەی ئەم هزرەیان هەیە دەفەرمێت: ﴿أَفَحُكْمَ ٱلْجَـٰهِلِيَّةِ يَبْغُونَ ۚ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ ٱللَّهِ حُكْمًا لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ﴾[٢] واتە: چ نەفامییەکە! خەڵکانێك پشت لە حوکم و فەرمانڕەوایی خودا بکەن، خوازیاریش بن بۆ حوکم و فەرمانڕەوایی هەواو هەوەس و نەفامی!؟ ئەگەر کەسێك جوان بیربکاتەوە، هەست بە گەورەیی خودا بکات، دەزانێ هیچ حوکمێك لە حوکمی خودا باشتر نییە.

---

(١) ينظر: ترجمته في تأريخ دمشق (٤٨\٨٦ ـ ١٨٢)

(٢) المائدة: ٥٠

سێیەم:

لەگەڵ هزری داعش و بەداعش بوونی گە نجان!

بنەماکانی شەڕانگێزی بۆ دوو هۆکار دەگەڕێنەوە:

* یەکەمیان: خراپە لە تێگەیشتندا(سوء الفهم).
* دووەمیان: خراپە لە نییەتدا(سوء القصد).

دەتوانین بە ئاوێتەکردنی ئەم دوو هۆکارە، هوکاری سێیەمیش دەستنیشان بکەین ئەویش:

* شوێنکەوتنی دەنگۆ بەبێ بەدواداچوونی زانستی لە ڕاستی و ناڕاستی دەنگۆیەکە.

ئەم سێ هۆکارە لەسەر خەوارجەکانی ئەم سەردەمە ـ داعش ـ جێگیر دەبن، بەڵکو لەسەر هزری خەوارج جێگیر دەبن لە هەموو سەردەمێك.

لە ژیاننامەی پێغەمبەرماندا(صلى الله عليه وسلم) ئاماژە کراوە بەم بنەمایانەی شەڕانگێزی، بۆئەوەی موسڵمان لێیان بە ئاگا بێت، وەك لەم دوو فەرموودەیەدا بە ڕوونی دیارە:

١ ـ عن عليٍ (رضي الله عنه) « يَأْتِى فِى آخِرِ الزَّمَانِ قَوْمٌ حُدَثَاءُ الأَسْنَانِ ، سُفَهَاءُ الأَحْلاَمِ ، يَقُولُونَ مِنْ خَيْرِ قَوْلِ الْبَرِيَّةِ ، يَمْرُقُونَ مِنَ الإِسْلاَمِ كَمَا يَمْرُقُ السَّهْمُ مِنَ الرَّمِيَّةِ ، لاَ يُجَاوِزُ إِيمَانُهُمْ حَنَاجِرَهُمْ ، فَأَيْنَمَا لَقِيتُمُوهُمْ فَاقْتُلُوهُمْ ، فَإِنَّ قَتْلَهُمْ أَجْرٌ لِمَنْ قَتَلَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ »[١].

---

(١) متفقٌ عليه

٢ ـ عن أبي سَعِيدٍ الْخُدْرِيَّ (رضى الله عنه) قَالَ بَيْنَمَا نَحْنُ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم وَهْوَ يَقْسِمُ قَسْمًا أَتَاهُ ذُو الْخُوَيْصِرَةِ - وَهْوَ رَجُلٌ مِنْ بَنِى تَمِيمٍ – فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ اعْدِلْ . فَقَالَ « وَيْلَكَ ، وَمَنْ يَعْدِلُ إِذَا لَمْ أَعْدِلْ قَدْ خِبْتَ وَخَسِرْتَ إِنْ لَمْ أَكُنْ أَعْدِلُ »[١] .

جێی شاهێد لە فەرموودەی یەکەم:

لە فەرموودەی یەکەمدا پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) وەسفی خەوارج ـ داعشەکانی ئەمڕۆ ـ دەکات بە: «سُفَهَاءُ الأَحْلاَمِ» واتە : کەم عەقل و نەفام، ئەمەش ئاماژەیە بۆ خاڵی یەکەم (خراپ لە تێگەیشتن).

جێی شاهێد لە فەرموودەی دووەم:

فەرموودەی دووەم باس لە یەکەم دەرکەوتنی خەوارج دەکات، کە لە ئاستێکی توندڕەوی ئایینیدان بوون، یەکەمەکەیان (ذي الخويصرة)، پێغەمبەری خودا(صلى الله عليه وسلم) تاوانبارەکات بە نادادپەروەری! پێی دەڵێت: «يَا رَسُولَ اللَّهِ اعْدِلْ»!.

جێی شاهێد لەمەدا ئەوەیە کە یەکەم خەوارج کاتی دابەشکردنی دینار و دەرهەمی دونیا بەخەبەرهاتووە و قسەی کردووە! قسەکانیشی لە سەر دابەشکردنی ماڵی دونیا بووە، نەك بیروباوەڕ یان شتێکی تر!

لەم دوو خاڵەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە کەسایەتی مرۆڤی خەوارج، لە سەر دوو قاچ هەڵدەستێتە سەر پێ :

یەکەمیان: سوکی عەقل.

دووەمیان: خۆشەویستی دونیا.

---

(١) متفقٌ عليه.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەوەی باسکرا، لەسەر دوو ڕووداوی مێژوویی دەوەستین کە دوو گفتوگویە:

یەکەمیان: لەنێوان خەوارجێك و خەلیفەی موسڵمانان عبدالله المأمون.

دووەمیان: لە نێوان خەوارجێك و زانای ناودار حەسەنی بەصری.

دەقی گفتوگۆی یەکەم لەنێوان خەوارجێك و خەلیفەی موسڵمانان عبدالله المأمون :

((**أُدخل رجل من الخوارج على المأمون، فقال: ماحملك على خلافنا**؟ پیاوێکی خەوارج هێنایان بۆ بەرامبەر مأموون. لێی پرسی : بۆچی دژایەتیمان دەکەی؟

قال: آيةٌ في كتاب الله تعالى. ئەویش گوتی: لەبەر ئایەتێکی قورئانی پیرۆز

قال: وما هي؟ کام ئایەت؟

قال: قوله: ﴿وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ﴾[1]. ئەو ئایەتەی کە دەفەرمێت : هەرکەس حوکم بە قورئان نەکات، لە کافران دەژمێردرێت.

فقال المأمون: ألك علمٌ بأنها منزلة؟ تۆ زانای بەوەی کە ئەوەی باست کرد ئایەتی قورئانە؟

قال: نعم . بەڵێ

قال : وما دليلك؟ بەڵگەت چییە؟

قال: إجماع الأمة. هاوڕایی هەموو ئومەت .

---

(١) المائدة:٤٤.

قال: فكما رضيت بإجماعهم في التنزيل، فارض بإجماعهم في التأويل. چۆن بە هاوڕایی هەموو ئومەت ڕازیت کە ئەوەی کردووتە بەڵگەی ئایەتی قورئانە، بە هاوڕایی هەموو ئومەت ڕازیبە لەسەر تەفسیرەکەشی، کە مەبەست کوفری گچگەیە نەك کوفری گەورە))[١].

فبهت الخارجي وتاب وسَلَّم عليه بالإمارة خەوارجەکە دانی نا کە بەهەڵە لە ئایەتەکە تێگەیشتووە، تەوبەی کرد و سەلامی لە (مأمون) کرد بە: میری موسڵمانان .

جێی شاهێد لەم گفتوگۆیەدا، کە لە لاپەڕەکانی مێژووی موسڵماناندا دووبارەدەبێتەوە، بە هەڵە تێگەیشتن لە دەقی شەرعیدا، گەورەترین هۆکاری گۆمڕاییە، لە هەمانکاتدا ئاسانترین چارەسەری هەیە ئەویش گەڕانەوەیە بۆ زانایان و پسپۆران ﴿فَسْـَٔلُوٓاْ أَهْلَ ٱلذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾[٢] ئەمەش هۆی تەوبەی خەوارجەکە بوو لە سەر دەستی مأمون[٣].

بەڵام کاتێ هۆکارەکە بێجگە لە بەهەڵە تێگەیشتن، پەیوەندی بە خراپەی نییەتەوە هەبێت، سەرپێچیکار خاوەن هەواو هەوەس و دونیا بێت، حەزی لە تێگەیشتن نەبێ، ئەمە زۆر ترسناکە وەك لەم گفتوگویەی نێوان حەسەنی بەصری و کەسێکی (خوارج)دا هاتووە:

---

(١) تأريخ بغداد (١٠\١٨٦ الطبعة القديمة)

(٢) النحل:٤٣ و الأنبياء:٧

(٣) تەوبەکردنی کەسی تووشبوو بە هزری خەوارج دەگمەنە، بەڵام هەیە، بۆیە واباشە دەزگاکانی ئاسایش کەسی پسپۆریان هەبێت لە بواری شەرعیدا، کاتێ لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەوکەسانە دەکەن کە تووشی هزری توندڕەوی بوون، زۆر لەمانەش تەمەنیان خوار بیست ساڵە، ئەمانە گەڕاندنەوەیان ئاسانە بە بەڵگەی شەرعی، کە باشترین ڕێگایە بۆ نەهێشتنی ئەم هزرە توندڕەوە.

دەقی گفتوگۆی دووەم لە نێوان خەوارجێك و زانای ناودار حەسەنی بەصری:

((**أتى رجلٌ من الخوارج الحسن البصري فقال له: ما تقول في الخوارج؟** پیاوێکی خەوارج هاتە لای حەسەنی بەصری لێی پرسی: خەوارجت پێ چۆنن؟

قال: هم أصحابُ دُنْيا. گوتی: خەوارج دونیا ویستن!

قال: ومن أين قلت! و أحدُهُم يَمْشي في الرُّمح حتى ينكسر فيه، و يخرج من أهله و ولده. گوتی: چ بەڵگەیەکت هەیە لە سەر ئەمە؟ لە کاتێکدا کەسێکیان بە ڕمەکەی شەڕدەکات تاوەکو تێکدەشکێت، ماڵ و منالی بە جێدەهێڵێت لەم پێناوەدا!؟

قال الحسن: حدِّثني عن السلطان، أيمنعك من إقامة الصلاة، و إيتاء الزكاة، و الحج و العمرة؟ پێم بڵێ دەسەڵات، ڕێگریت لێدەکات لە نوێژ کردن و زەکات دان و حەج و عومرە؟

قال: لا. ـ گوتی: نەخێر ـ

قال ـ أي الحسن ـ : فأراهُ إنّما منعك الدُّنيا فقاتلتَهُ عليها! ـ کەواتە شەڕی دەسەڵات دەکەی لە پێناو وەرگرتنی سەروەت و سامان و پلەو پایەی دونیا!))[1] .

جێی شاهێد لەم گفتوگۆیە دیارە، شۆڕشەکەی خەوارج دژی دەسەڵات، شۆرشێکی سیاسییە لە سەر ماڵی دونیا، بەڵام دین دەکرێتە پاساو، گەنجی نەفامیش بەزۆری ئەوانەی باری داراییان خراپە و لە ئیسلام تێنەگەیشتوون، بە دروشمی جیاجیا بەناوی: قورئان و فەرموودە و منهاج النبوە و خەلافەت، هەڵدەخەڵەتێ!.

(١) البصائر و الذخائر(١\١٨٥)

ئەمە لەگەڵ هەبوونی جیاوازییەکی زۆر لە نێوان خەوارجەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ کە لەم ڕۆژگارە بەناوی داعش دەرکەوتوون! ـ سبەی بەناوێکی تر ـ ئەویش دەستی ڕەشی زلە دەزگا هەواڵگەریەکانی دونیا، کە زەوی و چەکیان بۆ بەجێ دەهێڵن، بۆ مەرامەکانیان بەکاردێنن لە چەوساندنەوەی گەلان و ناشرینکردنی ئیسلام لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن[١].

ئەمە لە کاتێکدا کە ئەوەی کەمێك ئاشنابوونی هەبێت لەگەڵ زانستە ئیسلامییەکان دەزانێت کە ئیسلام دینی(سند)[٢]ە، گواستنەوەی فەرمودەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەگەر سەنەدەکەی تەنها یەك کەسی نەناسراو(مجهول)[٣]ی تیادابێت وەرناگیرێت، کاری پێناکرێت، ئەی دەبێ چۆن خەلافەتی پێغەمبەرمان(صلى الله عليه وسلم) لە کەسێکی نەناسراو(مجهول) وەربگرین؟!

ئەمەش هۆکاری سێیەمی گومڕابوونە، کە پێویستە گەنجانمان لێی ئاگادار بکرێنەوە، شوێنکەوتەی درۆشمی جیاجیا نەبن بەناوی ئیسلام و بەناخی کوفر. قورئانی پیرۆز موسڵمانان لەم کارە ترسناکە ئاگادارەکاتەوە بە دوو شێوە کە کۆلەکەی زانستن:

یەکەمیان(نقلٌ مصدق): تەئکید کردن لە ڕاستی هەواڵەکان.

دووەمیان(بحثٌ محقق): تێگەیشتنی دروست بۆ هەواڵەکان[٤].

---

(١) بروانە: ژمارەی یەکەمی گۆڤاری ئەیووبی لاپەرە:١٠٩

(٢) الإسناد: هو طريق متن الحديث. و هو من خصائص الأمة الإسلامية. ينظر: كتاب الإسناد من الدين ص١١ وما بعده لشيخ عبدالفتاح أبو غدة.

(٣) ينظر: مباحث المجهول و المبهم في كتب المصطلح من ذلك: تدريب الراوي لسيوطي، و فتح المغيث شرح ألفية الحديث لسخاوي. و ص١٧٠ ـ ١٧١ من كتاب الحديث الضعيف و حكم الإحتجاج به لشيخ عبدالكريم الخضير.

(٤) قال شيخ الإسلام: العلم نقلٌ مصدق أو بحثٌ محقق ينظر: الرد على الإخنائي (١\٣٨٦) و مقدمة التفسير (ص٨٥،٧٣) و الرد على البكري(٢\٦٢٨).

*سەبارەت بە کۆلەکەی یەکەم، پەروەردگار دەفەرمێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن جَآءَكُمۡ فَاسِقُۢ بِنَبَإٖ فَتَبَيَّنُوٓاْ أَن تُصِيبُواْ قَوۡمَۢا بِجَهَٰلَةٖ فَتُصۡبِحُواْ عَلَىٰ مَا فَعَلۡتُمۡ نَٰدِمِينَ﴾[1]. واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، ئەگەر کەسێکی متمانە پێنەکراو هەواڵێکی هێنا ـ وەکو زۆربەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەمڕۆ، کە هەریەکەیان بۆ لایەنێك کاردەکات! ـ خێرا بڕوای پێ مەکەن، نەوەکو گیروگرفت بۆ خەڵکێك دروست بکەن بەنەزانین، ئەمەش پەشیمانییەکی بەدوادادێت کە چارەی نییە، چونکە گەڕاندنەوەی مافی خەڵك وەکو خۆی ئەستەمە.

*سەبارەت بە کۆلەکەی دووەمیش پەروەردگار دەفەرمێت: ﴿وَإِذَا جَآءَهُمۡ أَمۡرٞ مِّنَ ٱلۡأَمۡنِ أَوِ ٱلۡخَوۡفِ أَذَاعُواْ بِهِۦۖ وَلَوۡ رَدُّوهُ إِلَى ٱلرَّسُولِ وَإِلَىٰٓ أُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنۡهُمۡ لَعَلِمَهُ ٱلَّذِينَ يَسۡتَنۢبِطُونَهُۥ مِنۡهُمۡۗ وَلَوۡلَا فَضۡلُ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَرَحۡمَتُهُۥ لَٱتَّبَعۡتُمُ ٱلشَّيۡطَٰنَ إِلَّا قَلِيلٗا﴾[2]. واتە: (ئەی بڕواداران، هەرکاتێك هەواڵێکی باشە و ئاسایش، یان خراپ و نەخوازراو گوێبیستی بوون، نەکەن بڵاوی بکەنەوە! بەڵکو بیگەڕێننەوە بۆ لای پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)، پاشی ئەویش بۆ کەسی پسپۆر و شارەزا، چونکە ئەوان دەزانن چاکە و خراپەی دەرئەنجامی هەواڵەکە لە هەواڵەکە وەربگرن بەژیری و دانایی خۆیان، ئەوجا ئەگەر هەواڵەکە چاکەی هەبێت بڵاوی دەکەنەوە و ئەگەر خراپەی هەبێت چۆن پێویستە بەو شێوەیە ڕێگا دەگرنەبەر بۆ کەمکردن و نەهێشتنی دەرئەنجامە خراپەکانی.

---

(١) الحجرات:٦.

(٢) النساء:٨٣

ئەمە ڕێگای خودایە و ئەگەر چاکە و ڕەحمەتی خودا نەبا بەسەرتانا، ئەوا شوێنکەوتەی ڕێچکەکانی شەیتان دەکەوتن و فیتنەو ئاشوبتان دروست دەکرد بە:

* شوێنکەوتنی هەواڵەکان پێش تەئکید کردنیان،
* کارپێکردنی هەواڵەکان پاش خراپ تێگەیشتنیان!)

ئەگەر ئەمەمان زانی، ئەوا خراپەی داعش و شوێنکەوتووانی، تیرۆری داعش و هاوشێوەکانیان لەسەر شارستانیەت و ئیسلام و ئینسان بە جوانتر ڕوون دەبێتەوە، کە خەڵکانێکی نەناسراون و کاری کوشتن و وێرانکردن ئەنجامدەدەن:

* دژی ئەهلی سوننە بەناوی ئیسلام و سوننەت!
* دژی ئینسان بەناوی خوداپەرستی و ئیمان!
* دژی شارستانییەت بەناوی (منهاج النبوة) و خەلافەت!

ڕاستی فەرمووە پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) : (إن أُناساً مِنْ أُمَتِي يَشْرَبونَ الخَمْرَ، يُسَمُونَهَا بِغَيرِ اسْمِهَا)[1] واتە: خەڵکانێکی ئوممەتی ئیسلام عەرەق دەخۆنەوە، بە پاساوی گۆڕینی ناوی.

داعشەکانی ئەمڕۆش کردەوەی کوفر ئەنجام دەدەن[2] لە کوشتن و بڕین و کاوڵکردنی شار و دێهاتەکانی موسڵمانان، وڵاتانی خاوەن پەیمان لەگەڵ موسڵمانان بەناوی جیهاد، بەکورتی قەباحەت دەکەن بەناوی خەلافەت! بۆ زڕاندنی ناوی ئیسلام، وەك دەبینین بۆیە

(١) أخرجه أحمد في مسنده(٢٩\٦١٥ ط: المؤسسة) و غيره.

(٢) قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم) في خطبته البليغة عام حجة الوداع موصياً أُمته: ((لا ترجعوا بعدي كفاراً يضربُ بعضكم رقاب بعض)) متفقٌ عليه. وفيه أن القتل و ضرب الرقاب صفة الكفار و ليس صفة المسلمين.

ئاگادارکردنەوەی گەنجی موسڵمان لە درۆشمە درەوشاوەکانی ئەم گرۆپە نەناسراوە ئەرکی هەموو موسڵمانێکە، بە تایبەت ماموستا ئایینییەکان پێویستە لە سەریان موسڵمانان لە هزری تیرۆر ئاگاداربکەنەوە، بە تایبەت تیرۆری داعش، کە ئەمڕۆ لە ناویدا دەژین، سبەی بەناوێکی تر دەردەکەوێت! ئەم ئاگادارکردنەوەیەش لە زۆر ڕوویەوە ئەنجامدەدرێت، لەوانە:

* موسڵمانان ئاگاداربکەنەوە کە داعش دەزگایەکی نەناسراو و نامۆیە بەناوی ئیسلامەوە، هیچ زانایەکی موسڵمانانی لەگەڵ نییە[١]، بەڵکو گشتیان دژی ئەم دەزگایە ترسناکەن.

* موسڵمانان لەو کەسانە ئاگاداربکەنەوە، کە داعش بە ئیسلامێکی ڕاستەقینە دادەنێن، لە ڕێگای داعش و هاوشێوەکانی دژایەتی ئیسلام دەکەن.

* موسڵمانان ئاگاداربکەن، کە داعش درێژەی بیری خەوارجەکانە، بەڵام بە شێوازێکی ترسناکتر، چونکە بە پێی داو و پیلانی دوژمنانی ئیسلام کاردەکات، بە ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ، وەکو قوناغێکی نوێی دژایەتی کردنی ئیسلام، کە مەبەست لێی ناشرینکردنی ئیسلامە لە جیهاندا، بەتایبەت جیهانی ئەوروپی و ئەمریکی، پاش ئەوەی بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە وڵاتەکانی ئەوروپاو ئەمریکا پەرەی سەند[٢].

---

(١) بهذا احتج ابن عباس (رضي الله عنهما) على الخوارج واستفتح به حواره معهم لما اجتمعوا في حروراء ضد أمير المؤمنين على (رضي الله عنه)، قال لهم: (ليس فيكم من أصحاب رسول الله صلى الله عليه وسلم أحدٌ) ينظر: السنن الكبرى لنسائي (٥\١٦٥ ـ ١٦٧).

(٢) ينظر: مقدمة محمود شاكر لكتابه (المتنبي ص٥ ـ ١٨٦) و مراحل الصراع بين المسيحية الشمالية و الإسلام، و الطرق الجديدة في محاربة الإسلام خاصةً بعد فتح القسطنطينية(أستنبول) ـ ٢٠جماد الآخر٨٥٧ \

* موسڵمانان ئاگاداربکەن، کە هزری داعش، بە عەلمانیەت وەڵام نادرێتەوە، چونکە لە هۆکارەکانی دروست بوونی داعش و هاوشێوەکانی لەم سەردەمەدا هزری عەلمانیەت بوو لە وڵاتی موسڵمانان! بەڵکو بە قورئان و فەرموودە و هاوڕایی زانایانی ئیسلام وەڵامی هزری داعش و هاوشێوەکانی دەدرێتەوە، ئەمە شەڕی ڕاستەقینەی داعشە، نەك تەنها شەڕی چەك.

* موسڵمانان ئاگاداربکرێنەوە کە شەڕی چەکداری دژ بە داعش و هاوشێوەکانی، شەڕێکی ڕەوایە و پاراستنی ئاوەدانییە دژی کاوڵکاری، لەم بارەیەوە پێشمەرگە وشیاربکرێت، بە ڕۆشنبیرییەکی ئیسلامی، کە ئەوان هەڵگری پەیامی ئیسلامن لە بەرگریدا، داعش هەڵگری پەیامی ستەمکارییە لە دەست درێژیدا.

* دروستکردنی ڕۆشنبیری گەشبینی(التفائل) لە ناوموسڵماناندا، کە پیلانی داعش و هاوشێوەکانی سەرناگرێت، بەڵکو بەسەر دەستە ڕەشەکانی پشت داعش و هاوشێوەکانیدا دەشکێتەوە، وەکو هۆکارێك بۆ بڵاوبونەوەی ئیسلام دەگەڕێتەوە، چونکە دینی خودایە! خودای پەروردگار لەباسی پیلان دارێژی دوژمنانی دینەکەی دەفەرمێت : ﴿وَقَدۡ مَكَرُواْ مَكۡرَهُمۡ وَعِندَ ٱللَّهِ مَكۡرُهُمۡ وَإِن كَانَ مَكۡرُهُمۡ لِتَزُولَ مِنۡهُ ٱلۡجِبَالُ﴾[1] واتە: پیلان دارێژی دوژمنانی ئیسلام، ئەوەندە گەورەیە چیا ئەتاوێنێتەوە، لە پیلان دارشتنیشدا بەردەوامن، بەڵام پیلانەکانیان لەبن دەسەڵاتی خودایە.

٢٩مایو ١٤٥٣ـ. و كن على يقين على أن داعش ومن على شاكلتها ليس إلا مرحلة أخرى من مراحل ذلك الصراع، ولكن في هذه المرحلة المكر أشد، فهو بأسم الإسلام على الإسلام! و لله عاقبة الأمور.

(١) إبراهيم: ٤٦

لەپاشان خودای پەروەردگار وەبیر موسڵمانان دەخاتەوە کە پێغەمبەرەکانی سەردەخات بەسەر ئەوانەی ئەم پیلانانە دادەڕێژن و دەفەرمێت: ﴿ فَلَا تَحْسَبَنَّ ٱللَّهَ مُخْلِفَ وَعْدِهِۦ رُسُلَهُۥٓ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ ذُو ٱنتِقَامٍ ﴾[١]. واتە: هیچ کات وا هەست مەکەن کە پەروەردگار بەڵێنی ئەو سەرکەوتنەی کە بە پێغەمبەرانی داوە ناهێنێتە جێ! پەروەردگار ئەم بەڵێنە بە توانای خۆی دەهێنێتە جێ، تۆڵە لە دوژمنانی ئیسلام دەکاتەوە.

لە باسی کاتی ئەم تۆڵەسەندنە و سەرکەوتنە، پەروەردگار دەفەرمێت: ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا ٱسْتَيْـَٔسَ ٱلرُّسُلُ وَظَنُّوٓا۟ أَنَّهُمْ قَدْ كُذِبُوا۟ جَآءَهُمْ نَصْرُنَا فَنُجِّىَ مَن نَّشَآءُ ۖ وَلَا يُرَدُّ بَأْسُنَا عَنِ ٱلْقَوْمِ ٱلْمُجْرِمِينَ﴾[٢] واتە: کاتێك کە تەنانەت بە لێکدانەوەی پێغەمبەرانیش سەرکەوتن زەحمەتە! و هەست بە بێزاربوونێك دەکەن، لەبەر لاوازییان و باڵادەستی دوژمنانیان، ئەوکات خودا سەرکەوتنیان پێ دەبەخشێ و دوژمنانیان لەناو دەبات!. ئەم سەرکەوتنەش:

* بۆ پێغەمبەرانە.
* بۆ پەیامەکەیانە.
* بۆ شوێنکەوتووانیشیانە کە پەیامەکەیان سەر دەخەن.

پەروەردگار بۆ ئەم مانایانە بانگەوازی بڕواداران دەکات و دەفەرمێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِن تَنصُرُوا۟ ٱللَّهَ يَنصُرْكُمْ﴾[٣].

---

(١) إبراهيم: ٤٧.
(٢) يوسف: ١١٠.
(٣) محمد: ٧.

واتە: ئەی بڕوادارانِ هەرکات ئێوە پەیامی خودا سەربخەن، لە پاداشتی ئەمە خودا سەرتاندەخات.

ئەمەش خۆی لەخۆیدا وانەیەکی بیرو باوەڕە کە:

* مرۆڤ فێری هەستکردن بکات بە گەورەیی ناو و سیفەتەکانی خودا.
* مرۆڤ فێر بکات کە سەرکەوتن تەنها لە خوداوەیە، ڕێگاکەی تەنها پابەندبوونە بە پەیامی خودا.
* مرۆڤ فێر بکات کە بە گەشبینی بژیت، بزانێت سەرکەوتن بۆ پەیامی پێغەمبەران (علیهم السلام) و هەڵگرانی ئەم پەیامەن.

لە کۆتاییدا گەشبینین بەوەی کە ئەم وانەیەی گەشبینی کۆتا بابەتی ئەم ژمارەیەی گۆڤارەکەمانە.

داواکارین لە پەروەردگار کە ئەوەی نووسراوە لەم لاپەڕانەدا تەنها لە پێناوی ئەو دابێت، ئەوەی ئەم لاپەڕانەش دەخوێنێتەوە تەنها لەپێناوی ئەو دا بخوێنێتەوە، تاوەکو لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارە چرایەك بن بۆ ڕێگای ڕووناکی ئیسلام.

چەند ڕێنماییەك لە دەستەی بەڕێوەبردن و دەرهێنانی گۆڤاری ئەیووبی بۆ خوێنەران و نووسەران

١ ـ گۆڤاری ئەیووبی دەرگای والایە بۆ بڵاوکردنەوەی هەر بابەتێك (شەرعی، مێژوویی، زمانەوانی، ئەدەبی ، پەرەپێدانی مرۆڤی .... هتد) بەمەرجێك بابەتەکە خزمەتکاربێت بۆ چوار ئامانجی گۆڤارەکەمان.

٢ ـ نووسەر پابەندە بەم ڕێنماییانە:

- بابەتەکەی سەربەخۆ بێت، هیچ مۆرێکی حیزبی و دەمارگیری مەزهەبی پێوە نەبێت.
- ئەو بابەتانەی هانی پێکەوەژیان دەدەن، دژایەتی تیرۆر و توند ڕەوی دەکەن، بە پێش بابەتەکانی دیکە دەکەون لە ڕێزبەندی بڵاوکردنیان.
- بابەتەکان زانستی بن، نووسەر ئاماژە بۆ سەرچاوەکانی بکات، بە: (ناوی سەرچاوە، چاپەکەی، ژمارەی بەرگەکەی، لاپەڕەکەی) لە پەراوێزی خوارەوەی هەمان لاپەڕەدا.
- ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز ئەگەر لە بابەتەکەدا هەبن، بە رسمی موصەحف نووسرابن، تەخریجێکی کورت و زانستی بۆ فەرمودەکان کرابێت.
- بابەتەکە لە یەك لای (A٤) نووسرابێت بە فونتی (شەریف sharif) قەبارە (١٨) لە ناوەڕۆك، و قەبارە(١٤) لە پەراوێز، بەینی خەتەکان (١,١٥سم) بێت، هامشی ستوون لە هەردوو لاوە(٢سم) بەجێ مابێ، بەم شێوەیە بابەتەکە لە (٤٠) لاپەڕەی(A٤) زیاد نەکات.

- دەکرێت بابەتەکە وەرگێڕان بێت، ئەوکات وەرگێڕ پابەند نییە بە ژمارەی لاپەڕەکان، بەڵام پابەندە بەوەی کە ڕوخسەتی لە خاوەن بابەتەکە یان میراتگرانی وەرگرتبێ ئەگەر لە ژیاندابن.
- بابەتەکە پێشتر بڵاونەکرابێتەوە.
- هەر بابەتێك لە گۆڤاری ئەیووبی بڵاوبکرێتەوە، دەبێتە مولکی گۆڤارەکە، بۆ دەستەی بەڕێوەبردنی گۆڤارەکە هەیە بەبێ ڕەزامەندی نووسەر بابەتەکەی بە جیا بڵاوبکاتەوە.
- گۆڤاری ئەیووبی هیچ بەخششێکی ماددی نابەخشێ بە نووسەرانی خۆی بەرامبەر بە بابەتە بڵاوکراوەکانیان.
- نووسەری بابەتەکە بە دوو نوسخە: (چاپکراو لەسەر A٤، لەگەل نوسخەی CD) لەگەل (وێنەی ناسنامەی و ژمارەی موبایلەکەی) لە ڕێگای هەر دەزگایەکی بڵاوکردنی گۆڤارەکەمانەوەبێت، بە دەستەی زانستی گۆڤارەکە دەگەیەنێت.

٣ ـ دەستەیەکی تایبەت لە شارەزایان هەڵدەستێت بە هەڵسەنگاندنی بابەتەکان و بڕیار لە سەر پەسەندکرنیان دەدات :

- ئەگەر بابەتەکە پەسەند کرا، ئەوا بۆ دەستەی بەڕێوەبردن و دەرهێنانی گۆڤارەکە هەیە، بابەتەکە بۆ چەند بەشێك دابەشی بکەن لە کاتی بڵاوکردنەوەیدا، تاوەکو لە چەند ژمارەیەکدا بڵاوبکرێتەوە.
- ئەگەر بابەتەکە پەسەند نەکرا، ئەوا گۆڤارەکە پابەند نییە، بابەتەکە بۆ خاوەنەکەی بگەڕێنێتەوە، تەنها ئاگاداری دەکاتەوە.

- ئەگەر بابەتەکە جێی چەند ڕەخنەیەکی کەم بێت، ئەوا پاش وەڵامدانەوەیان لە لایەن نووسەرەوە ، بە چاککردنەوە یان قەناعەت پێکردنی دەستەی زانستی، پەسەند دەکرێت.

٤ ـ دوا بڕیاری بڵاوکردنەوەی بابەتەکان بۆ سەرنووسەر دەگەڕێتەوە، سەرنووسەر بەرپرسیارە لە هەر وشەیەك لە لاپەڕەکانی گۆڤاری ئەیووبی بڵاوکرابێتەوە. بەرپرس نییە لە کەسایەتی نووسەر.

٥ ـ گشت کاربەدەستانی گۆڤاری ئەیووبی، خۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕن بۆ هەر ڕەخنەیەکی بنیات نەر، ئاڕاستەی گۆڤارەکە بکرێت و بە هەند وەریدەگرن.

خودا پشت و پەنای هەموو لایەك بێت.

آمین

والحمدُ للهِ الذي بنعمتهِ تتمُ الصالحات



مکتبة صلاح الدین
Salahaddin Bookshop
التفسیر
مکتبة محوی
چاپ و پەخشی نارین